تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

کەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5843) دووشەممە 7ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

بانکی ناوەندیی عێراق: خۆپێشاندانەکانی بەغدا کاریگەریی لەسەر ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان نابێت

عابد سالح، بەڕێوەبەری گشتیی لقی هەولێری بانکی ناوەندیی عێراق بە خەباتی راگەیاند: خۆپیشاندانەکانی عێراق کاریگەرییان لەسەر مووچە نابێت.

هەروەها تەئکیدی کردەوە: هیچ مەترسییەک لەسەر ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە نییە، خۆپیشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی عێراقیش کاریگەری لەسەر ناردنی مووچەی فەرمانبەران دروست ناکات.

بە گوتەی عابد سالح، بەردەوام پارەی پێویستیان لە لقی هەولێری بانکی ناوەندی هەیە، گوتیشی: مانگانە وەزارەتی دارایی عێراق، لە 15 بۆ 21ی مانگ فەرمانی خەرجکردنی پارەکە دەنێرن، ئێمەش پارەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەدەینە وەزارەتی دارایی هەرێم. چەند رۆژێکە خۆپیشاندان بەغدا و زۆرێک لە پارێزگاکانی عێراقی گرتووەتەوە، کە بە دەیان کەس کوژراون و هەزاران کەسیش بریندارببوون.

هێزی تایبەتی کریستیانەکان لە دەشتی نەینەوا جێگیر کراوە

2

کاکەمین نەجار: پارتی لەگەڵ یەکێتیدا هیچ کێشەیەکی نییە

پاڕێزگاری کەرکووک دەبێ لە ئەنجوومەن دەنگی لەسەر بدرێت و بەغداش پەسەندی بکات



لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکا، کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە پارتی پابەندە بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی، سەبارەت بە پۆستی پارێزگاری کەرکووک، هەروەها باس لە پێدانی دەسەڵات بە قوباد تالەبانی وەک جێگری سەرۆکی حکوومەت دەکات بەپێی یاسا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هەولێر.. کۆبوونەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بەڕێوەچوو



نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی، محەمەد جەلیل گوتی: ئێمە جەخت لە پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان دەکەینەوە و داواش دەکەین هاونیشتمانییان بەدەم پرۆسەی بایۆمەترییەوە بچن بۆ ئەوەی بتوانن دەنگ بدەن و بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن.

دوێنێ یەکشەممە، 22 لایەنی بەشدار لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی جگە لە یەکگرتووی ئیسلامی کۆبوونەوەیەکیان لە هەولێر ئەنجامدا و دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا تەوەر و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە خرایەڕوو.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

سیروان ڕۆژبەیانی: هاوپەیمانیی کوردستانی کاریگەریی لەسەر کۆکردنەوەی دەنگی کورد دەبێت

زۆرینەی لایەنەکانی کورد بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بەشداری لە هەڵبژاردنی مانگی نیسانی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا دەکەن و بەڕێرسێکی کوردیش پێیوایە، هاوپەیمانیی کوردستانی کاریگەریی لەسەر دەنگی کورد دەبێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

مەیادە نەجار: ڕەوشی عێراق تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق دەبێت

پەرلەمانتارێکی فارکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق لەبارەی ئامادەبوونی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان ڕایگەیاند تا ئێستا هیچ بڕیارێک نییە بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی عێراق. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



خۆپێشاندەرانی ناسرییە ئاگریان بەردایە بارەگای پارتەکان و حەشدی شەعبی

سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند، لە میانی خۆپیشاندانەکاندا خۆپیشاندەران لە شاری زیقار باشوور عێراق ئاگریان لە نۆ بارەگای حزبی شیعە و گرووپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی، هەروەها کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی بەرداوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

دانا شەهید جەزا: دەبێت سیاسەتمەدارانی عێراق تووڕەبوونی خەڵکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی بقۆزنەوە


دانا شەهید جەزا، ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، خۆپیشاندانەکانی عێراق هیچ کاریگەرییەکی نابێت بۆ سەر ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، چونکە تاوەکو 2019/12/31 مووچەی فەرمانبەران وەکو پشکی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام ڕەنگە کاریگەری لەسەر بودجەی ساڵی 2020 هەبێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



ڕەوەندەکان دەگەڕێنەوە

ڕەوەندە ئاژەڵدارەکان کە بە مەبەستی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان لە وەرزی هاویندا ڕوویان لە کوێستانەکانی وان کردبوو، لەگەڵ ساردبوونی کەشوهەوادا دەستیان کردووە بە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان کە چەند مانگێک دەخایەنێت. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

ئایا ڕاستە هەر هەموو هەسارەی زەوی بۆماوەی شەش ڕۆژ تاریک دادێت؟



لە ساڵی 2012، هەواڵ و ڕۆپاگەندەیەکی نەوەک نێوەخۆیی، بەڵکو جیهانیی بووە هۆی نانەوەی دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقێنێکی زۆر لەنێو خەڵکیدا، گوایە بە پێی ڕۆژ ژمێری (مایا) یی کۆن، لە 2012.12.21 دونیا کۆتایی پێدێ و زەوی لەناودەچێ!

(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)

کاکەمین نەجار:

پارتی لەگەڵ یەکێتیدا هیچ کێشەیەکی نییە

پارێزگاری کەرکووک دەبێ لە ئەنجوومەن دەنگی لەسەر بدرێت و بەغداش پەسەندی بکات

پارتی و یەکێتی لە حکوومەتدا تەواوکەری یەکدین



لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە پارتی پابەندە بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی، سەبارەت بە پۆستی پارێزگاری کەرکووک، هەروەها باس لە پێدانی دەسەلات بە قوباد تاڵەبانی وەک جێگری سەرۆکی حکوومەت دەکات بەپێی یاسا.

لەگەڵ یەکێتی هیچ کێشەمان نییە

لە سەرەتای گفتوگۆکەیدا کاکەمین نەجار لەبارەی هۆکاری دەستبەکارنەبوونی کاندیدی کوردەکان لە پۆستی پارێزگاری کەرکووک، دەڵێت: ئێمە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێککەوتین لەسەر کاندیدێک بۆ پارێزگاری کەرکووک، بەڵام وەک دەزانرێت پارێزگار دەبێت لە ئەنجوومەنی پارێزگا دەنگی لەسەر بدرێت، ئەگەرنا ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ پەشیمان نەبوینەتەوە و بەردەوامین لە ڕێککەوتنەکان.

سەبارەت بە دەسەلاتەکانی قوباد تاڵەبانی وەک جێگری سەرۆکی حکوومەت، بەپێی ئەو یاسایەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، کاکەمین نەجار گوتی: هیچ ڕێگریەک لە کاک قوباد و وەزیرەکان نەکراوە، بەڵام وەک دەزانرێت حکوومەت یاسا و ڕێسای خۆی هەیە بۆ کارکردن، دەسەلاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جیاوازە و دەسەلاتی جێگرەکەشی جیاوازە، ئەو دەسەلاتانەی کە بەپێی یاسا کاک قوباد وەک جێگری سەرۆکی حکوومەت هەیەتی، هیچ ڕێگریەک نییە بۆ ئەنجامدانی دەسەلاتەکانی خۆی بەپێچەوانەوە هاوکاری تەواویشی دەکەین، بەڵام بەپێی ئەو یاسایەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، دەسەلاتەکان دیاریکراون، ئەوەی لە یاسا بەدەر بێت، ئەوە شتێکی تر، ئەوەی یاسایی بێت پارتی پابەندە بە هەموو دەسەلاتەکانی کاک قوبادەوە.

کاکەمین نەجار ئەوشی ڕوونکردەوە وەک دەزانرێت حکوومەتی هەرێم حکوومەتی ئیئتلافییە، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە لە زاخۆ تا خانەقین و جێگرەکەشی بە هەمان شێوە، وەزیرەکانیش بە هەمان شێوە ئازادن لە مومارەسەکردنی دەسەلاتەکانی خۆیان، بەڵام ڕێنمایی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە کە پێویستە هەموو لایەک پابەند بن پێوەی. ئەوەشی گوتووە: خۆ هەر ئێمە و یەکێتی لەو حکوومەتەدا بەشدارنین، گۆڕان و پێکهاتەکانی تریش بەشدارن، حکوومەت یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، سەرۆکی حکوومەت دەبێت دەسەلاتی لە هەموو سنووری کوردستاندا هەبێت و جێگرەکەشی هەروا، ئێمە بەوە ڕازی نابین سەرۆکی حکوومەت بەس لە دهۆک و هەولێر دەسەلاتی هەبێت و جێگری سەرۆکی حکوومەتیش بە تەنها لە سلێمانی و هەڵەبجە دەسەلاتی هەبێت، کوردستان یەک حکوومەت و یەک کابینە و یەک پەرلەمانی هەیە، هەموومان پێکەوە کار دەکەین وە دەسەلاتەکانیش بەپێی یاسا دابەشکراون بۆ سەرۆکی حکوومەت و جێگر و وەزیرەکانیش.

کاکەمین نەجار لە کۆتایی قسەکانیدا گوتیشی ئەگەر قوباد تاڵەبانی نیگەران بێت، ئەوا ئێمە دانیشتن لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەکەین تا بزانین لە کوێ خەلەل هەیە چارەسەری دەکەین، هیچ خەلەلێک ناهێڵینەوە بەبێ چارەسەرکردن و ئێمە و یەکێتیش لەو حکوومەتە تەواوکەری یەکترین پێکەوە حکوومەت بەڕێوە دەبەین، لەگەڵ گۆڕان و لایەنەکانی تر ئەوانەی بەشدارن لە حکوومەت، هیچ نیگەرانییەک نابێت.

پابەندی ڕێککەوتنین لەگەڵ یەکێتی

کاکەمین نەجار دەڵێت: ئەگەر بڕوانە میژوو، پارتی هەمیشە پابەندی هەموو ئەو ڕێککەوتنانە بووە کە لەگەڵ لایەنەکان کردوویەتی و ئێستاش پابەندی ئەو ڕێککەوتنەیە کە لەگەڵ یەکێتی کردوویەتی، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە تەنیا ئیشە ئیداریەکەیە کە لای ئەنجوومەنی پارێزگایە دەستبکات بە گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنەکان بۆ لەسەر بدرێت، ئەگەرنا ئێمە بە تەنیا کوردی تێدا نییە، بەڵکوو تورکمان و عەرەبی تێدایە، دەبێت هەماهەنگی هەبێت لەو ڕووەوە، دەبێت ئەنجوومەنی پارێزگا دەنگی لەسەر بدات و بەغدایش پەسەندی بکات، ئێمە لەگەڵ یەکێتی هیچ کێشەمان نییە و ڕێککەوتووین بەڵام ماوەتەوە سەر ئەنجوومەن کە دەنگی لەسەر بدات و بەغدا پەسەندی بکات، ئەگەرنا کێشە نەماوە لە دانانی پارێزگارەکە.

هەولێر.. کۆبوونەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بەڕێوەچوو



نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی، محەمەد جەلیل گوتی: ئێمە جەخت لە پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان دەکەینەوە و داواش دەکەین هاونیشتمانییان بەدەم پرۆسەی بایۆمەتریییەوە بچن بۆ ئەوەی بتوانن دەنگ بدەن و بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن.

دوێنێ یەکشەممە، 22 لایەنی بەشدار لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی جگە لە یەکگرتووی ئیسلامی کۆبوونەوەیەکیان لە هەولێر ئەنجامدا و دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا تەوەر و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە خرایەڕوو.

بەشداری نەکردنی یەکگرتووی ئیسلامی لە کۆبوونەوەکەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەخنەیان لەسەر لۆگۆی هاوپەیمانییەتییەکە هەیە و داوایان کردووە دەستکاری بکرێت. لە نیوەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا، نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی، محەمەد جەلیل لە کۆنکرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: لە کۆبوونەوەکەدا قسەمان کردووە لەسەر بەرنامە و کاری لیست و دروشمەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، بێگومان کارنامەکە بریتی دەبێت لە سیاسی، دەستووری، ئەمنی، کارگێڕی، خوێندنی کوردی، ئابووری و خزمەتگوزارییەکان لە بواری جیاوازەکاندا.

محەمەد جەلیل گوتیشی: بەرنامەی لیستەکە ڕەنگدانەوەی خواستی هەڵک دەبێت و بەرنامەیەکی گشتگیرییش دەبێت، بەڵام تایبەتمەندی ناوچەکانی تیادا ڕەچاوکراوە، هێز و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە هاوپەیمانییەتییەکە ڕێژەیان لە زیادبوونداید و زیاتر لە 23 لایەن لە کورد، تورکمان و ئێزدی بەشداریانکردووە، ئێمە جەخت لە پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان دەکەینەوە، داواش دەکەین هاونیشتمانییان بەدەم پرۆسەی بایۆمەتریییەوە بچن بۆ ئەوەی بتوانن دەنگ بدەن و بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن.

ڕۆژی 2019/9/28 کۆبوونەوەیەک لە نێوان نۆ لایەنی کوردستانیی ئەنجامدرا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە پارێزگاکانی، کەرکووک، نەینەوا، دیالە و سەلاحەددین کە تیایدا بڕیاردرا بە یەک لیست لەژێر ناوی (هاوپەیمانی کوردستانی) بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەن. دواتر ڕۆژی 2019/10/1 پارێزگاری پێشووتری کەرکووک، عەبدولڕەحمان مستەفا، بەشداری کۆبوونەوەی حزبە کوردستانییەکانی لە مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری سلێمانی کرد و وەک سەرۆکی قەوارەی هاوپەیمانی کوردستانی هەڵبژێردرا.

دواتر هاوپەیمانییەتییەکە فراوان بوو، لە ئێستادا 23 لایەنی کوردستانی لەناو هاوپەیمانییەتییەکەن کە بریتیین لە: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی گۆڕان، حزبی شیوعی، حزبی زەحمەتکێشان، هاوپەیمانی نیشتمانی، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، تەڤگەری ئازادی، یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، حزب الاتحاد الترکمانی العراقی، حزب الشروق الترکمانی العراق، پارتی گەشەپێدانی تورکمان، پارتی گەلی تورکمانی، پارتی ئێزدی دیموکراتی، بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی سەوزی کوردستان، بزووتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان، پارتی نەتەوەیی کوردستان، پێشکەوتنخوازانی کوردستان، حزبی پێشکەوتنخوازانی کوردستان.

بڕیارە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە یەکی نیسانی 2020 ئەنجامبدرێت و لایەنە کوردستانییەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون لە سنووری پارێزگاکانی کەرکووک، نەینەوا، دیالە، سەلاحەددین، بە لیستی هاوبەش بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن.

سیروان ڕۆژبەیانی: هاوپەیمانیی کوردستانی کاریگەریی لەسەر کۆکردنەوەی دەنگی کورد دەبێت

زۆرینەی لایەنەکانی کورد بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بەشداری لە هەڵبژاردنی مانگی نیسانی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا دەکەن و بەرپرسێکی کوردیش پێیوایە، هاوپەیمانیی کوردستانی کاریگەریی لەسەر دەنگی کورد دەبێت.

سیروان ڕۆژبەیانی، جێگری پارێزگاری مووسڵ بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بۆ کورد گرنگە، چونکە یەکدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەبێتە هۆی زیادبوونی دەنگی کورد لەو ناوچانە و دەنگی کورد پەرت نابێت، لەبەر ئەوە، یەکهەڵوێستی و یەکلیستیی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەریی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێت.

جێگری پارێزگاری مووسڵ گوتیشی: بەهۆی هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا گۆڕانکاری ڕوو دەدات، لەبەر ئەوە یەکگرتنی لایەنەکانی کورد بۆ قۆناغی ئێستا و داهاتوو لەجێی خۆیدا بووە. پەیوەست بە خۆئامادەکردنی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو، سیروان ڕۆژبەیانی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: هەموو لایەنەکان ئازادن، چۆن خۆیان بۆ هەڵبژاردن ئامادە دەکەن، ئێمەش وەک حکوومەتی خۆجێی مووسڵ ئامادەین ئەو دەرفەتە بگونجێنین تا لایەنەکانی بەشدار لە هەڵبژاردندا بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە ئامادەکاری بکەن.

هێزی تایبەتی کریستیانەکان لە دەشتی نەینەوا جێگیر کراوە

لە هەندێ ناوچەی دەشتی نەینەوا هێزی پاراستنی کریستیانەکان جێگیرکراوە، نوێنەرێکی کریستیانەکانیش دەڵێ، لە هەندێ ناوچە حەشد ڕێگە بە گەڕانەوەی کریستیانەکان نادات. فەرید یەعقووب، نوێنەری کریستیانەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە حەمدانیە و هەندێ شوێنی دیکەی دەشتی نەینەوا هێزی پاراستنی دەشتی نەینەوا، کە تایبەتە بە کریستیانەکان، جێگیر کراوە و ڕەوشی ئەمنیی ئەو ناوچانە جێگیرە و هێزەکەی کریستیانەکان ڕۆڵی هەبووە لە گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ هەندێ ناوچەی دەشتی نەینەوا. دەشڵێت: ڕادەستکردنی مەلەفی ئەمنیی دەشتی نەینەوا بە هێزی پاراستنی کریستیانەکان کاریگی گرینگە، چونکە خۆیان دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن، نەک وەکو هەندێ ناوچە، کە هێزەکانی عێراق خۆیان بەشێکن لە هۆکاری نانەوەی پشێوی.

فەرید یەعقووب ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: لە شارۆچکەی بەرتللە و تلکێف ڕەوشی کریستیانەکان خراپە و ڕێگە نادرێت خەڵکی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە بۆسەر شوێنی خۆیان و زۆری کێشە تێدایە، چونکە هێزەکانی حەشدی شەعبی دەستیان بەسەردا گرتووە و زەویی کریستیانەکان کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەیان ئاگاداری هیچ بێت، بێگومان بازرگانیکردن بە زەویی کریستیانەکانەوە کاریگەریی لەسەر پاشەڕۆژی کریستیانەکان دەبێت.

دانا شەهید جەزا:

خۆپیشاندانەکانی عێراق پەیوەندییان بە عادل عەبدولمەهدییەوە نییە

دەبێت سیاسەتمەدارانی عێراق تووڕەبوونی خەڵکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی بقۆزنەوە



دانا شەهید جەزا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، خۆپیشاندانەکانی عێراق کاریگەری لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نابێت. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند: خۆپیشاندانەکانی عێراق هیچ کاریگەرییەکی نابێت بۆ سەر نادنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، چونکە تاوەکو 2019/12/31 مووچەی فەرمانبەران وەکو پشکی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام ڕەنگە کاریگەری لەسەر بودجەی ساڵی 2020 هەبێت. بە دووڕیشی نەزانی کە تێپەڕینی بودجەی ساڵی داهاتووی عێراق لە پەرلەمانەوە قورس بێت، ڕوونیشی کردەوە، لەو پارێزگایانەی خۆپیشاندانیان تێدا دەکرێت، کارەبا و خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی باش نییە، هەڵی کار نەڕەخسێندراوە و ململانێی سیاسی وایکردووە کە خەڵکی فەرامۆش بکرێن، بۆیە خەڵک داوای مافی خۆیان دەکەن. ئەو پەرلەمانتارە کوردە پێیوایە کە هەندێک لایەنی سیاسی هەوڵدەدەن سواری شەپۆلی ناڕەزاییەکانی خەڵک بن، ئەمەشی بە کارێکی هەڵە لێکدایەوە و ڕایگەیاند: باشترە سیاسەتمەدارانی عێراق تووڕەبوونی خەڵکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی بقۆزنەوە.

دانا شەهید جەزا پێیوایە خۆپیشاندانەکانی عێراق پەیوەندییان بە عادل عەبدولمەهدییەوە نییە، چونکە کەمتر لە ساڵێکە لە پۆستەکەی دایە، بەڵکوو بۆ خزمەتنەکردنی هاوواڵتیان بە دریژایی کارکردنی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دەگەڕێتەوە. گوتیشی: عادل عەبدولمەهدی لە هەموو سەرۆک وەزیرەکانی ڕابردووی عێراق میانڕەوترە، ئەگەر دەرفەتی بدەنێ، تەنها ئەو دەتوانێت زۆرترین خزمەتی خەڵکی بکات. ئەو پەرلەمانتارەی پارتی تەئکیدیشی کردەوە کە ئەگەر کوتلە گەورەکانی عێراق دەسەلات بە عادل عەبدولمەهدی بدەن، ئەوا خزمەتی خەڵک دەکات و چاکسازیی ریشەیی دەکات، ئەوکاتەش دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە.





عادل عەبدولمەهدی

چەند بەڵێنێک بە خۆپیشاندەران دەدات

عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق وتارێکی پێشکەشکرد و چەند خاڵێکی چاکسازیی راگەیاند. سەرۆک وەزیران رایگەیاند: کار بۆ دانی قەرزی بچووک، چاکسازیی لە ئیدارەدان، بنبڕکردنی هەژاریی، دروستکردنی هەلی کار، نەهێشتنی گەندەڵی، دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون و بڕینی دوو مووچەیی دەکەین. راشیگەیاند: ئێمە کار بۆ جێبەجێکردنی داواکاری هاوواڵاتیان دەکەین و لە دانیشتەکانی داهاتوو تەواوی خاڵەکان ئاشکرا دەکەم. سەرۆک وەزیرانی عێراق راشیگەیاند: ئێستا کارەبا و کشتووکاڵ لە پێشوو باشترن.

رۆژی سێشەممەی رابردوو، خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق دەستیان پێکرد و بەهۆیەوە100 کەس گیانیان لەدەستداوە و نزیکەی چوار هەزار کەسی دیکە بریندارببوون.



محەمەد حەلبوسی داوای جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران دەکات

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی بەڵێندا کە بچێتە سەر شەقام و بەشداری بکات لە خۆپیشاندانەکان، ئەگەر حکوومەت داواکارییەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ نەکرێت، ئەوا دەچمە سەر شەقام و بەشداری دەکەم لە خۆپیشاندانەکان.

محەمەد حەلبوسی سەبارەت بە خۆپیشاندانەکان کە لە رۆژی سێشەممەی رابردووە لە بەغدا و چەند شارێکی باشووری عێراق ئەنجام دەدرێن بۆ رۆژنامەوانان دوا.

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوای لە نوێنەرانی خۆپیشاندەران کرد کە بۆ تاوتوێکردنی داواکارییەکانیان لە دانیشتنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەران ئامادە بن. محەمەد حەلبوسی داوای لە حکوومەت کرد کە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات و گوتی: ئەگەر

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

دووشەممە 2019/10/7 ژمارە (5843)

www.xebat.net

خەبات



تەها دەرویش نادر

پەیامەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر

لە چەند ڕۆژی ڕابوردوودا، لەژێر چاودێری و ئامادەبوونی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، سیازدەهەمین پێشانگای هەمەجۆری بازرگانی نێودەوڵەتیی لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر کرایەوە، کە لەم پێشانگایەدا 300 کۆمپانیا لە 22 وڵاتی جیاواز بەشداریان تێدا کرد، لە دەستپێکی کردنەوەی پێشنگاکە بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان وتەیەکی بە نرخی پێشکەش کرد و تیایدا باسی لەوە کرد کە لە بەرنامەی داهاتوویاندا گرنگی بە هەموو بوارەکان بدرێت بۆ باشکردنی ئابووریی بەهێز لە پێناو ژێرخانێکی بەهێز بۆ کوردستان، ئەوەی شایانی گوتنە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە کەسایەتیی مەسرور بارزانی بینرا، کە سەرۆکی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوو، وەک دەستێکی ئەمین کوردستانی لە هەموو ڕووێکەوە پاراست بە تایبەتی لە شەڕی تیرۆریستاندا نەیهێشت دەرفەت بۆ دوژمنان دروست ببێت تا ئارامی و ئاسایشی کوردستان تێک بدەن، ئێستاش لەم پۆستە نوێیەیدا کە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستهێنا، دەرئەنجامی دڵسۆزی و لەخۆبووردەیی بوو وەک سەرکردەیەکی لێهاتووی گەنج، دەیەوێت کوردستان بەرەو قۆناغێکی تر بەرێت، دوای ئەوەی کوردستان ئەمڕۆ سیمایەکی شارستانی بەخۆیەوە دەبینێ، هەر لەبەکەی نیشتەجێبوون و دروستکردنی ڕێگاوبان و بالەخانەی گەورە و مۆڵ و پارکی گشتی و تونێل، بەڵام ئەوەی مەبەستە بیڵێم لە پەیامەکەی کاک مەسرور بارزانیدا کە خوێندنەوەم بۆ کردووە ، هەوڵی شۆڕشی پیشەسازی دەدات بۆ هاندان بە دروستکردنی کارگەی زەبەلاح، کە سەدان و بگرە تا ئاستی هەزاران کرێکار لەخۆبگرێت، بەمەش باری ئابووری وڵات بەرزدەبێتەوە و ڕێژەی بێکاریش کەم دەبێتەوە و هەلی کاری زۆر دەڕەخسێت بۆ تەواوی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، بەمئوونە گەر سلێمانی وەربگرین، کاتی خۆی 3کارگەی گەورە لە سلێمانی هەبوو کە بریتی بوون لە کارگەکانی (چیمەنتۆ و شەکر و جگەرە) سەدان کرێکار و فەرمانبەر و ئەندازیار کاریان تیا دەکرد و هەر لەپاڵ کارگەکەدا یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ دروستکرابوو بە هەموو خزمەتگوزارییەکانەوە و دەیان و سەدان خێزانی پێکەوە گرێدابوو لەڕووی کۆمەلایەتییەوە کاریگەری ئەرێنی بۆ ناو کۆمەڵگا بەجێهێشت، بەڕای من دروستکردنی پرۆژەی گەورە و کارگەی زەبەلاح بونیادبنرێت تا چیتر کوردستان پێویستی بە شمەک و کاڵای دەرکی نەبێت، بە تایبەتی خۆراک، لە پاڵ ئەوەشدا پشتگیریی جوتیارانی کوردستان بکرێت، چونکە هەمیشە نیگەڕان و بەرهەمە خۆماڵییەکانیان بۆ ساغ نابێتەوە، هەموو ئەمانەی باسم کرد، وێڕای بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووریی کوردستان، ئیتر نەوت فاکتەری بڕیوی ژیان و دابینکردنی مووچەی خەڵکی کوردستان نابێت.

ئاڵای کوردستان لە نێوان باتریوس و داعشدا





کێفاح مەحمود کەریم

ڕێکخراوی داعش گرێکوێرەیەکی ئاڵۆزیان لەگەڵ میژوو و هەر شتێ ئاماژە بە هەر قۆناغێکی میژووەوە بکات، هەیە، بە تایبەتیش شوێنەوارە دێرینەکان، هەر بەو هۆکارەوەش بوو مزگەوت و کەنیسە کۆنەکانیان کردە ئامانجی خۆیان، دوو مینارە لە کۆنترین مینارەکانیان لە کوردستان و عێراقدا ڕووخاند، کە ئەوانیش مینارەی شنگال و مینارەی حەدبا بوو، کە ئەو دووانە و سێمیشیان مینارەکەی شاری هەولێر هەر سێکیان لە سەردەمی ئیماراتی ئاتابەکە بوونیاد نرابوون. لێرەدا مەبەستم مینارەکەی شنگالە کە چیرۆکێکی دڕێژی لەگەڵ میژوو و ئەمەریکا و داعش و کولتووری بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیموگرافییەوە هەیە.

سەرەتا بێ ئەوەی زۆر ڕووبچینە نێو میژوو با تۆزێ باس لەسەر ڕەسەنایەتی مینارەکە بکەین، مینارەکە لە سەرەتای سەدەی سێزدەی زایینی بەرانبەر بە ساڵی 598ی کۆچی لەلایەن قوتبەدین محەمەد عیمادەدین زەنگی دروستکراوە، کە ئەمەش بە سێیەم مینارە دادەندرێت لە سەردەمی ئەتابەکە دروستکرابێت و ناو و هێمای ئەوانی بەسەرەوە بێت، کە دوانەکەی دیکەیان مینارەی چۆڵی لە هەولێر و مینارەی حەدبایە لە شاری مووسل، مینارەی شنگال لە ماوەی حەوت سەد ساڵی دروستبوونیەوە زۆرجار لەلایەن داگیرکەرانەوە، ڕووبەڕووی وێرانکردن بووەتەوە، ئەو داگیرکەرانەی بە هەمان مەبەستەکەی داعش کە ئەویش بریتی بوو لە گۆڕینی ناسنامە و تێکدانی شوێنەوارە شارستانییەکانی، بە تایبەتیش ڕووخاندنی مینارەکەی، پەلاماری شنگالیان دەدا.

دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام، خەڵکی شنگال دەستیان بەسەر زۆربەی دەزگا کارگێڕییەکان داگرت، دواتر پێشمەرگە هاتنە شارەکە لە گەڕاندنەوەی ئاسایش و یاسا یارمەتی خەڵکەکەیان دا لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا ئەو گێژەشێوێنییەی هاوکات لەگەڵ ڕووخانی ڕژێم شارەکەی گرتبۆوە، کۆتاییان پێ هێنا داموودەزگا ئیداری و خزمەتگوزارییەکانی وەک قوتابخانە و نەخۆشخانە و پۆلیس و دادگا و کارەبا و ئاویان بەکارخستەوە. دوای کەمتر لە مانگێک هێزێکی ئەمەریکا لە مووسڵەوە بە سەرکردایەتیی ژەنەرال دیفید باتریوس کە ڕابەرایەتیی تیپی چواری دەکرد و لای دانیشتووانی مووسڵ بە پاریزەرەی بەعسییەکان ناسرابوو، هاتنە نێو شنگالەوە.

کاتێک گەیشتنە شنگال دەماودەست داوایان کرد لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتەی دانیشتووانەکەی و سەرکردەکانی پێشمەرگە کۆبوونەوە، ڕاسپێردرام شاندێک لە دانیشتووانەکەی پێکبهێنم، ئەوکات زیاتر لە 30 کەسایەتی کە نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد و عەرەب هەر سێ ئایینی ئیسلام و ئێزیدی و مەسیحییان دەکرد لە کۆبوونەوەکە بەشداربوون، سەرەتا باتریوس باسی لەو گۆڕانکارییانە کرد کە لە عێراق ڕوویاندا و گوتی ئەوان ئەمڕۆ تاکە هێزن و پێویستە لەسەر هێزی پێشمەرگە بۆ شوێنی جارانی خۆیان بکشێنەوە، بیانووەکەشی ئەوەبوو ناکرێت لە یەک کاتدا دوو هێز لە ناوچەکەدا بوونی هەبێت. جگە لەمەش نەتەوەکانی دیکە ناخوازن هێزی پێشمەرگە بمێنێتەوە.

منیش پێم ڕاگەیاند هێزەکانی پێشمەرگە هێزێکی نیزامییە و حاڵی پێشمەرگە وەک هێزەکانی دیکەی نێو هاوپەیمانی نێودەوڵەتییە بە هەماهەنگی هێزەکانی پێشمەرگە کشانەوە و لە جیاتی ئەوان هێزەکانی ئەمەریکا بەو مەرجەی لە دەرەوەی شار و لە سەربازگە کۆنەکانی سەر بە سوپای سەددام لە باشووری شارەکە لە دژی دیکتاتۆرەکان بە تایبەتیش سەددام حوسێن، هێزی پێشمەرگە دوای گەیشتنی بۆ شنگال لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا توانی ژیانی ئاسایی بۆ شارەکە بگەڕێنێتەوە بێ ئەوەی جیاکاری لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی بکات، ئەوانەی ئێستا دژایەتی مانەوەی پێشمەرگە دەکەن تەنیا ئەوانەن کە داروودەستەی ڕژێمی پێشوون، هەر ئەوان بوون پێشتر شارەکەیان شێواند و دانیشتوانەکە ڕەسەنەکەیان دەربەدەر دەکرد.

دواتر پاش دانوستاندن لەگەڵ سەرکردایەتیی فەرمی و لە چوارچێوەی میکانیزمی هەماهەنگی هێزەکانی پێشمەرگە کشانەوە و لە جیاتی ئەوان هێزەکانی ئەمەریکا بەو مەرجەی لە دەرەوەی شار و لە سەربازگە کۆنەکانی سەر بە سوپای سەددام لە باشووری شارەکە جێگیر بکرێن، جێگیرکران. بەڵام دواتر پەیتا پەیتا کەسانی سەر بە ڕژێمی پێشوو و ئەوانەی دژایەتیی کوردستانیبوونی شارەکەیان دەکرد، خۆیان خزاندە نێو بارەگا ئەمەریکییەکان، تا ڕۆژێ لە ناکاو هێزەکانی ئەمەریکا هەڵیانکوتایە سەر فەرمانگە حکومیی و بارەگا حزبییەکان دەستیان بە شکاندنی دەرگا و دۆلابەکان کرد و ئاڵای کوردستان و وێنەی بارزانیی نەمر و سەرۆک مەسعود بارزانییان هێنا خوارەوە، دواتر گوتیان هەر بارەگایەکی حزبی ئاڵای کوردستان لە شارەکە هەڵبکات دادەخرێت، بینیمان چۆن بەکرێگیراو کەسانی سەر بە ڕژێمی پێشوو چاوساغییان بۆ هێزەکانی ئەمەریکا دەکرد لە هەر شوێنی ئاڵای کوردستان هەبووایە بە ئەمەریکییەکانیان پیشان دەدا.

لە بەرانبەردا کاردانەوەی حکوومەت و دامەزراوەکانییەوە.

فازل غەڕاوی نیگەرانی خۆشی نەشاردەوە لە دواکەوتنی دۆسیەی قەرەبووکردنەوە کە دەدرێت بە هەندێک لە ئاوارەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی خانووەکانیان.

لە دوای شەڕێکی قورس، حکوومەتی عێراق لە کانوونی یەکەمی ساڵی 2017 سەرکەوتنی بەسەر داعش ڕاگەیاند و ئەوەشی ڕوونکردەوە کە سەرجەم خاکی ژێر دەستی داعش-یان کۆنترۆڵکردووەتەوە.

لێژنەی باڵای بەهاناوەچوون و حەوانەوەی پەنابەران لە 26ی ئەیلوول ڕایگەیاند کە نزیکەی 449 پەنابەری عێراقی لە تورکیاوە گەڕاونەتەوە بۆ عێراق لە میانی سێ مانگی ڕابردوو، ئەنقەرەش دەڵێت 200 هەزار عێراقی وەکو پەنابەر لە تورکیان.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، سەیدۆ چەتۆ لە لێدوانێکدا 19ی مانگی ڕابردوو گوتی: هێشتا 750 هەزار ئاوارەی نەینەوا پێویستییان بە خزمەتگوزارییە و زۆرێک لە ناوچەکانی مووسڵ وێران و پێویستییان بە ئاوەدانکردنەوە هەیە.

حکوومەتی عێراق ڕایگەیاندووە کە پێویستی بە 88 ملیار دۆلارە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوە ئاوەدان بکاتەوە کە شەڕ وێرانی کردووە.

دانیشتوانی شارەکە کاردانەوەیەکی تا بڵێیی شارستانییانە بوو، هەر هەموویان لەسەر ماڵ و شوێنی کاریان ژمارەیەکی زۆر لە ئاڵای کوردستانیان بەرزکردەوە. کۆمەڵە کەسێکیش بە سەر مینارەی شنگال سەرکەوتن و بە ئاڵای کوردستان ڕازاندیانەوە، کە بەیانی ڕۆژ بۆوە ئەمەریکییەکان سەریانسوڕما کاتێ بینیان بە سەدەها ئاڵای کوردستان لەسەر خانوو و مینارەی شارەکە هەڵکراون و خەڵکەکە شارەکەیان پێ ڕازاندووەتەوە. ئەمە وای لێکردن ڕۆژی دواتر دان بە هەڵەی خۆیان بنێن کە پێش چەند ڕۆژێک لە دژی دانیشتووانەکە و ئاڵای کوردستان ئەنجامیان دابوو، بە ڕەفتاری شارستانیانەی خەڵکەکە زۆر سەرسامبوون، بەڕێزەوە جارێکی تر ئاڵای کوردستانیان لە بارەگا سیاسییەکان بەرزکردەوە.

داعش و ئەوانەی خاوەن بیر و ڕەفتاری ئەوانن ڕێکخراوێکن لە دەرەوەی زەمەن دان، ئەو کار و ڕەفتارانەی ئەنجامی دەدەن دەربڕی گەمژایەتییانە وەک گەمژایەتی ئەوانەی ئەمەریکییەکانیان لە هێنانەخوارەوەی ئاڵای کوردستان تێوەگلاند. ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانە بێ ئاگان لەوەی ئەو گەلە سەرلەنوێ مینارەکە نۆژەندەکاتەوە و دەیکاتە مۆزەخانەیەک تا نەوەی داهاتوو بە تاوان و ڕەفتارە قێزەونەکانی ئەوان و ئەوانەش کە دژایەتی ناسنامە و ئیرادەی گەلان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی دەکەن، ئاشنا بکات.

و: خالید گەردی

عێراق... چەندین هۆکار ڕێگرن لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان

سیاسەتمەدارانی سوننە پێیانوایە چەند لایەنێکی شیعە ڕێگریی لە گەڕانەوەی ئاوارە سوننەکان دەکەن

هێشتا نزیک بە یەک ملیۆن و 500 هەزار ئاوارەی دەستی داعش، ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، هۆکاری ئەوەیش بوونی ئامانجی سیاسی و ئەجیندای دەرەکیی و ناکۆکیی هۆزەکانە، ئەوە لە کاتێکدا دواکەوتنی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کارەساتبارەکان و نەبوونی ئاسایش و خزمەتگوزاری.

سەرباری ئەوەی دۆسیەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان یەکێکە لە دیارترین بڕگەکانی بەرنامەی کاری ئەو کابینەیەی کە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی بەرلە 11 مانگ پێشکەشی کرد، بەڵام هێشتا یەک ملیۆن و 500 هەزار ئاوارە نەگەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریان ڕێگەی ئەوەیان پێ نادرێت و هۆکارەکەیشی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و هی دیکەن.

نزیکەی پێنج ملیۆن و800 هەزار عێراقی لە کۆی38 ملیۆن کەس ناچار بوون بۆ ناوچەکانی دیکە هەڵبێن کاتێک ڕێکخراوی داعش یەک لەسەر سێی ڕووبەری عێراقی کۆنترۆڵکرد لە هاوینی2014 کە 100 لەسەد دەبێت، هەروەها چەند ناوچەیەکی سنووری پارێزگای دیالە، بەتایبەت شارەبان (مقدادیە)، هاوکات هەندێک ناوچە لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین و ناوچە ئازادکراوەکانی نەینەواش.

سەرۆکی لێژنەی کۆچ و کۆچبەران لە ئەنجوومەنی نوێنەران، ڕەعد دەهلەکی دەشڵێت کە ژمارەی ئەو کەسانەی هێشتا لە کەمپەکاندا دەژین نزیک بە 900 هەزار کەسن دەبن، لەگەڵ ئەو کەسانەشی کە لە دەرەوەی کەمپەکان ژیان بەسەر دەبەن ژمارەیان بۆ یەک ملیۆن و500 هەزار کەس نزیک دەبێتەوە.

سەرۆکوەزیرانی عێراق باسی لە بوونی فشاری سیاسی کرد سەبارەت بە دۆسیەی ئاوارەکان و گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان، عادل عەبدولمەهدی لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانییدا ئابی ڕابردوو، ڕایگەیاندبوو هیچ ڕێگرییەک لە هیچ لایەنێک نییە بۆ گەڕانەوەی سەرجەم ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە هەندێکیان دژایەتییان بۆی هەیە.

عادل عەبدولمەهدی گوتیشی: زۆرینەی ئاوارەکان گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، ئەگەرچی حکوومەت بارێکی قورسی کەوتووەتە سەر شان کە ناتوانرێت بەچەند ساڵێکیش لای ببات.

سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە ئەنجوومەنی نوێنەران، فازل غەڕاوی ڕایگەیاند کە حکوومەت و لایەنە پەیوەستەکانی دۆسیەکە هۆکارن بۆ دواکەوتنی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان و گوتی: لە میانی سەردانمان چەندین هۆکارمان هەست پێ کردووە کە ڕێگرن لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان ئەوانیش پەیوەندییان بە لایەنە یاسایی و دارایییەکانەوە هەیە، هەروەها پەیوەستە بە میکانیزمەکانی خزمەتگوزاری بۆ گەڕانەوەی ئاوارەزوومەندانە، جگە لە ئاوەدان نەکردنەوەی ئەو ناوچانە بەتەواوەتی لە لایەن هۆکارانە.

هەروەها لێژنەکە بڕیاری داوە تکتی گەشتی ئەو عێراقییانەی دەیانەوێت لە تورکیا ئاوەزوومەندانە بگەڕێنەوە بەێ بەرامبەر دابێن بکات، جگە لە تەرخانکردنی بڕی 100 ملیۆن دینار بۆ چاودێریکردنی ڕەوشی عێراقییەکانی دەرەوە.

ئەوە لەکاتێک دایە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران لە ناوەڕاستی ئەیلوول ڕایگەیاند کە نزیکەی هەزار و 449 پەنابەری عێراقی لە تورکیاوە گەڕاونەتەوە بۆ عێراق لە میانی سێ مانگی ڕابردوو، ئەنقەرەش دەڵێت 200 هەزار عێراقی وەکو پەنابەر لە تورکیان.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، سەیدۆ چەتۆ لە لێدوانێکدا 19ی مانگی ڕابردوو گوتی: هێشتا750 هەزار ئاوارەی نەینەوا پێویستییان بە خزمەتگوزارییە و زۆرێک لە ناوچەکانی مووسڵ وێران و پێویستییان بە ئاوەدانکردنەوە هەیە.

حکوومەتی عێراق ڕایگەیاندووە کە پێویستی بە 88 ملیار دۆلارە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوە ئاوەدان بکاتەوە کە شەڕ وێرانی کردووە.

گەندەڵی مۆتەکەیەک کە عێراق ڕاپێچی لێوارەکانی هەڵوەشانەوە دەکات

محەمەد روبەیعی: بەشێک لە دەزگا چاودێرییەکانی عێراق خۆیان بەدەستی گەندەڵییەوە دەنالێنن

عێراق لە ڕاپۆرتەکانی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە دواوەیە

گەندەڵی ئەو مۆتەکەیەی کە عێراقی لە لێوارێ هەڵوەشاندنەوە نزیککردووەتەوە، دیاردەیەکە کە عێراقی تەنیوە لە 17 ساڵی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە تاوەکو 2019 عێراق، هەزار و 275 ملیار دۆلار بوودجە گشتییەکانی بووە کە بە بڕچوونی سەرۆکی دامەزراوەی نەرین بۆ شەفافییەت و دەستپاکی، محەمەد ڕەحیم ڕوبەیعی بەلانیکەم ڕێژەی 30 لەسەدییان بە گەندەڵی بەهەدەردراون، ئەو دەشڵێت لە هەموو کەرتەکاندا گەندەڵی هەیە، بڕی گەندەڵییەکانی کەرتی گەیاندن کەمتر نییە لە داهاتی ئەو نەوتە خاوەی لە عێراق دەرهێنراوە.



محەمەد روبەیعی دەڵێت بەشێک لە دەزگا چاودێرییەکانی عێراق خۆیان بەدەستی گەندەڵییەوە دەنالێنن. ساڵی 2015 ئەوێ کات کە سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق، عادل عەبدولمەهدی ئەو وەزارەتەی بەدەستەوە بوو کە زۆرترینی داهاتەکانی عێراقی لێوە وەدەست دێت (وەزارەتی نەوت)، ڕایگەیاند لە ساڵی 2003 تاوەکو 2015، واتە لە میانی 12 ساڵدا، عێراق 450 ملیار دۆلاری بە هۆی گەندەڵییەوە لەکیس چووە.

دوای چوار ساڵ لەو لێدوانە ڕۆژنامەوانییەدا ئێستا بەشێکی عێراقییەکان لە بەغدا و چەند پارێزگایەکی دیکە بۆ داواکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و نەهێشتنی گەندەڵی هاتوونەتە سەر شەقامەکان و تا نووکەش بە هۆی وەلامدانەوەی خۆپیشاندەران بە تەقە و بەکارهێنانی فیشەک، نزیک بە 100 خۆپیشاندەران کوژران و زیاتر لە چوار هەزار بریندارییش هەن.

لە پاش نۆی نیسانی 2003ەوە کە ڕژێمی سەدام حوسێن کۆتایی پێهات، ڕوبەیعی دەڵێت حکوومەتەکانی دوای 2003 نەیانتوانیوە گەندەڵی ڕابگرن، چونکە هەموو حزبەکان بەدوای دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی گەندەڵییەوە بوون، ئێستا بارودۆخی عێراق جیاوازە، عێراق لە ڕاپۆرتەکانی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە دواوەیە ئەوەش هۆکاری زۆرە، چەندین یاسا هەن کە عێراقی پێویستی بەوەیە پەسەندیان بکات، وەکو یاسای نەوت و غاز و یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری و نەبوونی یاسای ئازادی ڕۆژنامەنووسی و چەندین یاسای دیکە.

لەبارەی بوونی چەندین دەزگا و لایەنی پەیوەست بە بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی لە عێراق و دیارنەبوونی کارەکانی ئەوان و کارنەکردنییان وەکو پێویست بۆ بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی، موحەمەد ڕەحیم ڕوبەیعی ڕایگەیاند لە ڕاستییدا دیوانی چاودێری دارایی ڕۆڵی هەیە لە بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەڵام کێشەی دیکە زۆرن، عێراق بەتایبەت تاوەکو ئێستا هیچ لە ڕاپۆرتی وردبینی دارایی پەسەند نەکردووە، چونکە هەموو خەڵکی عێراق دەزانن کە بوودجەی ساڵی 2014 بە نموونە هەمووی دزرا، ئەمەش کێشەیە و لەم خاڵە دەوەستن، هەروەها دەستەی دەستپاکی دەستەیەکی لێکۆڵینەوەیە، یەکلاییکردنەوەی پرسەکان لە لای دادگەیە، ئەمیش لەژێر دەسەڵاتی سیاسییەکانە و حزبەکان کۆنترۆڵیان کردووە و بە سیاسی کراون، لەگەڵ ئەوەشدا مافیاکانی گەندەڵی داوای نەهێشتنی گەندەڵی دەکەن کە لە 2003ەوە تاوەکو 2015 بوودجەی وڵاتەکەیان 850 ملیار دۆلار بووە و زیاتر لە نیوەی بەپێی قسەکانی عەبدولمەهدی بەگەندەڵی بەهەدەر دراوە.

سەرۆکی دامەزراوەی نەرین لە دریژەی قسەکانیدا دەشڵێت گەندەڵی لە هەموو کەرتەکاندا هەیە، بە تەنها نەوت نییە، گەندەڵی ڕەنگە لە بەقاچاخبردنی نەوتدا هەبێت، چونکە داهاتەکانی نەوت دیارن، بەڵام پرسی گەیاندن، گومرک، گواستنەوە ئیمپراتۆرییەتی گەندەڵی ئەو کەرتانەیان قۆرخکردووە.

سەبارەت بەنەبوونی ڕێککارەکان بۆ بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و شکتسهێنانی هەوڵەکان لەبارەی قەبارەی گەندەڵییەوە نییە، بەڵام دەستەی دەستپاکی عێراق باس لە بەهەدەردانی زیاتر لە 320 ملیار دۆلاری کردووە تاوەکو ساڵی 2017، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لە ڕاپۆرتی نێودەوڵەتیی شەفافییەت عێراق لە ڕیزبەندی گەندەڵترین وڵاتانی جیهان جێی گرتووە. لە 2017 لە کۆی 180 وڵات عێراق لە ڕیزبەندی 169دا بوو، ساڵی پێشتریشی واتە 2016 عێراق چوارەم گەندەڵترین وڵاتی عەرەبی بوو لە دوای سۆماڵ، سوودان، لیبیا، لە ساڵی 2018یش ڕیزبەندی 168مین وڵات بووە.

ئێستا لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراق خۆپیشاندەران بە شۆڕشێکە بۆ ئەوەی حکوومەت بێتە کایەوە خزمەتگوزاری بۆ گەلانی عێراق دەستەبەر بکات.

ئەو دەشڵێت عێراق یەکێکە لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان و هیچ ڕێوشوێنێک بۆ بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی نییە، هیچ ئەنجامێک بۆ لابردنی گەندەڵەکان و لێپرسینەوە لێیان نییە، بەڵام ئێستا ئومێدێک هەیە بەتایبەت لەو یاسایانەی کە لەئەمسااڵدا پەسەند دەکرێت، ئەویش یاسای شەفافییەتی بوودجەیە کە لەسەر بوودجەی 2020 جێبەجێ دەکرێت، هەروەها یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کە ڕۆڵی باشی دەبێت، لە پاڵ چەند یاسایەکی دیکە.

ئەگەرچی ئاماژێکی ورد لەبارەی ئەوەی لێی بەگەندەڵی براوە دەگاتە ئاستی هەموو ئەو نەوتە خاوەی لە عێراق دەرهێنراوە، گەندەڵی لە گرێبەستی گشتی لە باجەکان لە گومرک لە هەموو شوێن هەیە، هەموو سیاسەتمەدارانی عێراق، هەموو حزبەکان لە دەرەوەی عێراق پارەیان هەیە و پارەکانیشیان زەبەلاحن.

سەبارەت بە کاردانەوەی ئەو گەندەڵییە لەسەر ژیانی عێراقییەکان دەڵێت ئەو گەندەڵییە زۆر کاریگەریی خراپی لەسەر ژیانی خەڵک دروستکردووە و وایکردووە خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی سفردا بن، بە تایبەت لە کەرتی تەندروستی و لە کەرتی خزمەتگوزاریی گشتی، بۆیە ئەمە پێویستی بە ڕەوپێشبردنی ڕێککەوتنی هێرش نەبردن.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و دۆستانە دروست دەکەن و دەرگای هاریکاری لە زۆر بواردا دەکرێتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە لە هەواڵەکەدا ئاماژە نەکراوە بە ناوی ئەو وڵاتانەی کەنداو کە یەکگرتووەکاندا، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی وڵاتێکی کەنداو کە خاوەنی پەیوەندی دیپلۆماسی نین چاویان بەیەک کەوتووە. هەرچەندە ئیسرائیل خاوەن پەیوەندی دیپلۆماسی نییە لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا، بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا نزیکبوونەوەکان لە نێوان لایەنەکاندا بوونەتە مایەی سەرنجی هەموولایەک.

سااڵنی ڕابردوو هەڵبژاردەی ئیسرائیل لە دۆحەی پایتەختی قەتەر بەشداری کردبوو لە پاڵەوانێتی جوماناستیکی جیهانی کە لە 25ی تشرینی یەکەم-سێی تشرینی دووەم بەڕێوەچوو، ئەمە بوویە ڕۆژەڤی هەموولایەک. لە 26ی تشرینی یەکەمی 2018دا سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بینیامین ناتانیاهو سەردانێکی فەرمی بۆ سوڵتانشینی عومان ئەنجامدا لەکاتێکدا خاوەن هیچ پەیوەندییەکی دیپلۆماسی نین. وەزیری پێشووی گەیاندنی ئیسرائیلیش، ئەیوب قرا لە 30ی تشرینی یەکەمی 2018دا بەشداری کردبوو لە کۆنفرانسی تەلەکۆمینیکەیشن لە دوبەی پایتەختی ئیمارات.

ئیسرائیل بۆ واژووکردنی ڕێککەوتنی هێرشنەبردن لەگەڵ ژمارەیەک لە وڵاتانی کەنداو لە دانوستاندایە



بەپێی هەواڵێکی کەنااڵ 12ی ئیسرائیل، ئیدارەی تەل ئەبیب بۆ واژووکردنی ڕێککەوتنی هێرش نەبردن لەگەڵ ژمارەیەک لە وڵاتانی کەنداودا لە دانوستاندایە.

دەنگۆی ئەوە لە ئارادایە کە ئیسرائیل بە ئامانجی واژووکردنی ڕێککەوتنی هێرش نەبردن لەگەڵ ژمارەیەک لە وڵاتانی کەنداو لە دانوستاندایە.

ئاماژە بەوە کراوە کە ئیسرائیل دەستپێشخەری هەوڵەکەی کردووە و مانگی ڕابردووش وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل، یسرائیل کاتز لە پەراوێزی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەگەڵ ژمارەیەک وەزیری دەرەوەی وڵاتانی کەنداو گفتوگۆی کردووە. لە گفتوگۆکاندا لایەنەکان ڕێککەوتوون لەسەر پێکهێنانی گرووپی کار بۆ بەرەوپێشبردنی ڕێککەوتنی هێرش نەبردن.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و پەیوەندییەکی دۆستانە دروست دەکەن و دەرگای هاریکاری لە زۆر بواردا دەکرێتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە لە هەواڵەکەدا ئاماژە نەکراوە بە ناوی ئەو وڵاتانەی کەنداو کە یەکگرتووەکاندا، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی وڵاتێکی کەنداو کە خاوەنی پەیوەندی دیپلۆماسی نین چاویان بەیەک کەوتووە. هەرچەندە ئیسرائیل خاوەن پەیوەندی دیپلۆماسی نییە لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا، بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا نزیکبوونەوەکان لە نێوان لایەنەکاندا بوونەتە مایەی

سری سورەییا ئۆندەر پەرلەمانتاری پێشووی ئەنقەرەی هەدەپە ئازادکرا



دوای ئەوەی دادگای دەستووریی تورکیا بڕیاردا "مافی ئازادیی ڕادەربڕین"ی پەرلەمانتاری پێشووی ئەنقەرەی هەدەپە، سری سورەییا ئۆندەر، "پێشێلکراوە"، بیست و شەشەمین دادگای سزا قورسەکانی ئیستانبوڵ کە پێشتر بە بیانووی "پڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکە" بە سێ ساڵ و شەش مانگ زیندانییکردن مەحکومکرا و سزاکەشی پەسەندکرا، ئۆندەر داواکارییەکی کەسیی ئاراستەی دادگای دەستووریی تورکیا کرد. ڕۆژی پێنجشەممە دەستەی دادگای دەستووریی تاوتوێی داواکارییەکەی کرد و ئازادکردنی بۆ دەرکرد. دوای ئەوەی کە سری سورەییا ئۆندەر لەلایەن 26مین دادگای سزا قورسەکانی ئیستانبوڵ بە بیانووی "پڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکە" بە سێ ساڵ و شەش مانگ زیندانییکردن مەحکومکرا و سزاکەشی پەسەندکرا، ئۆندەر داواکارییەکی کەسیی ئاراستەی دادگای دەستووریی تورکیا کرد. ڕۆژی پێنجشەممە دەستەی دادگای دەستووریی تاوتوێی داواکارییەکەی کرد و بڕیاریدا مافی ئازادیی ڕادەربڕینی ئۆندەر پێشێلکراوە. نموونەیەکی بڕیارەکە بەمەبەستی نەهێشتنی پێشێلکارییەکە و دووبارە دادگاییکردنەوەی، ڕەوانەی دادگای خۆجێیی کرایەوە. لەژێر ڕۆشنایی بڕیاری دادگای دەستووریدا، دادگا دووبارە تاوتوێی دۆسیەکەی ئۆندەری کردەوە و بڕیاری ئازادکردنی بۆ دەرکرد.

هەولێر.. کۆنفرانسێک لە ڕۆژی جیهانی ئیفلیجی منداڵان



لە ڕۆژی جیهانی ئیفلیجی منداڵاندا، وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکی ئەنجامدا. لە کۆنفرانسەکەدا، سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی گوتی: ئەم نەخۆشییە فشارێکی زۆر لەسەر خێزان دروست دەکات و پێویستی بە چاودێرییەکی چڕ هەیە و خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ گرنگی بەم بابەتە دەدرێت و ئەمەش پاڵپشتییەک دەبێت بۆ بەشی چارەسەری سروشتیی لە هەرێمی کوردستان، نەخۆشەکانی ئیفلیجی منداڵان پێویستیان بە شیاندنەوە و گونجاندنە لەگەڵ ژیاندا بەتایبەت مانەوەیان لە سەنتەرەکان و مانەوەیان باربێکی قورس دەخاتە سەر منداڵەکە. سامان بەرزنجی گوتیشی: پڕۆسەی شیاندن و چارەسەری سروشتیی وێڕای ئەوەی لە رابردوودا لە پلانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبوو کە چەند شوێنێک دروست بکات، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی وەستان، لە ئێستاشدا لە لایەن چەند سەنتەرێکی تایبەتەوە، ڕاهێنان و چارەسەر بۆ ئیفلیجی منداڵان دەکرێت.

دواتریش بەڕێوەبەری سەنتەری هێلینا، هەژین تەڵعەت سامان لە لێدوانێکدا گوتی: ئامانج لەم کۆنفرانسە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی لەسەر ئەم نەخۆشییە و بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر ئاگادارین، بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمە نەزرەیەکی جیاوازی هەیە بۆ ئەم نەخۆشییە و ئێمەیش ئامانجمان زیادکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی هەیە و نەخۆشەکان پێویستیان بەوە هەیە مافەکانییان دەستەبەر بکرێت، چونکە ئەم نەخۆشانە تا ڕادەیەک فەرامۆشکراون و لە شوێنە گشتییەکان کەم دەردەکەون و ئەمەش مانای وایە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەراوێزخراون. هەژین تەڵعەت سامان گوتیشی: نەخۆشەکان ڕێژەییە و بەشێکیان دەتوانن کار بکەن، تا ئێستا ئەم نەخۆشییە باوترین نەخۆشییە لە هەموو جیهان و لە سەنتەری هێلینا زیاتر لە هەزار کەس تۆمارکراون و ئەمانە نەخۆشی دریژخایەنن و پێویستیان بە بەردەوامی چارەسەر هەیە و زیاتر کێشەی جوواڵەیان هەیە و ئەمەش بە وەرزش بارودۆخیان باشتر دەبێت، کەسوکاری نەخۆشەکان دەتوانن لە ماڵەوەش ئەو کارە بکەن و ڕاهێنانیان پێ بکرێت.

سەباح بەیتوڵڵا: پەکەکە ڕەوشی هەرێم و پاراستنی سەرومالی هاووڵاتیان لە بەرچاو ناگرێت



جەنگییەکانی تورکیا بوردوومانی گوندەکانی سەر بە شارەدێی دینارتەی سنووری قەزای ئاکرێ دەکەن، ئەویش بە بیانووی هەبوونی پەکەکە لەو ناوچەیە، کە مەترسیی لەسەر گوندنیشینان دروست کردووە. سەباح بەیتوڵڵا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: "ئەگەر پەکەکە لەو ناوچەیە نەبێت، بێگومان بەهانەش نادرێتە دەست تورکیا بۆ ئەوەی ناوچەکە بکەنە ئامانجی فڕۆکەکانیان، بەڵام پەکەکە ڕەوشی هەرێمی کوردستان و پاراستنی سەرومالی هاووڵاتیان لە بەرچاو ناگرێت، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان بێتە قوربانیی شەڕی نێوان تورکیا و پەکەکە".

لەگەڵ هاتنی وەرزی پایزدا، گوندنشینان سەردانی گوندەکانیان دەکەن بە مەبەستی چنینی بەرهەمی ئەمسااڵیان، بەڵام بە هۆی بوونی بنکە و بارەگاکانی پەکەکەوە، هاووڵاتیان ناتوانن بگەڕێنەوە گوندەکانیان.

سەباح بەیتوڵڵا، بەڕێوبەری لقی 9ی پارتی لە ئاکرێ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "نزیکەی 20 گوندی دەڤەری ئاکرێ بە هۆی بوونی بنکە و بارەگای چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" ئاوەدان نەکراونەتەوە و خەڵکەکەی لە شارەدێکانی سەر بە ئاکرێ نیشتەجێن، لەو گوندانە بە دروستی 13 گوند چۆڵ کراون و ژمارەیەک گوندی دیکەش مەترسییان لەسەرە".

ماوەی هەفتەیەکە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی گوندەکانی سەر بە شارەدێی دینارتەی سنووری قەزای ئاکرێ دەکەن، ئەویش بە بیانووی هەبوونی پەکەکە لەو ناوچەیە، کە مەترسیی لەسەر گوندنیشینان دروست کردووە. سەباح بەیتوڵڵا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: "ئەگەر پەکەکە لەو ناوچەیە نەبێت، بێگومان بەهانەش نادرێتە دەست تورکیا بۆ ئەوەی ناوچەکە بکەنە ئامانجی فڕۆکەکانیان، بەڵام پەکەکە ڕەوشی هەرێمی کوردستان و پاراستنی سەرومالی هاووڵاتیان لە بەرچاو ناگرێت، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان بێتە قوربانیی شەڕی نێوان تورکیا و پەکەکە".

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز شێخ ئەشرەف تاڵەبانی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دکتۆر پێشەوا شێخ شەرەف برای بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوخەمیمان بۆ بەڕێزتان و خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاس بارەگای بارزانی دەکەین، کە بەشداربیان کرد بە دەربڕینی هاوخەمی خۆیان بۆ کۆچی دوایی خوشکی ئازیزمان، سوپاسی هەموو خزم و هاوڕێ و دۆستان و خۆشەویستان دەکەین، کە لە ماوەی ڕابردوو بەهۆی نەخۆشکەوتن و تا کۆچی دوایی خوشکی گەورەمان ئەرک و زەحمەتیان خستەسەر ئەستۆی خۆیان و بەشێک لە خەمەکانیان کەمکردینەوە. سوپاسی کارمەند و پزیشکانی سەنتەری دڵ و نەخۆشخانەی پار دەکەین کە هاوکار بوون و زەحمەتیان پێمانەوە کێشا. سوپاسی هەموو لایەک دەکەین، چ ئەوانەی ئامادەبوون یان بەتەلەفۆن و نامە هاوخەمی خۆیان بۆمان دەربڕیوە.

بنەماڵەی شەهید حەسەن بانیمارانی

سەربەست تروانشی ل پرسەکا قوتابیان تێتە دەنگ



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا نوینەرێن پتر ژ 500 قوتابیێن زانکویێن دهوکێ کرن، دڤێ ڕێنشتینێ دا بەرپرسێ لقێ گوهدارایا گلە و گازندێن دکەڤنە پێشیا وان کرن، پاشرا بەرپرسێ لقێ لهەمبەر ڤان گرفتێن وان گوت " دی هەمی هەولادەین دگەل سازیێن پەیوەندیدار ژ بۆ چارەسەرکرنا گرفتێن هەوە ب ڕێکێن یاسایی".

وەزیری ئەوقاف لەگەڵ کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستان کۆبۆوە



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەگەڵ سەرۆک و دەستەی کارگێڕی و ئەندامانی کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستان کۆبۆوە.

سەرەتای دیدارەکە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەخێر هاتنی میوانە بەڕێزەکانی کردو ئاماژەی بە ڕۆڵی گرنگی ئەندامانی کۆمەڵە کرد لە بەڕێوەچوونی بۆنەو مەراسیمە ئاینیەکان و بەڕێوەچوونی پرسە.

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستان پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی تایبەت بە بەڕێوەچوونی پرسە دەکات بە شێوەیەک کە لەخزمەتی هاوڵاتیانی بەڕێزدا بێت.

ئەمەو وێڕای کردنەوەی خولی دەنگ و پەرەپێدانی دەنگ خۆشی و گرنگی دان بە بەرەو پێش بردنی قورئان خوێندن بەشێوەیەکی زانستی و هەروەها دروست کردنی باجی تایبەت بۆ قورئان خوێنان کارکردن بۆ ئەنجامدانی قیستیقاڵی ساڵانەی نێو دەوڵەتی پێشبڕکێی دەنگ خۆشی وێرای چەند ڕێنمایەکی تری گرنگ دواتر ئەندامانی کۆمەڵەی قورئان خوێنان چەند خاڵێکیان بەئامانجی بەرەو پێش بردنی بوارەکەیان خستەڕوو.

لە هەولێر هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی هوشیارکردنەوەی ئافرەتان بۆ خۆپاراستن و پشکنینی پێشوەختەی مەمک دەستی پێکرد



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

دوێنێ بەچاودێری وەزیری تەندروستی و بەئامادەبوونی دکتۆر چەتۆ محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بەوەکالەت و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی و بەڕێوەبەری بەشەکان و بەڕێوەبەری سەنتەری نەخۆشیەکانی مەمک لە مەڕاسیمێکدا هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی هوشیارکردنەوەی ئافرەتان دەستی پێکرد بۆ خۆپاراستن و پشکنینی پێشوەختەی مەمک و زووتر پێزانینی شێرپەنجەی مەمک ئەگەر هەیبێ بۆ چارەسەری پێویست لە سەنتەری ناوبراو بڕیاریش وایە لەو مانگە چەندین سیمینارو بلاوکردنەوەی ڕێنمایی بۆ چین و تۆێژەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی تۆێژی ئافرەتان شایانی باسە لە ساڵی 11420، 2018 نەخۆش سەردانی ئەو سەنتەرەیان کردووە بۆچارەسەرکردن و لەساڵی 2019یش تا ڕۆژی28/9 نزیکەی 8751 نەخۆش سەردانیان کردووە دیارە ئەو سەنتەرە خزمەتێکی بەرچاوی ئافرەتان دەکات لە ڕووی پشکنینی پێشوەختەو دەست نیشانکردن و چارەسەر بۆ ئافرەتانی تووش بوو بەو نەخۆشیە گەیاندووە.

هەولێر.. 15 ئوتومبیلی بارهەڵگر کاڵای ماوەبەسەرچوو دەستی بەسەرداگیرا



خەبات ـ فاتیح بەرزنجی

لەچوارچێوەی کارو چالاکییەکانی لێژنە هاوبەشەکانی چاودێری بازرگانی و قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر دەستیان بەسەر کۆگایەکدا گرت کە زیاتر لە 15 بارهەڵگر کەل و پەل و کاڵای جۆراوجۆری ماوەبەسەرچووی تێدا بووە.

لەمبارەیەوە: هێمن سەید مراد بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر ڕوونیکردەوە: ئەو کاڵایانە لەلایەن لێژنە هاوبەشەکانی چاودێری بازرگانی هەولێر و قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر دەستیان بەسەر کۆگایەکدا گرتووە کە کاڵاکان بۆ بەکارهێنان ناگونجێن و نەشیاون و، هەموو ئەو کاڵاکانیش بەسەربەرشتی لێژنەیەکی شارەزا لەناوبردران.

دەستەی نوێی سەرۆکایەتیی ئەکادیمیای کوردی هەڵبژێردرا



ڕۆژی یەکشەمە 2019/10/6 ئەنجوومەنی ئەکادیمیای کوردی کۆبوونەوەی تایبەت بە هەڵبژاردنی دەستەی نوێی سەرۆکایەتیی ئەکادیمیای کوردی ئەنجامدرا.

لە هەڵبژاردنێکی نهێنی دا دەستەی نوێی ئەکادیمیا بەمشێویە هەڵبژێردران:

1- پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتان ـ سەرۆک

2- د. نەجاتی عەبدوڵڵا عەلی ـ جێگری سەرۆک.

3- م. محەمەد حەمە باقی ـ ئەندامی تەرخانکراو.

4- پ د.فاروق عومەر سدیق ـ ئەندامی تەرخانکراو.

ڕاگەیاندنی ئەکادیمیای کوردی

دووەمین کۆنفرانسی تایگرس بەڕێوەچوو

بەرەو بنیادنانی ستراتیجی بۆ خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

د. ئارام محەمەد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی دوێنێ لەمیانی پێشکەشکردنی وتارێک کە لە دووەمین کۆنفرانسی پرۆژەی تایگرس (بەرەو بنیادنانی ستراتیجی بۆ خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان – عێراق) بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە سەرۆک زانکۆکان و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرانی گشتی و نوێنەری دامەزراوە ئەوروپییەکان، لەشاری سلێمانی پێشکەشی کرد. لەسەرەتای وتەکەیدا د.ئارام دوپاتیکردەوە بەهێزکردنی ڕەهەندی نێودەوڵەتی زانکۆکانی کوردستان یەکێکە لە ستراتیژە گرنگەکانی کارنامەی چوار ساڵی کارکردنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی، چونکە وەک دەزانن یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی ئەکادیمیا لە سەدەی بیست و یەکدا بریتییە لە کرانەوەو بە نێودەوڵەتی بونی پرۆسەی خوێندن و بەرهەمهێنانی مەعریفە. هەروەها وتیشی: ئاڵوگۆڕی مامۆستایان و خوێندکاران و هاوبەشکردنی بەرهەمی تۆێژینەوە زانستییەکان چیتر لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا قەتیس نابێت و جوڵەی بەردەوامی خوێندکاران و مامۆستایان لە نێوان زانکۆ جیاجیاکان و فراوانبوونی تۆڕی پەیوەندی نێوان گروپە فرە کلتوریەکانی تۆێژینەوەی زانستی دەرفەتی بەرهەمهێنانی مەعریفەی زیاتر کردووە، تۆێژینەوەکان پێمان دەڵێن هەمیشە ئەو دامەزراوانەی کە فرە کلتور و مۆزاییکن توانای بەرهەمهێنانی زانست و داهێنانیان کاراترە. بۆیە بوونی قوتابی و ستافی نێودەوڵەتی لە نێو زانکۆکان و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا نیشانەیەکی پۆزەتیڤی کرانەوەو گەشەکردنی دامەزراوەکانە.

لەکاتی ئاگرکەوتنەوەدا هاوواڵتیان هاوکاری تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە ناکەن

بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر: زۆربەی رووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە بەهۆی شۆرتی کارەباوەیە



ڕاپۆرت/ فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی "عەمید شوان عەبدولقادر" بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر: زۆربەی رووداوەکانی ئاگرکەتنەوە هۆکارەکەی بۆ شۆرتی کارەبا دەگەڕێتەوە, لەبەرئەوەی سیستەمی کارەبامان تەواو نییە، بۆیە ئەو ئاگرکەوتنانەی کە دروستدەبن، هۆکارەکەی شۆرتی کارەبایە جائەو ئاگرکەوتنەوەیە لە (کۆگا و دوکان و شوێنە گشتیەکان) رووددەن و لەلایەن خاوەنی ئەوشوێنانەوە لەکاتی داخستنی شوێنەکان لە بۆردی سەرەکی کارەبا ناکوژێنرێتەوە، بۆیە شۆرتی کارەبا دروستدەبێت، لە 95% سیستەمی بەرگری شارستانی لەو شوێنە گشتیانەدا نییە.



مەرج و ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی هەولێر بۆ خاوەنی شوێنە گشتیەکان

پێویستە لەسەر خاوەنی (دوکان و کۆگاو وێستگەکانی بەنزین و شوێنە گشتی)ەکان پابەندی مەرج و ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی بن، بۆئەوەی دووچاری زیانی زۆر نەبن و هەوڵی دانانی ئامێری ئاگرکوژێنەوە بدەن، تا لەکاتی ئەگەری ئاگرکەوتنەوەدا سوودی لێوەربگرن، لەکاتی داخستنی دوکانەکانیاندا، پێویستە دوکانداران کارەبای سەرەکی دوکانەکانیان لە بۆردی سەرەکی بکوژێننەوە، جگەلە(دوکان و کۆگا)کان مەرج و ڕێنمایی گرنگ بۆ وێستگەکانی بەنزینیش هەیە، لەهەمووی گرنگتر دروستکردنی دیواری کۆنکریتییە، بۆ وێستگەکانی بەنزین، بەدرێژی (4 مەتر بەرەو سەر) تا ئەگەر هاتوو رووداوی ئاگرکەوتنەوەش رویدا، تەشەنە نەکات و نەگاتە ناومالآن، یاخود ناو جەنجاڵی هاوواڵتیان و زیان و زەرەر بەدەوروبەری خۆی نەگەیەنێت.


بەداخەوە زۆربەی وێستگەکان ئەو جۆرە پەڕژینە کۆنکریتییەیان نییە و دروستیشی ناکەن، ئەوەتا لەو ڕۆژانەی دوایدا ئاگر لە وێستگەی زانکۆ لە هەولێر کەوتەوە و زیانێکی زۆر بەر ئەو وێستگەیە کەوت، ئێمە وەکو بەرگری شارستانی بەڵێننامەیان لێوەردەگرین کە پێویستە تانکی بەنزین لە ژێر زەوی بێت، باشتر و سەلامەتترە و بەهیچ شێوەیەک ڕەزامەندی بە هیچ وێستگەیەک نادەین کە تانکی بەنزینەکەیان لە ژێر زەوی نەبێت، دەربارەی مەرجەکانیان بۆ کۆگاکان (بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر) گوتی: ئێمە وەکو بەرگری شارستانی هەولێر، لەلایەن لیژنەیەکی خۆمان پشکنینمان بۆ کۆگاکانی ناو شاری هەولێر و دەوروبەری کردووە و لیژنەکەش پسپۆڕن لەو کارەدا.

ئەوانەی کە پابەندی مەرجەکان نابن ئەوا دووچاری سزا دەبنەوە، ڕۆژانە چەندین کەس لە خاوەنی ئەو کۆگایانە سەردانیمان دەکەن و ماوەی 15 ڕۆژ مۆڵەتیان پێدەدەین تا بتوانن پابەندی مەرج و ڕێنماییەکانبن.


بییریان لە دانانی سیستەمی بەرگری شارستانی نەکردۆتەوەو نە تەنانەت کامێرای چاودێری و پاسەوانیان نییە، هەڵمەتێکی گەورەمان بۆ کۆگاکانی سەر ڕێگای (عەلوە و مەخمور) ئەنجامداوە و بەڵێننامە لە خاوەنی ئەو کۆگایانە وەردەگرین تا مەرجەکانی ئێمە جێبەجێدەکەن.

لە کۆتاییدا "عەمید شوان عەبدولقادر" دەربارەی ئامارەکانیان بۆ ماوەی هەشت مانگی ئەمساڵ گوتی: ڕووداوەکان زۆرن، بە پێی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ئاگر کەوتنەوە بۆ ئەو هەشت مانگە، ئامارەکان بەمشێوەیەیە:

لەماوەی (هەشت مانگدا 245) ئاگر لە مالآندا کەوتۆتەوە، لە باڵەخانەش 21 ڕووداو و لە فەرمانگەی حکوو میش 25و ڕووداوی ئاگر کەتنەوە لە گەنم و جۆ، 58 ڕووداو و 99 ڕووداوی غاز، بەهۆی کەمتەرخەمیش349 ڕووداوو 14 ڕووداوی بەنزین و ئامارەی سووتانی ئوتومبیل بەهۆی فیتپەمپەوە 12 ڕووداو، ڕووداوەکانی سووتانی گەنم و جۆ زۆرە و سووتانی پووش و پەلاش 1107ڕووداوە.







ڕەوەندەکان دەگەڕێنەوە

ڕەوەندە ئاژەڵدارەکان کە مەبەستی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان لە وەرزی هاویندا رووبان لە کوێستانەکانی وان کردبوو، لەگەڵ ساردبوونی کەشوهەوادا دەستیان کردووە بە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان کە چەند مانگێک دەخایەنێت

خەبات: پاکووری کوردستان

ڕەوەندە ئاژەڵدارەکان کە مەبەستی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان لە وەرزی هاویندا رووبان لە کوێستانەکانی وان کردبوو، لەگەڵ ساردبوونی کەشوهەوادا دەستیان کردووە بە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان کە چەند مانگێک دەخایەنێت.

ڕەوەندەکان لە کاتی گەڕانەوەشیاندا هەروەها بەو شەبەنگە ڕۆژانەی پێیانە لایەتەکانیان بارگاوی دەکەنەوە.

بەحری تاش یەکێکە لەو ڕەوەندانەو رایگەیاند کە هەموو ساڵێک لە وەرزی هاویندا بەمەبەستی باشتر لەوەڕاندنی مێگەلەکەیان لە قەزای نسێبینی پارێزگای ماردینەوە ڕوو دەکەنە کوێستاکانی هەردوو قەزای گورپنار و باشکالە لە پارێزگای وان.

تاش بە ئاماژەدان بەوەی کە زۆربەی ژیانیان لە کوێستانەکان بەڕێ دەکەن، گوتی: "سێ مانگ لە کوێستانەکانی وان دەمێنینەوە، کە کەشوهەوا سارد دەبێت دەگەڕێینەوە ماردین. زەحمەترین کاری ئێمە سەختی کەشوهەوا و بەردەوام کۆکردنەوە و هەڵدانی خێوەتە. ساڵی وایە بەرهەمان باشە و ساڵی وایشە خراپ. ئەمساڵ باش بوو. نزیکەی هەزار مەڕمان پێیە و 15 ڕۆژە بەڕێگاوەین. بەهۆی ئەوەی بەڕێگاوە مەڕەکانمان دەڵەوەڕێنن لە بەرنامەمان دایە لە ماوەی سێ مانگدا بگەینەوە ماردین".

لەم دۆخەشدا سەختترین ئەرک دەکەوێتە سەرشانی ژنان چونکە لە پاڵ مەڕداریدا دەبێ ئاگایان لە منداڵەکانیشیان بێت و چێشتیش لێ بنێن و خواردن ئامادە بکەن. ڕابیعە بوڵوت کە چەند ڕۆژێکە لە کوێستانەکانی باشکالاوە بەرەو قەزای میدیات-ی پارێزگای ماردین بەڕێ کەوتووە، گوتی: "ئەگەر کەشوهەوا زۆر ساردی کرد خێوەت بۆ ئاژەڵەکانیشمان هەڵدەدەین و دەستمان کردووە بە هەڵکردنی سۆبە. دەبێت دوو مانگی دیکەیش بڕۆین، پاشان شەش مانگ لە مێدیات دەمێنینەوە و دیسانەوە دەگەڕێنەوە".

دامەزراندنی حکوومەتی پەرەسەندنگەرا و ڕێچاری بەهێزبوونی باشووری کوردستان

یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی و لاسەنگیی دیموکراسی لە باشووری کوردستان ئەوە بوو، کە هەر لە سەرەتادا بەبێ سازبوونی بەستێنی دیموکراسی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، سیستەمی دیموکراسی بێ هەبوونی فەرهەنگی لیبراڵی، کۆپی کرایە سەر کۆمەڵگەیەکی کلاسیکی



د.محەمەد کەریخان*

پوختە

ڕاچڵەکینی ولاتانی بەجێماوی جیهانی سێیەم و هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە هەواری پەرەسەندن، بۆتە بابەتێکی گەرمی ئەوڕۆیی لە نێو بژاردەکانی زانکۆیی و دەوڵەتی،بە جۆرێک کە هەر ولاتەی بەپێی توانا و قەبارەی خۆی کاری سیاسەت دانان بۆ ئامانجکەی پەرەسەندن دەکات. باشووری کوردستان لە دوای هەوراز و نشێوێکی زۆر، هەست بە کەلێنی دواکەوتوویی دەکات و کەڵکەڵی پەرەسەندن بۆ بژاردە ئەکادیمییەکانی بۆتە پرس. هەروەها بژاردە دەوڵەتییەکانیشی لەم بابەتە بێئاگا نین و کەم و زۆر نمونەی کاری پەرەسەندن لە ئاسۆی وتار و دروشمی دامەزراوەکانی حکوومەت دەبینرێ. یەکێک لەو نیشانانە بڕیاری بەهێز بوونە. بەڵام لە دیدی ئەم وتارە جارِدانی حکوومەتی بەهێز، دروستکردنی حکوومەتی پەرەسەندنگەرای گەرەکە و گەیشتن بەم ئامانجگەیە بەپێی توانا و پۆتانسیێلەکانی 1 کوردستانی میکانیزمی سیاسەتیی دەوێ. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت حکوومەتی کوردستان بە تیۆری دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا ئاراستە بکرێت، بەڵکوو بگەینە پارادایمێک((2بۆ دامەزراندنی حکوومەتی پەرەسەندنگەرا. پرسیاری سەرەکیی پرسەکە ئەوەیە، ئایا حکوومەتی کوردستان چۆن دەتوانێ بەهێز بێ و بگاتە کەنارِی پەرەسەندن؟ بەپێی وەڵامی گریمانەیی، دانانی حکوومەتی پەرەسەندنگەرا ئامانجگەی باشتری ژیان دیاری دەکات و ڕێخۆشکەرە بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانیشی. ئەم وتارە بە تیۆریی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا چوارچێوەدار دەکرێ و میتۆدی کار بە شێوەی شیکاری و نزیککردنەوە دەبێ.



ڕەگەزەکانی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا

تیۆریی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا هەندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، دەبێ بژاردە پەرەگەراکان ئەم تایبەتمەندییانە بناسن. ئەم تایبەتمەندییانە بەپێی دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی جێی هەڵوەستەن، هەر ئەو تایبەتمەندی و جیاوازییانەیش وایان کردووە تیۆریی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرای نەوەی یەکەم وردە وردە بگاتە دەوڵەتی پەرەسەندنگەرای دیموکراتیک و لەگەڵ پارادایمی(1) حوکمڕانیی باش لێک نزیک ببنەوە. لێرەدا پێویستە هەندێ تایبەتمەندیی جەوهەری و ڕێسایی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا بخرێنە ڕوو:

بژاردەی پەرەسەندووخواز: زانستی سیاسی، پڕە لە بابەتگەلی تێلیت(2) و بژاردەگەرایی. فەرهەنگی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم وایان ویستووە کە هەمیشە هێزی بژاردەی کاریزما جڵەودار و ڕێبەری ئامانجە دوورمەودا و مەزنەکان بێت. واتا زۆربەی ولاتانی پەرەسەندووگەرا لە ڕێگەی بژاردە و تێلیتە کاریزماتیکەکان ڕێنوینی کراون. (لفت ویچ، 252 :1385) .

تایبەتمەندییەکی بژاردەی پەرەسەندووخواز ئەوەیە کە زۆر ناسیۆنالیستن. هەروەها دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ئاستی بیرۆکراسیی(3) بااڵدا بەهێواشی ئەنجام دەدرێ. ئەم بژاردانە بەتوندی ڕێگەی پەرەسەندن دەگرنە بەر و پایبەندن بە پەرەسەندنی ئابووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی. ئەم بژاردانە کەمتر گەندەڵن و لە هەوڵی دامەزراوەسازیدان. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم بژاردانە، بوونی جۆرە ئۆلیگارشی(4) و کەمینەسالارییە کە پێک دێ لە بژاردەکانی هزری، بیرۆکراتیک و تەکنۆکرات(5).

سەربەستیی ڕێژەیی دەوڵەت: یەکێک لە مەرجەکانی دانانی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا، بوونی ئاستێکی زۆری سەربەخۆیی دەوڵەتە. واتا دەبێ دەوڵەت و دەوڵەتمەداری پەرەخواز لە بەرانبەر پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکاندا سەربەستانە کار بکات. تایبەتمەندیی هاوبەشی دەوڵەتانی پەرەسەندنگەرادا کۆمەڵگەی مەدەنی تامی ژێردەستی و کۆنترۆڵ بوونی لە لایەن دەوڵەت چێشتوە. بۆ وێنە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی پەرەسەندووگەرا لە بۆتسوانا، ئینەدۆنیزیا و کۆریای باشوور، کۆمەڵگەی مەدەنی، بەهێز و سەربەست نەبوو و لە لایەن دەوڵەتی پەرەسەندنگەرای نەوەی نوێدا جێی باسە.

بەستێنی نێودەوڵەتی: یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی پەرەی دەوڵەتەکانی پەرەسەندنگەرا، بەتایبەتی دەوڵەتانی باشووری ڕۆژهەاڵتی ئاسیا، بەستێنی نێودەوڵەتیی ئەو وڵاتانەیە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم. پێشتر ئەو بەستێنە لە هەندێ وڵاتدا لە دەرەنجامی میراتی کۆلۆنیالیزم وەدی هاتبوو، بەاڵم ئێستا دۆخی نێونەتەوەیی تووشی گۆڕان و ئاوەژووبوونەوە هاتووە. پێشتر ئەو بەستێنانە بریتی بوون لە: میراتی ئیستیعماری، بزاوتەکانی پەرەسەندنی ناوچەیی و هەرێمی، ترسی پەالوێژیی کۆمۆنیزم لەناو هەلومەرجی جەنگی سارد (بۆیە ئەمریکا هاوکاری پەرەسەندنی وڵاتانی وەک کۆریا و ژاپۆن بوو)، دۆخ و کەشی لەبار بۆ خزانی ناو بازارِ لە سەردەمێکدا کە هێشتا کەشی ڕکابەری و ئابووریی ئازاد لە ئارادا نەبوو، نەبوونی گوشار لە لایەن دامەزراوەی دارایی وەک بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی نێودەوڵەتیی پارە، زاڵنەبوونی گوتاری مافی مرۆڤ و دیموکراسی لەو سەردەم. (دلفروز، :1393 68) .شایانی باسە دۆخی لەبارِی نێودەوڵەتی بەتەنیا نابێتە هۆی پەرەستێنی، چونکە زۆرێک لە وڵاتان وێڕای هەبوونی ئەو دەرفەتەیش، هەڵەیان کرد و پەردیان نەسەند.

بە پێودەری تیۆریی دەوڵەتانی پەرەسەندنگەرا، ئەو ئامرازەی حکوومەت بۆ ڕێگەی پەرەسەندن کەنالیزە دەکات زانستی سیاسەتدانانە. لەم سەردەمدا بەپێی ئاگاییی کۆمەڵگەکان، هاتنی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان (چەندنەتەوەییەکان)، بەجیهانیبوون، بابەتی ژینگەیی، مافی مرۆڤ، هاوکارییە نێودەوڵەتی، دروستبوونی ناوچەی فیدراسیۆنی(6) وەک ئەورووپا و سازبوونی ناوچەگەلی فیدراڵ و دەوڵەتانی ناوچەیی و...، دەبێ دەوڵەتانی پەرەسەندنگەرا بەپێی زانستی کۆمەاڵناسی، خۆیان بەڕۆژ (ئەدیت) بکەنەوە و شێوازی پەرەسەندنگەرایبان بۆ دەوڵەتی پەرەسەندنگەرای دیموکراتیک بگۆڕن. هەر بۆیە ئێستا دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا لەناو پارادایمی حوکمڕانیی باشدا هاتۆتە سەر زار و زمان. ئەم ڕەهەندبینی و کارە زانستییە، پێویستی بە زانستی سیاسەت هەیە.

ئامرازی سیاسەتی

دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا پێویستییەکی سەرەکیی هەیە، ئەویش گەڕانەوەی زانستی سیاسەتە بۆ پڕۆسەی پەرەسەندنگەرایی. سیاسەتدانان زانستێکە کە کاری دەوڵەتیی بە ئامانجێکی دیاریکراو بۆ کاتێکی دیاریکراو بە دیدێکی هەمەڕەهەندەوە دادەڕێژێ. (ملک محمدی، 5 :1394). هەروەها ئەو ئامرازە گرینگەیە کە وەک سووکانی گەیشتن بە ئامانجگەکان بەدەر لە زانستی پسپۆڕی و تەکنیکی بە هەموولابینی و لێزانی بە زانستە پەیوەندارەکانی دیکە کارێک بەڕێوە دەبات. یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازی و شکستی بەرنامەکانی دەوڵەت، لاوازیی زانستی سیاسەتدانانە، واتا دەوڵەتەکانی پەرەنەسەندوو بە دیدگەیەکی تەواو پسپۆڕگەرایی، دریژ و تەسکبینی و بەبێ سەرنجدانە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان و قوواڵبوونەوە کار دەکەن. یەکێک لە هۆکارەکانی پرسی حوکمڕانی لە کوردستان، کزبوونی زانستی سیاسەتدانان و نەبوونی دیدگەی پەرەسەندگەرایبە، لە کاتێکدا ئەگەر باشووری کوردستان بەپێ بۆچوونی بەرنامەڕێژی بەهێز، پێویستە ئەوەی بگاتە حکوومەتێکی بەهێز، پێویستە ئەوەبیاتی، دارشتنی سیاسەتی پەرەسەندگەرایی بێت و بێتە حکوومەتێکی پەرەسەندنگەرا. بە زمانێکی دیکە ئەگەر حکوومەتی کوردستان بەپێ بە هێزەوە بگاتە ئامانجە سیاسییەکانی، پێویستە خۆی بۆ پەرەسەندنی پایەدار تەیار بکات.

باشووری کوردستان وەک حکوومەتێکی پەرەسەندنگەرا

وەک گوترا، دەکرێ تیۆریی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا بۆ هەر ناوچەیەک دابنرێ تەنانەت ئەگەر گرفتی سنوور و سەربەخۆییشی هەبێ. کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە باشتربوونی ژیان و پێشکەوتنە و، دەبێ ڕێژەی ئومێد بە ژیان تێیدا بەرز بکرێتەوە. حکوومەتی کوردستان کە دامەزراوەیەکی فەرمی و سیاسەتدانەرە و دەوڵەتی پەرەسەندنگەراوە سەرەڕێ و ڕاستەڕێ دەکرا. (Molutsi, Holm, 1990: 327) .دوای پتەوبوونی پایەکانی پەرەسەندن کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز دەبوو، دەبووە ڕکابەری دەوڵەت و گوشارەکان بۆ دیموکراتیزاسیۆن بەهێز دەبوون (بۆ وێنە لە کۆریا دوای ساڵی 1980) .ئەم گوشارانە زیاتر لە لایەن دەستەی وەک زانستخوازان، پسپۆڕان، بەڕێوەبەرەکان کە بەشی سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنییان پێک دەهێنا سەری هەڵدا. کاتێک کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپەکانی ڕکابەر بەهێز دەبوون کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆوە دیتبا. (لفت ویچ، 258 :1385) .دەتوانین بڵێین دەوڵەتانی پەرەسەندنگەرا لە کەلێنی نەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ئامانجەکانی پەرەسەندنیان بەرەو پێش دەبرد. (بدیع و پی یر بیرن، 21 :1392) .هەرچەندە پەیوەندیی ئەرێنی لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و پەرەسەندنگەرایی هەیە و پەیوەندیی نۆرگانیک لە نێوان دیموکراسی و پەرەسەندندا هەیە و کۆمەڵگەی مەدەنی توانییەتی پەرە بە پەرەسەندنی ئابووری بدات، ئەمەیش لەناو دەوڵەتی پەرەسەندنگەرای نەوەی نوێدا جێی باسە.

بەستێنی نێودەوڵەتی: یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی پەرەی دەوڵەتەکانی پەرەسەندنگەرا، بەتایبەتی دەوڵەتانی باشووری ڕۆژهەاڵتی ئاسیا، بەستێنی نێودەوڵەتیی ئەو وڵاتانەیە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم. پێشتر ئەو بەستێنە لە هەندێ وڵاتدا لە دەرەنجامی میراتی کۆلۆنیالیزم وەدی هاتبوو، بەاڵم ئێستا دۆخی نێونەتەوەیی تووشی گۆڕان و ئاوەژووبوونەوە هاتووە. پێشتر ئەو بەستێنانە بریتی بوون لە: میراتی ئیستیعماری، بزاوتەکانی پەرەسەندنی ناوچەیی و هەرێمی، ترسی پەالوێژیی کۆمۆنیزم لەناو هەلومەرجی جەنگی سارد (بۆیە ئەمریکا هاوکاری پەرەسەندنی وڵاتانی وەک کۆریا و ژاپۆن بوو)، دۆخ و کەشی لەبار بۆ خزانی ناو بازارِ لە سەردەمێکدا کە هێشتا کەشی ڕکابەری و ئابووریی ئازاد لە ئارادا نەبوو، نەبوونی گوشار لە لایەن دامەزراوەی دارایی وەک بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی نێودەوڵەتیی پارە، زاڵنەبوونی گوتاری مافی مرۆڤ و دیموکراسی لەو سەردەم. (دلفروز، :1393 68) .شایانی باسە دۆخی لەبارِی نێودەوڵەتی بەتەنیا نابێتە هۆی پەرەستێنی، چونکە زۆرێک لە وڵاتان وێڕای هەبوونی ئەو دەرفەتەیش، هەڵەیان کرد و پەردیان نەسەند.

بە پێودەری تیۆریی دەوڵەتانی پەرەسەندنگەرا، ئەو ئامرازەی حکوومەت بۆ ڕێگەی پەرەسەندن کەنالیزە دەکات زانستی سیاسەتدانانە. لەم سەردەمدا بەپێی ئاگاییی کۆمەڵگەکان، هاتنی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان (چەندنەتەوەییەکان)، بەجیهانیبوون، بابەتی ژینگەیی، مافی مرۆڤ، هاوکارییە نێودەوڵەتی، دروستبوونی ناوچەی فیدراسیۆنی(6) وەک ئەورووپا و سازبوونی ناوچەگەلی فیدراڵ و دەوڵەتانی ناوچەیی و...، دەبێ دەوڵەتانی پەرەسەندنگەرا بەپێی زانستی کۆمەاڵناسی، خۆیان بەڕۆژ (ئەدیت) بکەنەوە و شێوازی پەرەسەندنگەرایبان بۆ دەوڵەتی پەرەسەندنگەرای دیموکراتیک بگۆڕن. هەر بۆیە ئێستا دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا لەناو پارادایمی حوکمڕانیی باشدا هاتۆتە سەر زار و زمان. ئەم ڕەهەندبینی و کارە زانستییە، پێویستی بە زانستی سیاسەت هەیە.

ئامرازی سیاسەتی

دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا پێویستییەکی سەرەکیی هەیە، ئەویش گەڕانەوەی زانستی سیاسەتە بۆ پڕۆسەی پەرەسەندنگەرایی. سیاسەتدانان زانستێکە کە کاری دەوڵەتیی بە ئامانجێکی دیاریکراو بۆ کاتێکی دیاریکراو بە دیدێکی هەمەڕەهەندەوە دادەڕێژێ. (ملک محمدی، 5 :1394). هەروەها ئەو ئامرازە گرینگەیە کە وەک سووکانی گەیشتن بە ئامانجگەکان بەدەر لە

دامەزراوەی (مێتاسیاسی) بۆ ئەوەیە، کە هەر وەزیرێک خەونێکی خۆی نەکاتە سیستەمی وەزارەتێک و چیتر بە ئامرازی هەوڵ و هەڵە نەتەزین



بێ گومان کادیرانی دەوڵەت و وەزیر و بەرێوەبەرەکان دەبێ بە هەزری پەرەسەندنگەرایی ئاشنا بکرێن و هەموویان بەم ئامانجە کار بکەن. تەنانەت کاندیدی حزب و الیەنەکانیش دەبێ بە مەرجی پەرەسەندننناسی بێنە ناو کاری دەوڵەتی. هەروەها پێویستە جیاوازی لە نێوان بژاردەی ئامرازی و بژاردەی هزریدا بکرێت. پێویستە ئۆلیگارشی، بژاردەی سیاسی بگۆڕێت بۆ ئۆلیگارشی بژاردەی سیاسەتزان، بژاردەی ئاکادیمی و زانستی کەڵکیان لێوەربگیرێت. زانکۆکانی بیانی و خۆیی پەیوەندییان لەگەڵ حکوومەت بەهێز بێت. بۆ وێنە دەکرێ سوود لە بژاردە هزرییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەربگیرێ کە لە زانکۆی وڵاتانی دەورووبەر پێ گەییون و ئەکادیمیی کوردی تێدا دروست بوون و لە ئاستێکی زۆر باشی زانستیدان، ئەم کەسانە بەبێ ئەوەی ئێمە بە پرۆژەیەکی الوازی وەک توانا‌سازی خەرجیان لێبکەین لە ئاستێکی بەرچاوتردان.

سەربەستیی حکوومەتی کوردستان: حکوومەتی هەرێم دەبێ ئاستی فەرهەنگیی پێکهاتە کۆمەاڵیەتی و کەلتوورییەکان بباتە سەرێ بۆ ئەوەی بتوانێ وەک دەسەاڵتێکی بیرۆکراتیک بەسەربەستی و ڕچەشکێنی کار بکات. هەروەها پێویستە هەندێک جار بە شێوازی بەربەرەیی و لە هەندێک شوێندا بە هێزێکی شۆڕشگێڕانە بەبێ ڕەچاوکردنی خواستە نەخوازراوەکان هەنگاو بنێ. دەبێ بۆ هاوسەنگیی نێوان حکوومەت و کۆمەڵگە کار بکات. بۆ وێنە زۆر شتی باریک و ورد هەن کە حکوومەت دەتوانێ باوەڕە خوڕافی و خراپەکان بە زانستی هێرمنۆتیک(11) و ئامرازی نوێگەرایی ئایینی چارەسەر بکات و تەنانەت توندڕەوی لە کوردستان بگەیەنێتە نزمترین ئاست. دەزگەی بیرۆکراتیکی میتاسیاسی(12) :حکوومەتی کوردستان پێویستیی بە دامەزراوەیەکی بان-سیاسی و گەورەی پەرەسەندن هەیە، بە جۆرێک کە وەک حکوومەت لەناو حکوومەتدا بێت، بەپێی یاسای ناسراو و پەڕلەمانی، دەسەاڵتی خۆی هەبێ و بەرنامەی کورت و درێژخایەن دابڕێژێ. ئەم دامەزراوەیە دەبێ دامەزراوەیەکی میتاسیاسی بێت و ڕووی سیاسەتی و زانستیی هەبێ. بۆ ئەوەی هەر وەزیرێک خەونێکی خۆی نەکاتە سیستەمی وەزارەتێک و چیتر بە ئامرازی هەوڵ و هەڵە نەتەزین، پێویستە کادیری هەر حزب و الیەنێکی سیاسی بە مەرجی پابەندبوون بە بەرنامەکانی دامەزراوەی پەرەسەندن بێتە ناو حکوومەت، واتا وەزیر تەنیا دەسەاڵتی میکانیزم و ڕێگەی وەدیهێنانی بەرنامە گەورە و بەرفراوانەکانی دامەزراوەی پەرەسەندنی هەبێت.

کۆمەڵگەی مەدەنیی هاوتەریب: یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی و السەنگیی دیموکراسی لە باشووری کوردستان ئەوە بوو، کە هەر لە سەرەتادا بەبێ سازبوونی بەستێنی دیموکراسی و گۆڕانی کۆمەاڵیەتی، سیستەمی دیموکراسی بێ هەبوونی فەرهەنگی لیبرالی، کۆپی کرایە سەر کۆمەڵگەیەکی کالسیکی. بە واتایەکی دیکە دیموکراسی و پێشکەوتن لە کۆمەڵگەی کوردیدا شێوازێکی هەڵبژاردەیی و دەروونزای نەبوو، بەڵکوو بێ هەڵسەنگاندن و سەرنجاندن بە شێوەیەکی ئایدیەاڵیستانە و سەرمەستانە سەپێنرا. کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانیش لەناو ئەم مەغڵەمەیە سەری هەڵدا و الیەنە سیاسییەکانیش کەلکی ئامرازیی لێ وەردەگرن (وەک ئامراز بەکاری دەهێنن) و بۆ مەبەستی خۆیان بەنەزانی و کاڵفامانە دەکاری دەکەن. ئێستایش دەبێ ڕێکاری بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنی بخرێتە بەر، دەنا سەربەستی و تاکڕەویی حکوومەت بە نادیدەگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژێردەستیی کۆمەڵگەی مەدەنی زیانبار دەبێ. ئەڵبەتە وەک گوترا لە سەردەمی بەجیهانیبوون و مۆدێرنیزاسیۆندا(13) ناکرێ تیۆریی پەرەسەندنگەرایی بە میتۆدی کۆن دەکار بخرێت، بەڵکوو دەبێ لە نێوان دیموکراسی و پەرەسەندن هاوسازی بکرێت. ئەم هاوسازییە بە پارادایمی حکومڕانیی باش (Good Governance) دەگاتە سەرەنجام.

بەستێنی نێودەوڵەتی: دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان وایە کە ئەمڕۆ وەک ئەکتەرێکی گرینگی ناوچەیی دەرکەوتووە و، کاریگەریی هەیە لەسەر هەڵسووڕان و کایە نێودەوڵەتییەکانی ناوچەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست. تەنانەت ئێستا بابەتی ئاسایشیش لە دەستی دەوڵەتانی سەرەڕۆ هاتۆتە دەرێ، هەرێمەکانی وەک کوردستان، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان (چەندنەتەوەییەکان)، گرووپە نازادیخواز و تەنانەت گرووپە تووندڕەوەکانیش بوونەتە ئەکتەری گرینگی ئاسایشی. لەم ناوەدا حکوومەتی کوردستان وێڕای ئەو گرفت و فرەدۆزمنییەی کە هەیەتی لە مەشقی پێشکەوتن و دیموکراسیدا جێی ئومێدە. کوردستان لە ناوچەی پێکدادانی ئایدیۆلۆژییەکاندا (14) جێگەیەکی تایبەتی هەیە و ئەگەر هاوتەریب بێت لەگەڵ دەسەاڵتی هێژموونی جیهانی، ڕەنگە بتوانێ زەمینەی هاوکاری بۆ پەرەسەندن ساز بکات.

دەرەنجام

لە ڕێرەوی پرسیار و وەاڵمی ئەم نووسینەدا، لەناو چوارچێوەی تیۆریی دەوڵەتانی پەرەسەندنگەرا، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە زانستی سیاسەت لە بەرایەکان (ئەوڵەوییات)ی پەرەسەندنە و هێزی دەوڵەتی پەرەسەندنگەرا، هێشتا کارایی خۆی هەیە، ئەم تیۆرە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی نوێی جیهانی دەتوانێ بە ئامرازی سیاسەتی، خۆی بەڕۆژ بکاتەوە و بەرنامەی هەمەاڵیەنەی پەرەسەندن دابڕێژێ. بەپێی دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەاڵیەتی، حکوومەتی کوردستان لە دامەزراوەیەکی کلێشەیی و کۆن و الساندە، بەپێی قەبارە و توانای خۆی ڕەنگە بتوانێ بێتە حکوومەتێکی پەرەسەندنگەرا. وەاڵمی مەتەڵی حکوومەتی بەهێزی بەردەوام، تەنیا لەناو تەلەسکۆپی پەرەسەندندا دەبینرێ. دروستکردنی حکوومەتی پەرەسەندنگەرای کوردستان لە داهاتوودا دەتوانی ئامانجی سیاسی و پەرەسەندن بەیەکەوە ببات پێش. هەروەها حکوومەتی کوردستان توانای مرۆیی و سیاسیی بۆ ئەم مەبەستە هەیە. یەکێک لە میکانیزمەکانی ئەم کارە، دانانی دامەزراوەیەکی میتاسیاسی و سیاسەتیی پەرەسەندنە کە بۆ ئەم قۆناغە بە پێویستییەکی گرینگ دادەنرێ. بۆ دانانی دامەزراوەیەکی لەم چەشنە، پێویستە کەڵک لە ئەڵقەی بژاردە هزری و ئەکادیمییە لێهاتوو و لێوەشاوەکان وەربگیرێ، هەروەها زانستی جێبەجێکردن بۆ ئەم کارە زۆر گرینگە. ئەگەر پەرەسەندنگەرایی ببێتە گوتاری گشتیی خەڵک و الیەنەکانی سیاسی و ببێتە کاری سەرەکیی حکوومەت، بێ گومان بۆ گرفتە ناوخۆییەکانیش ڕێگەی عەقاڵنی دەگیرێتە بەر.

* نووسەر، دەرچووی قۆناغی دکتۆرای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران.
سەرچاوە: مالپەڕی پێنووس.

فەرهەنگۆکی (ڕۆژنامەی خەبات) بۆ ئەم بابەتە:

1- پارادایمی = نمونەی

2- ئێلیت = دانسقە،بەهادار.

3- بیرۆکراسیی = پەیرەو کردنی ڕۆتین بەوشکی، دامەزراوەی وشک و سستماتیک.

4- ئۆلیگارشی = حوکمی کەمینەیی،ئیدارەدان لەلایەن چینێکی دیاریکراو.

5- تەکنۆکرات = تەکنیک کار، پیشەیی.

6- فیدراسیۆنی = یەکگرتوو.

7- پۆتانسیێل = توانست.

8- ئانالیز = شیکار.

9- و زیان ناسیی ژپاتۆلۆژی : (pathology) بەشێکی زانستی تەندروستییە کە بە دوای ئەگەر و هۆکار و نیشانی نەخۆشییەکان دەگەڕێ و دەستنیشانیان دەکات. لەم گوتارەدا، مەبەست لەم دەستەواژەیە، شیتەڵکاری کردنە بۆ توانستەکانە لەپێناو زانینی کەموکورتی و ئاستەنگ و ئەو زەرە و زیانانەی لێی دەکەونەوە یاخود ڕێژەی گونجانیان بۆ کۆمەڵگای کوردستان.

10- پراکتیکی = جێبەجێ کردن (بواری جێ بەجێ کردن).

11- زانستی هێرمنۆتیک = بریتییە لە زانستی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆڕەوشت و کردار و گفتاری "هەرتەقە" و بیدعە لە نێو کۆمەڵگادا.

12- دەزگەی بیرۆکراتیکی میتاسیاسی: لێرەدا مەبەست لە دەزگایێکە یاخو گروپێک کە سیاسەتی حکوومەت دارِێژێت.

13- مۆدێرنیزاسیۆندا = هاوچەرخ.

14- ئایدیۆلۆژییەکان = بیروباوەڕ و ڕاو و بۆچون.



6ی ئۆکتۆبەر مێژوویا نەتەوەیەکێ



سەباح بەیتوللا

مللەتێ کورد ژی چەندین ڕێبەر و سەرکردێت قەهرەمان هەبوینە و هەمی ژیانا خۆ تەرخان کری یە بۆ خزمەتا گەل و وەلاتێ خۆ ، مەبەست لڤێ بابەتی دا بیرهاتنا (10/6/ 1958و 1993/10/6) یا ئێکێ ڤەگەریانا بارزانییێ نەمر و هەڤالێت خۆ ل سالا 1958ێ و یا دووبێ 10/6/ 1993 ژڤراندنا تەرمێن نەمرا بوو بۆ کوردستانێ ..

گەلەک سەرکردا ل دونیایێ ڕێپێڤان کرینە بەلێ زورەیا وان دناڤ ئاخاواندا بوویە وەکو ڕێبەرێ چینێ ماوتسی تونگی ... بەلێ ڕێپێڤانا بارزانییێ نەمر و هەڤالێن وی دناڤ جەرگێ سێ دەولەتێن داگیرکەرێن کوردستانێ بوویە مللەتێ کورد ژی چەندین ڕێبەر و سەرکردێت قەهرەمان هەبوینە و هەمی ژیانا خۆ تەرخان کری یە بۆ خزمەتا گەل و وەلاتێ خۆ ، مەبەست لڤێ بابەتی دا بیرهاتنا (10/6/ 1958و 1993/10/6) یا ئێکێ ڤەگەریانا بارزانییێ نەمر و هەڤالێت خۆ ل سالا 1958ێ و یا دووبێ 10/6/ 1993 ژڤراندنا تەرمێن نەمرا بوو بۆ کوردستانێ ..

گەلەک سەرکردا ل دونیایێ ڕێپێڤان کرینە بەلێ زورەیا وان دناڤ ئاخاواندا بوویە وەکو ڕێبەرێ چینێ ماوتسی تونگی ... بەلێ ڕێپێڤانا بارزانییێ نەمر و هەڤالێن وی دناڤ جەرگێ سێ دەولەتێن داگیرکەرێن کوردستانێ بوویە

... گەلەک جاران دیرۆک سەرکردە و ڕێبەرا دروست دکەتن ، بەلێ ب شانازیڤە دبێژین بارزانییێ نەمر دیرۆک دروست کر ... چونکی مللەتێ خۆ ل بێ هیڤی وبێ ئومێدیێ رزگار کر ... تەسلیمی ئیرادا دوژمن و داگیرکەران نەبوو....ومللەتێ خۆ ل نەمانێ رزگار کر ... لەوا گەلەک دسەربلندین کو بارزانی مستەفا ڕێبەر و سەرکردە و سومبول و ناسناما گەلێ کوردستانێ یە ... بارزانییێ نەمر (60)سالێن تەمەنێ خۆ تەرخان کرن بۆ رزگاریا کورد وکوردستانێ ... مللەتێ خۆ ل مللەتێن دیتر کێمتر نەدزانی و کەسایەتیا مللەتێ خۆ بلند و بلند ڕاگرت و دەست ژ بوهستەکا ئاخا کوردستانێ بەرنەدا ، لبەر ڤێ چەندێ گەلێ کورد بناڤێ پیرۆزێ بارزانی هاتە ناساندن.

بارزانییێ نەمر و هەڤالێن خۆ (11)سالان ل ئێکەتیا سوڤیەتا بەرێ مانەڤە و هەمی دەرگەهێ لێدان و گازیا مللەتێ خۆ گەهاندە هەمی دونیایێ کو مللەتەکێ هەیی بناڤێ کورد و ئاخەک ب ناڤێ کوردستان و یێن دهێنە جینوساید کرن و کاڤلکرن و وژدانا هەوە بلقیت بۆ پشتەڤانی کرنێ ل مللەتێ کورد ..

پروفیسور میخائیل لازاریف دبێژیت : ئێک ل بەرچاڤ ترین دەسکەفتێن خەباتا بارزانی بۆ کورد و کوردستانێ ئەوە : کێشا مللەتێ کورد ل کێشەیا ناوچەیی بکەتە کێشەکا نێڤ دەولەتی ،بارزانی شیا وان هەمی بەربەست و ئاستەنگا بشکێنیت و دەنگێ کوردا بگەهینیتە هەمی دونیایێ...

ل دەمێ ڤەگەریانا بارزانییێ نەمر بۆ عیراقێ ل 10/6/ 1958 خەلکێ عیراقێ ب کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی و نەتەوێن دیتر و ب کەرنەڤالەکا مەزنڤە هەمی چوونە پێشوازیێ و ئاهەنگ و دیلان گێران چونکی هەمیا بارزانی ب سەرۆکێ خۆ دزانی ... هەمی ئازادیخواز و ئاشتیخوازا ب سەرۆکێ خۆ دزانی ... خۆشی کەفتە عیراقێ ب ڤەگەریانا بارزانییێ نەمر و ئاسویەکێ نوی ڤەبوو وهەمی کەسەکێ هەست دکر کۆ خودان کەسایەتی یە و ئێدی زولم و زوری لێ ناهێتە کرن ، بەلێ مێژوویەکا مەزن بوو ، سەرۆکێ یەکا مەزن بوو ، نیشانا مەزناهی و کەسایەتیا ب هێزا بارزانی بوو.

ل 10/6/ 1993ێ ل دەمێ سێدارەدانی بەردەوامی گەنجانی کورد، هیچ مانگێک یان هەفتەیەک نییە ، کۆمەلێک چالاکی کورد لە سێدارە نەدات (تەنیا لە مانگی ئەیلولدا، 8 کوردی لە سێدارە داوە).

نزیکەی یەک سەدەیە ، وڵاتانی سووریا و عێراقی عەرەبی، چەپەڵترین جۆرەکان چەوساندنەوەی نەتەوەیی، گۆڕینی دیمۆگرافی دانیشتووان (کەرکوک و پشتێنی عەرەبی بە نموونە) ، قڕکردنی بە کۆمەڵ و تادوایی، لەدژی گەلی کورد ئەنجام دەدەن. ئەگەر عێراق دوای کەوتنی رژێمی دیکتاتۆری، دانی بە هەندێک مافەکانی کوردستان نابێت، کەچی ئەوە ڕێگەی لێنەگرت، لە 16 ئۆکتۆبەری 2017دا، هێرشێکی سەربازیی بکاتە سەری و 51% خاکی کوردستان داگیر بکاتەوە، بە خوێنێکی ساردیش قەسابخانەکەی خورماتو ئەنجام بدات، لە سووریای ئەمڕۆشدا، هەرچەندە تووشی دەردەسەری زۆر هات و ئەو مەینەتییەی پێیدا تێپەڕ دەبێت، کەچی هێشتا رژێم، دان بە بوونی کوردستانی نانێت، هەرچەندە کورد لە پێناوی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆری جیهانی و پاراستنی گەلی سووریا ، لە ناوچەکانی ژێر دەستیان، قوربانی زۆریان دا.

نزیکەی یەک سەدەیە ، گەلی کوردستان، نرخی ڕێکەوتنی بەریتانیا فەرەنسا ، لە کێشانی ئەو نەخشە گلاوە دەدەن، کە جاران و ئێستاش، بناغەی بێبەشکردنی گەلی کوردستانە، لە مافە مرۆیی و ڕەواکانی و بەردەوامیش دووچاری پێشێلکردنی تاوانکارانەی بێ شوومار دەبێتەوە، زێدەباری ئەو زیانە زۆرانەی بەر گەلانی ناوچەکە کەوتووە ، لەو جەنگانەی لەدژی کورد بەرپایان کردووە و زۆریش لە سەریان وەستاوە، بێئەوەی هیچ سوودێک لەو جەنگانە ببینن، کاریگەری بەرچاویشی بەسەرگەشەکردنی وڵاتەکانیاندا هەبووە.

کاتی ئەوە هاتووە، لەندەن و پاریس ، دامەزرێنەری دیموکراتیە تازەکان، بزوتنەوەکانی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و کەرامەتەکەی، چاو بەو تاوانە مێژوویییە لەدژی گەلی کوردستان (ڕێکەوتنی سایکس-پیکۆ، پەیماننامەی لۆزان.. تا دوایی) بخشێننەوە، کە هەزارەها قوربانی سڤیل و چەندین ئاکامی جەرگبڕ و کارەستباریان لێکەوتووەتەوە، دەستپێشخەری داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان بکەن و کاریش بۆ گێڕانەوە مافە زەوتکراوەکانی بکەن، چ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، چونکە قەت ئاشتی ڕاستەقینە لە ناوچەکە بەرپا نابێت، گەلانی ناوچەکە پێش ناکەون و ئایندەیەکی گەشیشیان نابێت، تاکو گەلی کوردستان لە مافە مرۆیی و ڕەواکانی بێبەش بێت. کاتی ئەوە هاتووە، سنووردێک بۆ ئەو تاوان و خوێن بەربوونی بەردەوامە دابندرێت، کە بووەتە بریندێکی قوڵ لە ویژدان و ناخی مرۆڤایەتی و پەڵەی شەرمەزاریی، بەسەر تەویڵی هەموو ئەوانەی، ئەو کارەساتەیان دروست کردووە.

و: ڕەمزی میرەکانی



کەینێ لەندەن و پاریس داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان دەکەن؟




سەربەست بامەرنی

لەگەڵ کۆتایی هاتنی یەکەم جەنگی جیهان و ، لە ئاکامی ڕێکەوتنی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا ، چەندین وڵاتی تازە لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست بوون، لەوانە سوریا ، لوبنان، عێراق، ئەردەن و چەند میرنشینێک، گەلی کوردستانیش، تاکە گەل بوو کە بێبەشکرا، چێژ لە ئازادی و وڵاتی سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت.

لەبەر ئەوە نا ، کە ئامادە نەبوو، یان نەیدەتوانی وڵاتی خۆی بەڕێوە ببات، چونکە هەندێ وڵات لە هیچەوە قووت کرانەوە، کە هەر بوونیشیان نەبوو ، بەڵکو بۆ ئەوەی هەر وەکو مۆڵگەیەک بۆ دڵەڕاوکێ و ململانێی هەمیشەیی، لەنێوان گەلی کوردی خەباتکەر لە پێناوی ئازادییەکەی و ئەو ڕژێمانە، کە کوردستانیان داگیر کردووە (ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا) بمینێتەوە، ئەوانەی هەرچەندە ململانێ و ناکۆکی توند لە نێوانیاندا هەبوو ، بەڵام یەکگرتوو و هاریکاری یەکتر بوون، بۆ ئەنجامدانی هەموو جۆرە سەرکوتکردنێکی خوێناوی و جۆرەکانی چەوساندنەوەی نا مرۆیی، بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی گەلی کوردستان و کپکردنی دەنگەکەی، کە داوای ئازادی و کۆتایی هێنان بەو ستەمە مێژوویییەی دەکرد، ئەوەی لە ئاکامی ڕێکەوتنی بەریتانیا و فەرەنسای ناسراو بە ڕێکەوتنی سایکس-پیکۆ بەری کەوت، ئەو ڕێکەوتنەی جاران و ئێستاش، هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەو شتانەیە، کە بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە، لە جۆرەکانی سەرکوتکردن، چەوساندنەوە، تەفرەدان و بێبەشکردن لە مافەکانی مرۆیی و دیموکراتیدا. نزیکەی یەک سەدەیە ، تورکیا (تاکو ئێستاش) بە شێوەیەکی دڕاندانە ، هەموو بزوتنەوەیەکی نیشتمانی کوردستانی سەرکوت دەکات، هەتا ئەوانەی یاسایی و ساغلەمیشن، تەنیا بەرەنگاربوونەوەی کورد لە بەرەنگاربوونەوەی نا مرۆیی، بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی گەلی کوردستان و کپکردنی دەنگەکەی، کە داوای ئازادی و کۆتایی هێنان بەو ستەمە مێژوویییەی دەکرد، ئەوەی لە ئاکامی ڕێکەوتنی بەریتانیا و فەرەنسای ناسراو بە ڕێکەوتنی سایکس-پیکۆ بەری کەوت، ئەو ڕێکەوتنەی جاران و ئێستاش، هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەو شتانەیە، کە بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە، لە جۆرەکانی سەرکوتکردن، چەوساندنەوە، تەفرەدان و بێبەشکردن لە مافەکانی مرۆیی و دیموکراتیدا. نزیکەی یەک سەدەیە ، تورکیا (تاکو ئێستاش) بە شێوەیەکی دڕاندانە ، هەموو بزوتنەوەیەکی نیشتمانی کوردستانی سەرکوت دەکات، هەتا ئەوانەی یاسایی و ساغلەمیشن، تەنیا بەرەنگاربوونەوەی کورد لە بەرەنگاربوونەوەی نا مرۆیی، بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی گەلی کوردستان و کپکردنی دەنگەکەی، کە داوای





عدنان فاخر/ دیانا

ڕێکەوتنێک لە ژێر کاریگەری چوار کایەی ناکۆک دا

هەڵسوکەوت لەگەڵ..... گرفتی گرفتەکان... بە دریژایی مێژووی سەدەیەک نەتەوەی کوردی بە ئەندازەیەک پشوو دریژو پشت ئەستور کردووە بە ئیرادەی مللەتەکەی ... دۆست و دوژمنانی سەرسام کردووە... سەرەنجام دوای چەندین کۆست و کارەساتی جەرگ بڕ بزاڤی کوردی لە مەیدانی جۆراو جۆری خەبات دا هەر چەقیوە... هەر لەم پێوەندییەدا لەپێناو پاراستن و بەردەوامی ئاشتی و یەکێتی نەتەوەیی بۆ ماوەیەکی دوور مەودا دەبێ هۆکارەکانی ئەم ئامانجە فەراهەم بکرێن و بپارێزرێن، لە کاتێکدا ئەم پرۆسەیە (ئاشتی و یەکێتی نەتەوەیی) کەم یا زۆر لەژێر کاریگەری چوار کایەی ناکۆک و ناتەبادایە:

1. کایەی یەکەم / بنیاتنانی پەیوەندییەکی دروست و پشت بەستنی تەواو بە ئێرانەوە کاریکی زۆر سەخت و دژوارە چونکە کەم یا زۆر ئێران دژی هەر نەرمیەکە لە بەرامبەر مافی کورد دا ئەگەر لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا بێ .. ڕوخاندنی کۆماری مهاباد و لەسێدارەدان و شەهیدکردنی سەرکردەکانی کورد و...نموونەی زیندوون .

2. کایەی دووەم / پشت بەستنی تەواو و خاتر جەمی بە تورکیا نزیکە لە مەحاڵ چونکە لە هەموو مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا تورکیا دژی هەر سەرهەڵدان و شۆڕشێکی کورد بووە، وا لە پێشکەوتوترین سەدەی مێژوودا سەدەی جیهانگیری و تەکنەلۆجیاو لە هیچ کونجێکی دونیا حاشا لە بوونی میللەتان ناکرێ لەم وڵاتە لەم سەدە پێشکەوتووەدا حکومەتی ئاکەپەی تورکیا حەزی خەلافەتی ئیسلامی سەرتاسەری زیندوو کردۆتەوەو کردویەتیە خەونە گەورەکەی خۆی بە هەزاران سەرکردەو چالاک وانی کورد قۆلبەست کراون و بە تاوانی کورد بوون لە زیندانەکاندا ژیانی نەمر و نەژی بەسەردەبەن.

3. کایەی حکومەتە عەرەبییەکان / هەر لەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەست بە کاربوونی هەرسێ (عەرش) ەکەی مەلیک فارۆقی میسرو مەلیک عبدالعزیزی سعودیەو مەلیکە هاشمیەکانی ئوردن و بەغدا دواتریش حوکمرانی بەعسییەکانی سوریاو عێراق بە گوتار دژی ئسرائیل و بە کردەوەش دوژمنی سەرسەختی کورد بوون... هیچ حکومەتێکی عێراق بەشێوەیەکی دیموکراسی ویاسایی دەستاو دەستی دەسەلاتی نەکردووە و هیچ یەکێکیشیان ئامادە نەبوە کێشەی کورد چارەسەر بکات وهەر یەکەیان لەوی تر خرابتر مللەتی کوردی سەر کوت کردووە....ئەوانەی ئێستاش ئەقلیەتی شۆڤێنی کۆنیان پێوە دیارە بەلام زەمان و زەمینە و فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکیەکان گۆڕاون.

4. کایەی چواردم / بریتی یە لە کایەی جنۆکە ئامێزی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە نە دەتوانێ پشتیان تێ بکرێ وە نە تەواو پشتیان پێ ببەسترێ ، چونکە هەموو ئەو سەرەتاو چەمکانەی کە لە پرۆژە و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسی لێوە کراوە لەناو بەرژەوەندی ئەمان تواونەتەوە، دابین کردن و بوونی ماف و چارەنوسی گەلان تا ئەو کاتە گرنگە و پشتیوانی لێ دەکەن کە بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێ... بۆیە بەڕێوەبردن و پێشکەوتن و هەبوونی کیانێکی کوردی وەکو هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی وەها و ناوچەیەکی هەمیشە گەرم و پڕ لە هێز و جەمسەری جیاواز و بەرژەوەندی جیاواز ئەقلیێکی وشیار و زیندوو ئەزموندار ی گەرەکە ... دیارە ئەم دۆخە بارگاویە کوردی گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی کە جگە لە تەبایی و یەک گرتن کوردستانێکی بەهێز تین و توانا لە هیچ چاوگ و سەرچاوەیەکی ترەوە وەرناگرێ و هەر خۆی و دەسکەوتە ئابووری و سیاسی و سەربازی یەکانی دەبنە شورا و پالپشت ...! وە هەر ئەم فاکتەرە خۆی و بابەتییە شە سەرکردایەتی کوردی کردۆتە (مەرجەع) ی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە بە دیاری کراویش بلیمەتی سەرۆک مسعود بارزانییە کە لە سەرۆکێکی هەڵبژێردراوەوە و دوای وازهێنانیشی کردۆیەتە سەرۆکێکی پێویست و کلیلی چارەسەرکردنی کێشە دوور و نزیک و گەورە و بچووکەکان... جا نەک هەر لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق بەڵکو بۆتە بەشێک لە چارەسەری کێشەکانی سوریا و ئێران و تورکیاش... ڕێکەوتن و یەکگرتنی ئەم جارەی هێزە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازە و هەقە بکرێتە خاڵی وەرچەرخان و هەرێمی کوردستان ببێتە یاریکەرێکی دیار و بەرجەستە لە هاوپەیمانییەکی گەورە و گرنگی ئقلیمی ونێو دەوڵەتی ...پێویستە و دەبێ ئەم دۆخەی ئێستا داگیرکەرانی کوردستان تێبگەوتوون وبەربەهێنرێت و سوودی لێ وەربگیرێت چونکە بە دریژایی مێژو ئەوان ناکۆکی و کێشە ناوخۆییەکانی کوردیان قۆستۆتەوە و کردوویانە بەردەبازی بەزاندنی سنوورە دەستکردەکانیان.

خانێ ی جزیری نزیکەی 350 ساڵ پێش ئێستا فەرمووبەتی:

گەر دێ هەبوویا مە ئینقیادەک

ڤێکرا بکرا مە ئیتیفاقەک

ڕۆم و عەرەب وعەجم ب تەمامی

هەمیا ژمەرا دکر غولامی

بەئومێدی هێنانەدی خەونی خانێ ی مەزن و هەموو هاوخەم وهاو ئامانجەکانی... کە بریتیە لە بەدی هێنانی کوردستانێکی بە هێز.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٤٧١٠٧ بەرروار: ٢٠١٦/١٢/٤ بەبڕی ٣,١٤١,٠٠٠ بەناوی بدری عسی ابراهیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای لازانو جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە فلات/ مزدوت بجادر ڕەنگ نفتی ژمارەی شاسی: WSMS٦٩٨٠٠٠٠٥٣١٢٤٩ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەیەکی پەیانگای تەکنیکی بەکرەجۆ بەناوی هێلین ئاراس محمود وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية الجنسية و الاحوال
المدنية لمحافظة اربيل
الواقعات

رقم:١٤٦٢٥
تاريخ: ٢٠١٩/١٠/١
اعلان

قدم المواطن (رايف عباس اسكندر) دعوى فى هذه مديريه لتبديل اسمه من (شهياز) الى (فەريـاد) فمن لديه اعراض مراجعه هذه مديريه خلال ١٥ ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بكعسه فسوف تنظر هذه المديريه فى الدعوى وفق احكام الماده ٢٢ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

اللواء الحقوقى/ نشات ابراهيم شلال
مدير الاحوال المدنية و الجوازات
و الاقامة/ وكالة

***

سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە

ژمارە: ٦١٧٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢
ئاگادارى

ئاماژە بە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی ڕاپەڕین بە ژمارە(٩٠١) لە(٢٠١٩/٩/٣٠), وە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی ڕاپەڕین بە ژمارە(٧٠٠/٤٠٨٨) لە (٢٠١٩/٨/٢١) ئاگادارى سەرجەم فەرمانگە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و هاوڵاتیانی خۆشەویست دەکەین کە شارەوانیهان هەڵدەستێت بە دانانی نەخشەی کەرتی مۆڵکی ژمارە(٢٥) کەرتی ٢ی کونەسێ لە سنووری شارەوانی ڕانیە. جا هەرکەس و لایەنێك ڕەخنەو پێشنیاری هەیە لەسەر بابەتەکە با لەماوەی (٣٠) ڕۆژ سەردانی شارەوانیهان بکات بە مەبەستی پێشکەشکردنی ڕەخنەو پێشنیارەکان بە پێچەوانەوە شارەوانیهان کاری یاسایی خۆی جێبەجێ دەکات.

مافناس/ سردار احمد جوامێر
سەرۆکی شارەوانی ڕانیە

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ١
ژمارە: ٣٢٧٢/ ش / ٢٠١٩
بەرروار: ١٦ / ٩ / ٢٠١٩
ئاگانامە

داواکار: رنا ضيدان عگلە : ناونيشان : سلێمانی
داوالەسەرکراو : محمد رميض
محارب : ناونيشان : نادیارە

داواکار (رنـا ضيـدان عگلـه) داوايەکـی بـه ژمـارە (٣٢٧٢/ ش / ٢٠١٩) لـەم دادگايـه تۆمارکـردووە لەسـەرت، وەلـەم داوايـەدا هاتـووە بـە (پەسـەندکردنی طەڵاقـی دەرەکـی) ، وە لەبـەر نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێبوونت، دادگا بریـاری دا ئاگادارتـان بکاتـەوە بەهـۆی دوو ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـەوە بـۆ ئامادەبونـت لـە ڕۆژی دادبینـی کـە دەکەوێتـە (٢٠١٩/١٠/٢٨) کات ژمێـر (٩:١٥) ی سـەرلەبەیانی بەپێچەوانـەوە ئامادەنەبـن خۆتـان یـان بریکارتـان ئـەوا داواکـە ئەبیـنرێ بەپـێ ی یاسـا .

دادوەری یەکەم / د. سردار علی عزیز

***

دادگەها کاروبارێ کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٧٧/م/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/١٠/٢
ئاگەهداری

بـۆ داوالێکـراو (بـرکات مـراد رکان) جهـی ئاکنجـی بوونـێ نەدیـارە داواکار (هنیـه سـیدو خـدر) رابویـه ب داوا شـەرعی ئـەوا ژمـارا وێ ل سـەری دیارکـری ل بەرامبـەر ڤێ دادگەهـێ تێـدا داخـازا جودابـوون (تفریـق) ژتـه دکـەت وژبـەر کـو جهـێ ئاکنجی بونـا تـه نەدیـارە لدویـف ئاگاداریـا هەلبژیـر ودەسـتەکا هەلبژارتنـا ناحیـا سـنونێ گونـدی دوکـری لـەورا بریـار هاتـه دان ئاگەهدارکرنـا تـه بێتـه کـرن ل دوو ڕۆژنامەییـن ڕۆژا نەییـێ نافخویـێ کـو ئامادەبـێ ل بەرامبـەر ڤـی دادگەهـی ل دەمژمیـر (١٠) سـپیدەهیا ڕۆژا ٢٠١٩/١٠/٢٢ ول بەرۆڤـاژی ڤـی جەنـدی دادبینـی ل دەرهەڤـێ تـەدا ب نەئامادەیـی وئاشـکرایێ هیتـه کـرن

دادوەر / زیرك محمد صديق عبدالكريم

***

دادگەها ماده كان دهوك

ژمارە/٧٣/مواد/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/١٠/٦
راگەهاندن

بو/داوالێکـراو (خديدا حسـن عيسـو) ل ديـف داخازيـا داخازکـەر (وارڤيـن جوقـی خرتـو) وکێشـا ژمـارا وێ ل سـەری دیـار تێـدا داخـازا (التفريـق والهجـر) وژبـەر نەدیـار بوونـا جهـێ ئاکنجی بوونـا تـه بـو دادگەهـێ ل ديـف نڤیسـارا بەربـژارێ تاخـێ گونـدی ئیسـیان ئەڤجـا بریـار هاتـه دان کـو ئاگەهدارىـا تـه بێتـه کـرن ب ڕێکـا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانـه دا ئامـاده بـی ل ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٢٢ یـان بریکارەکـێ ژ پێـش خوڤـه ئامـاده بکـه وبەرۆڤـاژیـا ڤـێ چەنـدێ دێ دادگاتـه پـا شـملی هێتـه کـرن

القاضی / شكر سلطان عدو

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ١٢٦١/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/١٠/٢
راگەهاندن

بو/داوالێکـراو (هلـز صديـق محمـد) ل ديـف داخازيـا داواکار (دل کـەش احمـد محمـد امين) وکێشـا ژمـارا وێ ل سـەری دیـار کـری تێـدا داخازيـا بريـارا پەسـەندکرنا جودابونـا دەرەکـی (تصديـق الطـلاق الخارجـی) کـری وژبـەر نەدیـار بوونـا جهـێ ئاکنجـی بوونـا تـه بـو دادگەهـێ ل ديـف نڤیسـارا بەربـژارێ تاخـێ رونـاهـی ئەڤجـا بریـار هاتـه دان کـو ئاگەهداریـا تـه بێتـه کـرن ب ڕێکـا دوو ڕوژنامێـت ڕوژانـه دا ئامـاده بـی ل ڕوژا ٢٠١٩/١٠/١٤ یـان بریکارەکـێ پێـش خوڤـه ئامـاده بکـه وبەرۆڤـاژیـا ڤـێ چەنـدێ دێ دادگەهـا تـه پاشـەملی هێتـه کـرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعيل

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٦٩١/ت/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٦
ئاگەهداری

ڕێڤەبەریـا مـه رادگەهینیـت بفروتنـا پارچـا ئـەردی یـا ژمـارە (١٣٨/١ کەرتـی ٣٩ کـری کـوری) یـا قـەرزدار (فاطمـه علـی خلـف) بـو جـارا دووی ئەڤجـا هـەر کەسـێ بڤێـت پیداچونـا ڕێڤەبەریـا مـه بکـەت دماوێ (١٥/پـازدە) ڕوژانـدا کـو دەسـپێدکەت ژ ڕوژا پاشـتر ژ بەلافکرنـێ ودڤێـت تەئمیناتێـن یاسـایی دگـەل خـو بینیـت کـو دبنـه (١٠٪) ژ بهایـێ هاتیـه دانـان دگـەل ناسنامـا عیراقـی وبـو زانیـن ڕەسـمێ لێسـەندنی وەدلالیـێ لسـەر بکـری نـه

ڕووبکرن :-
ژمـارە وجـه :- (١٣٨/١ کەرتـی ٣٩ کـری کـوری)
ڕەگـەز وجـۆر :- پارچـەکا ئەردیـه ڤالایـه ژ ئاڤاهـی
ڕووبەر :- (٢٠٠ م٢)
بهایـێ هاتیـه دانـان :- (١٣٢٠٠٠٠٠) سـیزده مەلیـون ودوو سـەد هـزار دینـارێ عیراقـی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلیمان خالد

***

تێبینەرایەتی تومارکایی خانوبەری ێ
جاردانـی داواکاری سـەرلەنوێ تومارکرینـەوەی خانووبـەر بەپـێ ی ئـەو داواکاری یـەی لـە بـەروارى ٢٠١٩/٩/٢٩ کـە پێشـکێش بـەم فەرمانگـەی کـراوە بـۆ سـەر لـە نـوێ تومارکردنـی تـەواوی خانوبـەری ژمـارە(٣/١٢٨) کەرەکـی سردبکـی بـە ناوی(احمد احمد رشید)کە لـە ژێـر دەسـتی یەتـی بـۆ مـاوەی یاسـایی وەك خاوەنـی وبـە مەبەسـتی چەسـپاندنی خاوەنداریەتـی یەکـی ی بـو ئـەوە بـە پـێ یـە یاسـایی تومارکردنـی خانوبـەری ژمـارە (٤٣) سـالی ١٩٧١ تومارېکرێـت بریارمانـدا داواکاری یەکـە بـلاو بکرێتـەوە جـا هـەر کەسـێ پەیوەنـدی هەبـێ یـا مافێکـی دیارکـراوە ل سـەر هەبـێ لـە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ لـە ڕۆژی دوای بلاوکردنـەوە کـە بەلگـەو قەوالـەی خـوی پێشـکێش بـەم فەرمانگەیـی بـکات ولـە کاتژمێریـی (١٠)ی بەیانـی ڕۆژی داوای کوتایـی هاوەیـی ئـەم بلاوکردنـەوی لـە شـونی خانوبوبەرەکـە ئامادەبێـت بـو سـەلماندنی مافەکانـی لـە کاتـی ئەنجامدانـی ئـەو نۆرینـە کـە لـە ڕۆژی بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئەنجـام دەدرێ

ماف پەروەر / حسن رمضان حبيب
تێبینەری تومارکاری خانووبەری ئامێدی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ٣١٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٦
جارِدان

بۆ/داوالێکراو (حمید احمد خاتمی بور)

داواکار (میـرزا نبـی محمـد) داوای ژمـارە (٣١٨/ب/٢٠١٩)ی لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرتان، وەلەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری (پاریـزگاری هەولێر/گونـدی مورتکـەی شـهاب) بۆیـە دادگا بڕیاریـدا بـە پێڕاگەیاندنـت بـە پابەندکردنـت بـە (٥١٤٢٧٥٧٩٥) پێنـج سـەد و چـواردە ملیـۆن و دووسـەدو حەفتـاو پێنـج هـەزارو حـەوت سـەدو نۆهـەدو پێنـج دینـاری عێراقـی بۆیـە دادگا بڕیاریـدا بـە پێڕاگەیاندنتـان بـە بڕیارەکـە لەڕێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخۆیـی هەرێمـی کوردسـتان بـەم بڕیـارە وبڕیارێکـی پاشـملەیە(قابلا للاعـتراض والاسـتئناف والتمییـز)ە ومافـی تانەدانـت هەیـە لـە بڕیارەکـە لەمـاوەی یاسـاییدا. بەپێـی‌وانـەوە بڕیارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت بەپێـی یاسـا.

دادوەر/کاوە صدیق حسین

***

پەیانگای تەکنیکی شەقڵاوە
بەشی کاروباری کارگێڕی
هۆبەی خوێندنی

ژمارە: ٣٥١٥
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢
بۆ/ بەڕێز (تانیا رامز حسێن)
بەناونیشانی (ی.ب.هونەری)
هۆشیارکردنەوە

دوابـەدوای فەرمانـی کارگێڕیـان ژمـارە ٣٣٦٤ لـە ٢٠١٩/٩/٢٥ وە لەبـەر بەردەوامـی پچڕانـت لـە کارەکـەی خۆت بەبـێ هـۆ بۆیـە هۆشـیارت دەکەینـەوە دەسـت بەکاربیـت بـۆ مـاوەی (٧) حـەوت ڕۆژ ئەگـەر لـە ناوەوەی هەرێمـی کوردسـتان بیـت وە (٣٠) سـی ڕۆژ ئەگـەر لـە دەرەوەی هەرێـم بیـت لـە ڕۆژی دەرچوونـی نووسراومـان بەپێچەوانـەوە بەدەسـت لـەکار کێشـانەوەی واتـە (فصـل مـن الوظيفـة) دادەنرێـت بەپێـی برگـەی (٣٧) لـە سـاڵی (١٩٦٠)ی هەمواركـراو.

د.عبدالهادی عمر قۆجە/ ڕاگری پەیانگە

***

سەرۆکایەتی شارەوانی خەبات
بەشی/ مولکایەتی

ژمارە: ١٢٢٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢
ئاگادارکردنەوە

ئامـاژە بـە نـووسراوی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی شـارەوانیەکانی هەولێـر/ ب. کاروبـاری یاسـایی ژمـارە (١٠٩٩٣) لـە ڕێکەوتـی ٢٠١٩/٩/١٢ ئـاگاداری گشـت خـاوەن گرێبەسـتی (مسـاطحة)کان دەکەینـەوە لـە سـنوری شـارەوانی خەبـات کـە مـاوەی گرێبەسـتەکانیان تـەواو بـووە پێویسـتە لەمـاوەی (١٥) ڕۆژ لـە دەرچوونـی ئـەم ئاگادارییـە سـەردانی سـەرۆکایەتی شـارەوانی خەبـات بکـەن بـۆ مەبەسـتی گەراندنـەوەی پرۆژەکـە و زەویەکـە بـۆ شـارەوانی وە کرێـی هاوتـا لەسـەرتان ئەژمـار دەکرێـت بـۆ ئـەو ماوەیـەی کـە بەکاردەهێنرێـت بەپێچەوانـەوە خۆتـان بەرپرسـیار دەبـن بەرامبـەر یاسـاو ڕێنماییـەکان.

ئەندازیار/ علی رشاد مصطفی
سەرۆکی شارەوانی خەبات

***

سەرۆکایەتی شارەوانی دارەتوو
هۆبەی مولکایەتی

ژمارە: ١٧٥٠/١١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢
جاردان

ئامـاژە بەنـووسراوی تێبینەرایەتـی تۆمارکردنـی خانوبـەرەی دەشـتی هەولێـر ژمـارە (٢٤٠٧) لـە ٢٠١٩/٩/٢٥ سـەرۆکایەتی شـارەوانیان هەڵدەسـتێت بـە گۆزینـی ڕەگـەزی مولکـی ژمـارە (٢١/٧٤١٣) ك ٧٢ دارەتـوو کـە بەکارهێنانـی بینـای گشـتی یـە بـۆ خزمـەت گـوزاری گشـتی لەلایـەن ناحیـە و شـارەوانی تەرخـان کـراوە بـۆ بـازاری سـەوزە و میـوە لەلایـەن ڕێکخـراوی (I O M) دروسـت کـراوە بۆیـە داوا لەبەرێزتـان دەکەیـن جاردانـی یاسـایی بـۆ بکرێـت بـۆ مـاوەی (٣٠) ڕۆژ لـە ڕۆژی دەرچوونـی ڕۆژنامەکـەوە جـا هەرکەسـ و لایەنێـك نارەزایـی هەیـە بـا سـەردانی سـەرۆکایەتی شـارەوانی دارەتـوو بـکات لـەو ماوەیـەدا. ئەندازیار/ جوان عمر ابراهیم
سەرۆکی شارەوانی دارەتوو

***

دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە/ ٢٠٧٠/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٦
جاردان

داواکار (بەرێوەبـەری ڕێپێـدراوی کۆمپانیـای مێگامـۆل سـەرەڕای کارەکـەی) داوای ژمـارە (٢٠٧٠/ب/٢٠١٩)ی لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لـە سـەر (شـێرکۆ جـلال فائـق) وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنی نادیـارە بەپێـی اشـعاری هەولێـر (مختـاری گەرەکـی خانـزاد و خانـزادی نـوێ و دۆلاواوە) لـە ٢٠١٩/٩/٣ بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بـە پێڕاگەیاندنـت لـە ڕێگـای دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لەدادبینـی ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٤) بەپێچەوانـەوە دادبینـی دەبینرێـت بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ شنۆ محمود علی

***

دادگای باری کەسێتی پیرەمەگروون
ژمارە: ٨٨/ش/٢٠١٩
بەرروار:٢٠١٩/١٠/٣
ئاگانامە

داواکار/ ديانـا عـماد حكيـم/ پيرەمەگـروون-
بريكارەکـەی پارێـزەر (هـاوڕێ هـادی حسـين)
بـۆ داوالێکـراو/ هـەردی طيفـور احمـد-
شـوێنت نادیـارە.

داواکاری سـەرەوە داوای ژمـارە (٨٨/ش/٢٠١٩)ی لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە داوای جیابوونـەوە (تفریـق)ی کـردووە بەهـۆکاری جێهێشـتن (هجـر) لەبـەر نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێبوونت دادگا بریاریـدا بەئاگادارکردنـەوەت لەڕێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ڕۆژانـەدا بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لەدادبینـی ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٤) بەپێچەوانـەوە دادبینـی دەبینرێـت بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ صباح قادر كاملا

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە: ٧٢٤١
ڕێکەوت:٢٠١٩/٩/٢٤
ئاگادارکردنەوە

بـۆ هاوڵاتـی کارزان کامـل حسـن) ئامادەبێـت لـەم دادگایـە لەمـاوەی (٧) حـەوت ڕۆژ بەمەبەسـتی سەرپەرشـتیاری منداڵەکـەت بەنـاوی (محمـد کارزان کامـل) ئەگـەر ئامـادە نەبێـت ئـەوا دایکـی منداڵەکـە بەنـاوی (ئاوێسـتا ادریـس محمـد) دەکەینـە سەرپەشـتیاری منداڵەکـە. ناوبـراو باوکـی کارزانـم کـە کورەکـەم لێـرە نییـە لـە سـویدە

دادوەری یەکەم/ د. سردار علی عزیز

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی
تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلیمانی
بەشی یاسا

ژمارە: ٧٤٢٧
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (٢٢٥١)

لەسـەر داوای بەڕێـز بەڕێوەبـەری ڕێپێـدراوی کۆمپانیـا (دلیـر محمـد مصطفـی) لـە کۆمپانیـای (نەمسـا بـۆ بازرگانـی گشـتی و بازرگانـی هەمـوو جـۆرە دەرگایەکـی ژوور و مدخـل/ سـنوردار) وە ئامـاژە بـە کۆنووسـی دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـا لـە (٢٠١٩/٩/١١) کـە تیایـدا بریـار دراوە بـە:

* پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (نەمسـا بـۆ بازرگانـی گشـتی و بازرگانـی هەمـوو جـۆرە دەرگایەکـی ژوور و مدخـل/ سـنوردار)
* دامەزراندنـی بەڕێـز (کاروان رشـید صالـح) وەك پاکتـاوکاری کۆمپانیـا.

تـا بەپێـی مـادەی (٢٠٦) لـە هەمـان یاسـای ئامـاژە پـێ کـراوی سـەرەوە بڵاوبکرێتـەوە.

سۆران احمد اسماعیل
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی
٢٠١٩/١٠/٢

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٧٩٢٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (PURE HEALTH PHARMA)
بۆ هێنانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی/سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (PURE HEALTH PHARMA) بـۆ هێنانـی دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی/ سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/٩/٣٠) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەڕێڕپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (فرمـان رشـید حمـد) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای ناوبـراو, مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـاددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٨٢١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دێگەڵە) بۆ بازرگانی گشتی
و گواستنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان/سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (دێگەڵـە) بـۆ بازرگانـی گشـتی و گواسـتنەوەی بەرهەمـە نەوتییەکان/سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/٩/٢٩) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (بـژار صـلاح الديـن محمـد) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای ناوبـراو, مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـاددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٣

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کۆمپانیـای (دێگەڵـە) بـۆ بازرگانـی گشـتی و گواسـتنەوەی بەرهەمـە نەوتییەکان/سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە لقـی کۆمپانیـای (PURE HEALTH PHARMA) بـۆ هێنانی دەرمان و پێداویستی پزیشـکی/ سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٠٤١/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: قاسم فارس طاهر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دوکان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٦/ت/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هاوکار عارف علی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (خورمال) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٠١٩/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/١٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نەبەز رفیق محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٩٨/٢٨٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب/ئاسایشی سلێمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٠٤١/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: قاسم فارس طاهر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دوکان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٠١٩/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/١٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نەبەز رفیق محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٩٨/٢٨٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب/ئاسایشی سلێمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٦٦٥/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٩/٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو:
یاسین فتاح عبدالکریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١٠ف٥) لەیاسای باری کەسیەتی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر محمد نوری
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٤١٢/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٩/١٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو/ وریا صابر
گوڵ محمد ناوی دایکی: غدوه حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) غیابی بەشێوەی ئاشکرا لە دۆسیەی کەتنی ژمارە ٤١٢/ك/٢٠١٩ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی ماددەی ١/٢١ لە یاسای هاتووچۆ وە غەرامەکردنی بەبری ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار بەپێی بەشی ١/٢١ لە یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی سالّی ٢٠٠٤ هەموارکراو ئەگەر غەرامەکەی نەدا حبس بکرێت بە حبسی سوك بۆ ماوەی (١٦٦) سەدو شەست و شەش رۆژ.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/شیرین علی حمەسور
* * *
لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٣٢٠/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: زانا عمر عزیز
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی بەشی (١/٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٨٨٨/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٩/١٦
بۆ/ تاوانبار/ محمد طاهر کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٦ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی ماددەی ١/٢١ لە یاسای هاتووچۆ وە غەرامەکردنی بەبری ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار بەپێی بەشی ١/٢١ لە یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی سالّی ٢٠٠٤ هەموارکراو ئەگەر غەرامەکەی نەدا حبس بکرێت بە حبسی سوك بۆ ماوەی (١٦٦) سەدو شەست و شەش رۆژ.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/شیرین علی حمەسور
* * *

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

Job Vacancy	
Position Title	**Warehouse Supervisor**
Direct Supervisor	Supply Chain & Contracts Manager
Department	Supply Chain
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: WS/SC/Oct /19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Organizes, leads, plans, and controls the activities of assigned personnel in the Materials Operations area. Supervises and controls the receipt, issue and storage of all spare parts, materials and equipment in the correct quantities. Supervises the safe custody of materials and equipment stored in warehouse. Manages and maintains close control over the warehouse data systems covering all related transactions. Establishes work procedures and hours to meet warehouse demands as dictated by operation and maintenance schedules and work flow. Enforces safety procedures and regulations and related company policies and ensuring education and adherence to the staff. Recommends measures to improve quality of service, increasing efficiency of department. Reports to the Supply Chain & Contracts Manager.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS
Warehouse Supervision
1. Ensures adequate and suitable storage facilities are prepared and appropriate handling equipment available for efficient receipt, storage, issue, and distribution of materials.
2. Acts as a focal point in supply and handling matters advising user departments of the company policies and sections capabilities to meet the requirements. Seeks new ideas or suggestions for improvement.
3. Supervises and controls the receipt of all spare parts, materials and equipment in the correct quantities, quality and condition as requisitioned in accordance with established procedures and standards.
4. Ensures all materials received are properly inspected prior to acceptance; ensuring that specifications are confirmed so that all accepted materials are as per specifications.
5. Supervises and controls the issue & storage of all spare parts, materials and equipment in the correct quantities, location, quality and condition.
6. Ensures all activities concerning movement of hazardous materials are carried out in a safe manner and that storage is arranged in accordance with agreed materials segregation plan.
7. Ensures that appropriate housekeeping is maintained to safeguard warehouse inventory stocks against any losses or damage.
8. Plans and prioritizes all work performed at the warehouse within agreed work programs and contributes to the development of these.
9. Advises internal client user departments on delivery schedules of requested and available material.
10. Works closely with all client departments to provide advice and clarification on stores and warehousing issues. Coordinates with user departments to ensure timely supply/dispatch of required materials to meet operational needs.
11. Updates CMMS with materials issue to end-user.

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

12. Defines Preservation standards and maintain preservation of all stock material accordingly. Manages shelf-life control, ensuring that materials are batch managed by taking appropriate measures, as per established policies and procedures to ensure FIFO process and the safe disposal of materials that reached the end of their respective shelf-life.

Health Safety Environment & Quality Compliance
13. Ensures all operating, safety, environment and security procedures are followed in order to ensure the highest standards of warehousing operations are achieved.

Reporting and Communication
14. Reports to the Supply Chain & Contracts Manager on all warehousing issues and concerns.
15. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position
16. Continuously acquires knowledge and skills in warehousing operations.

Decision–making Authority

Working and Other Reporting Relationships

Supply Chain & Contracts Manager – KM LPG Plant	Frequent/daily

Supervisory Responsibility

Other Warehouse Personnel

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

University degree or Technical Diploma or equivalent

Minimum Professional Experience Required

Minimum of 5 years in a warehousing environment with at 02 least years at the Chief Storekeeper preferably in the Oil & Gas sector

Special Requirements and Conditions

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Strategic & creative thinking • Excellent communication, written & verbal skills in English and Kurdish • Leadership & motivation • Excellent knowledge of the Oil and Gas Industry • Time management • Knowledge sharing • Commitment to continuous learning	• Alertness & attention to details • Planning & forecasting abilities • Teamwork • Superior interpersonal abilities especially in multi-cultural environment • Problem solving & decision making • Stress tolerance • Honesty and confidentiality	• Excellent knowledge in warehousing and logistics operations in oil & gas industry • Excellent knowledge of oil & gas materials, specifications and standards • Safety consciousness • Extensive experience in dealing with suppliers and contractors • Good work knowledge of CMMS system related to warehousing module • Excellent computer skills (MS Office Suite) • Ability to operate Forklift • Knowledge of Computerized Inventory and Tracking Systems • Knowledge of HSE aspects and requirements as applied to industrial projects

Please submit your application or CV to our office addresses as below, no later than 16 October 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Warehouse Supervisor, Ref: WS/SC/Oct /19)

39یەمین ساڵوەگەڕی جەنگە خوێناوییەکەی ئێران - عێراق



بە بۆچوونی سەددام حوسێن کە لە دوای داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمەریکاوە لە دەسەڵات لادرا، خومەینی لە هەوڵدابووە شۆڕشێکی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا ئەنجام بدات، بە بۆچوونی خومەینیش سەددام پێی وابووە ئێران لە دوای شۆڕش لاوازبووە و هەوڵی داوە بە پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی ئێران داگیر بکات.

39ساڵ تێدەپەڕێت بە سەر جەنگی خوێناوی ئێران عێراقدا کە لە 1980دەستی پێکرد و ماوەی هەشت ساڵی خایاند، هێشتا مشتومڕ لەبارەی جەنگەکەوە بەردەوامن و هێشتا تاڵاوەکانی ئەم جەنگە لە یادەوەری خەڵکدا نەسڕاونەتەوە.جەنگی یەکەمی کەنداو کە لەلایەن حکوومەتی بەعسەوە بە "قادسیەی سەددام" و لای ئێرانیش بە "بەرگریی پیرۆز" ناسرا وەک یەکێک لە رووداوە هەرە گرنگەکانی سەدەی 20چووە ناو میژوو.هۆکاری جەنگەکە بۆ کێشەی سنوور، دەنگۆکانی دەستوەردانی کاروباری ناوخۆ و تۆمەتەکانی "گواستنەوەی شۆڕش" بە هێرشکردنە سەر هەردوو شاری ئەبادان و خورەمشەهیری پارێزگای خوزستانی ئێران لە 22ی ئەیلوولی 1980دەستی پێکرد.هەرچەند هیچ یەکێک لەو وڵاتانە لە جەنگەدا سەرکەوتوو نەبوو بەڵام بووە هۆی کارەساتێک کە یەک ملیۆن کەس گیان لەدەست بدەن.بە بۆچوونی سەددام حوسێن کە لە دوای داگیرکردنی عێراق لە 2003لە لایەن ئەمەریکاوە لە دەسەڵات لادرا، خومەینی لە هەوڵدابووە شۆڕشێکی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا ئەنجام بدات، بە بۆچوونی خومەینیش سەددام پێی وابووە ئێران لە دوای شۆڕش لاوازبووە و هەوڵی داوە بە پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی ئێران داگیر بکات.ئێران بەمەبەستی گواستنەوەی شۆڕشەکەی بۆ دەرەوە لە تەواوی جیهانی ئیسلامی رێکخراوی دامەزراند و بوودجەیەکی باشی بۆ تەرخان کرد. یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی خومەینیش "جیهان دەبێ لەبەرامبەر ستەمکاری داگیرکاری و دیکتاتۆریەت رابپەڕێت" بوو. بۆ ئەم مەبەستەش رێکخراوەکانی وەک حزبوللای لە لوبنان و جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین دامەزراند.خومەینی کە دوای ئەوەی لەلایەن شای ئێرانەوە پێش 1965دوای تورکیا بۆ عێراق دوورخرایەوە ماوەیەکی زۆر لە عێراق مایەوە و تا 1978کە چووە پاریس پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کەسایەتییە شیعە بەناوبانگەکانی عێراق پەیداکردبوو. ئەنجومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی عێراقیش لە 1982بە سەرکردایەتی باپیری عەممار حەکیم، سەید محەممەد باقر حەکیم لە ئێران دامەزرێنددرا.ئێران ژمارەیەک رێکخراوی دیکەی هاوشێوەیشی لە دژی سەدام دامەزراندبوو و سەدامیش ئەوانەی وەک نموونە بۆ پاساوەکانی دەهێنایەوە.ئاوی شەتولعەرەب کە خاڵی بەیەکگەیاندنی دیجلە و فوراتە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو ببووە هۆی ناکۆکی نێوان ئێران و عێراق و بەم هۆیەوە پشتگیری گرووپە چەکدارەکانی دژی یەکتریان دەکرد و تا وای لێهات جەنگێکی هەشت ساڵەی بەدوادا بێت.هەرچەند بەپێی پەیماننامەی سنووری 1937لە نێوان هەردوو وڵاتدا ئێران شەتولعەرەبی بۆ عێراق جێهێشت بەڵام رازینەبوونی ئێران بەمە لە ساڵانی دواتردا گرژی لە نێوان هەردوو وڵاتدا لێکەوتەوە. دواتر لەسەر داوای ئەمریکا لە 1975سەددام و محەمەد رەزا شا لە جەزائیر رێککەوتننامەی جەزائیریان واژو کرد بۆ دابەشکردنی ئاوی شەتولعەرەب لە نێوان خۆیاندا.هەرچەند ئەمە کۆتایی بە ناکۆکییەکانی ئەم دوو وڵاتە نەهێنا ، بەڵام پێکدادانیشی لێنەکەوتەوە بەڵام شۆڕشی ئێران بە سەرۆکایەتی ئایەتوللا خامنەیی لە 1979بووە هۆی پچڕانی هەموو پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئێران و عێراق.هەرچەند شەتولعەرەب بە هۆکاری جەنگەکەش بزاندرێت، وڵاتانی عەرەبی سوننە لە ترسی بڵاوبوونەوەی تەوژمی شیعەگەری و سەرچاوەی هاندانی ئەو تەوژمە پشتیوانییەکی بەرفراوانی سەددامیان کرد تا جەنگ لەگەڵ ئێران هەڵبگیرسێنێت.

لە جەنگەکەدا تاران و بەغدا بۆردومان کران

ئێران دەڵێت لە 4ی ئەیلوول عێراق لە سنووری وشکانییەکانەوە هێرشی کردووە.میدیاکانی ئێران بانگەشەی ئەوەیان کردبوو، بەرلە 22ی ئەیلوول حکوومەتی بەعس هێرشی ئاسمانی و زەمینیی بۆ سەر ئێران دەستپێکردووە، بەڵام سەرکۆماری ئەوکاتەی ئێران ئەبوحەسەن بەنی سەدر فەرمانی بە سوپا کردووە کە وەڵامنەدەنەوە. بەپێی بانگەشەکان ئەبوحەسەن بوێرێی ئەوەی نەبووە بچێتە نێو خاکی عێراقەوە. بەنی سەدر کە یەکەم سەرکۆماری دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە، لەگەڵ خومەینیدا دەبێتە کێشەیان و لەسەر کار لادەدرێت و دەچێتە فەرەنسا.هەردوولا بۆردومانی شارە گرنگەکانی وەک تاران و بەغدادیان کرد و زیانێکی زۆری سڤیلی لێکەوتەوە.

بانگەشەی وەرگرتنی چەک لە ئیسرائیل لەلایەن ئێرانەوە و لەسێدارەدانی هاشمی

مەهدی هاشمی کە لە دامەزرێنەرانی سوپای پاسدارانە و کەسایەتییەکی ئایینی و دیاری هەواڵگری ئێرانە، دوای ئەوەی کرێنی چەک بە ئەمریکا (بەپێی گێڕانەوەیەکی دیکە لە ئیسرائیل) ئاشکرا دەکات، لەسەر تاوانێکی رابردووی لەسێدارە درا و ئەمەش یەکێک بوو لە یەکێک لەو رووداوانەی لەکاتی جەنگدا رووياندا و جێگای زۆرترین مشتومڕ بوون. هەروەها مونتەزەری کە چاوەڕوان دەکرا دوای خومەینی بچێتە دەسەڵات، لەدوای جەنگ لەپۆستی پارێزگاری دوورخرایەوە و لەساڵی 1997ەوە تا ساڵی 2009 کە کۆچی دوایی کرد، لەماڵەکەیدا دەستبەسەر بوو. مونتەزەری لەبارەی رووداوەکەوە ئەوانەی باس کرد، "نوێنەرەکانی رۆنالد ریگن بەنهێنی هاتنە تاران و مامەڵەی چەکیان ئەنجامدا. من نارەزاییم لەمە دەربڕی. گوتم بەو چەکەی لە ئیسرائیل کڕیومانە لەگەڵ عێراق بجەنگین؟ ئەمە هەڵەیە. چونکە ئەمەریکا لەڕێگەی ئیسرائیلەوە چەکی بە ئێران دەفرۆشت. گوتم کارێکی هەڵەیە چەک لە ئیسرائیلی دژی ئیسلام بکڕین و دژی موسڵمانانی عێراق پێی بجەنگین. شەوێکیش کە لەماڵی خومەینی کۆبوونەوە، باسم لەوە کرد کە کڕینی چەک لە ئیسرائیل هەڵەیە. ئەم هەواڵە لە رۆژنامەیەکی لوبنانی بڵاوبووەوە و بەرپرسان زۆر بەمە تووڕەبوون. لەبەرئەوە مەهدی هاشمیان دادگایی کرد و لەسێدارەیان دا.

هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکە

تورکیا بەدەرێژایی جەنگ بێلایەن بوو و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو وڵات درێژە پێدا. سعوودیە و وڵاتانی دیکەی عەرەبی لە کەنداو لایەنگری سەدام بوون و سووریاش لایەنگری ئێران بوو. بەپێی گێڕانەوەکانی مونتەزەری، هەوڵەکانی هەشتەمین سەرکۆماری تورکیا ، تورگوت ئۆزال و سەرۆکی ئەوکاتەی فەلەستین، یاسر عەرەفات بۆ ئاشتی بێ ئەنجام بووە و جەنگ بەردەوام بووە.

جەنگێکی خوێناویی بێ بڕاوە

ئەو جەنگە کە گیان لەدەستدانی نزیکەی ملیۆنێک کەس، بریندارببوونی دوو ملیۆن و زیانی ماددیی 150 ملیار دۆلاری لێکەوتەوە، بەدیلگرتنی سەدان هەزار کەس و بێ سەروشوێن بوونی دەیان هەزاری دێکەشی لێکەوتەوە و هەردوو وڵاتی رووبەڕووی وێرانکاریی قورس کردەوە. بەپێی بڕیاری ژمارە 598ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەردوو وڵات پێی رازی بوون، 20ی ئابی 1988کۆتایی بە جەنگەکە هێنرا.خومەینی بۆ دیداری ئاشتی سەرکۆماری پێشووتر، عەلی هاشمی رەفسنجانیی راسپارد و رێککەوتنەکەی هێنده بەلاوە سەخت بوو، بە "خواردنەوەی جامێک ژەهر" ناوی برد. لەماوەی چەند هەفتەیەکدا هێزەکانی ئێران خاکی عێراقیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ ئەو سنوورەی لە رێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی 1975دا دیاریکراوە. هەرچەندە بەپێی بڕگەی سێیەمی رێککەوتنەکە دەبوو دەستبەجێ هەردوولا دیلەکان ئازاد بکەن، بەڵام ئاڵوگۆڕی دیلەکان لەساڵی 2003دا جێبەجێ کرا. هەرچەندە هەردوولا رێککەوتوون، لەبەرئەوەی لایەنی هەڵگیرسێنەری جەنگەکە عێراقە، ئێران لەکاتی گرژیی پەیوەندییەکاندا کارتی قەرەبووی جەنگ بەکاردەهێنێت. هەر چەند کاتژمێرێک دوای ئەوەی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی بەر لە کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق رایگەیاند کە بەناچاری پابەند دەبن بە سزاکانی سەر ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە، بەرپرسانی ئێران کارتی قەرەبووی جەنگیان خستە نێو رۆژەقەکانەوە.ئێران کە لایەنێکی جەنگەکەیە، تا ئەمڕۆ نزیکەی 250فیلمی سینەمایی و دەیان کتێبی لەسەر جەنگەکە دەرکردووە و چەندین مۆزەخانەی کردووەتەوە و ساڵانە چەندین ڕێوڕەسم رێکدەخات.

22بۆ 29ی ئەیلوول هەفتەی "بەرگریی پیرۆز"ە لە ئێران و تێیدا چەندین چالاکیی و نمایشی سەربازی ئەنجامدەدرێت.



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1949:
وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە دامەزرانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، بە فەرمی لەدایکبوونی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات راگەیەنرا .



ساڵی 1950:
سوپای چین هێرشی کردە سەر هەرێمی تبت و کۆتایی بە سیستمی ئۆتۆنۆمی هێنا.



ساڵی 1951:
دەستووری لیبیا لە شاری بەنغازی راگەیەنرا و ئەو وڵاتە بووە خاوەنی سیستمی پادشایەتی .



ساڵی 1959:
ژمارەیەک چەکداری سەر بە حزبی بەعس هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسمیان دا .



ساڵی 2001:
لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر ئەمەریکا هێرشی کردە سەر ئەفغانستان .



ساڵی 2016:
باهۆزی ماسیۆ لە 6 وڵاتی ڕۆژئاوای ئەتلەنتی دا و بووە هۆی کوژرانی 850 کەس .

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/10/7 ژمارە (5843)

زمانی ژمارە

بارودۆخی سەختی عێراق
لە ئامارەکانی ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچدا



عێراق بە خراپترین قۆناغی مێژوویی خۆیدا تێدەپەڕێت،ئەمەی خوارەوە نوێترین زانیاری ڕێکخراوی (هیومان رایتس ووچ)ە دەربارەی 14ساڵی ڕابردووی عێراق:

- 3ملیۆن و 400هەزار ئاوارەی 64ولآت بوونە.
- 4 ملیۆن و 100هەزار ئاوارەی ناوخۆ (لەناو عێراقدا) هەن .
- 1ملیۆن و 700هەزار کەی لە ئۆردوگاکان ژیان بەسەر دەبەن.

5ملیۆن و 600هەزار منداڵ و گەنجی بێ دایک و باوک (لە نێوان مانگێک بۆ 17ساڵ) هەن.

- 2ملیۆن بێودژن (لە نێوان 15بۆ 52ساڵ) هەن .
- 6ملیۆن نەخوێندەوار کە نووسین و خوێندنەوە نازانن، لە پێشیانەوە شارەکانی (بەسرا، بەغدا، نەجەف، ئەنبار) هەن.
- 31%ی هاوڵاتییان بێ کارن ،لە پێشیانەوە شارەکانی موسەنا ، بەغدا، دیالە، ئەنبار، بابل، بەغدا و کەربەلا.
- 35%ی عێراقیەکان لەژێر ئاستی هەژاریدا دەژین.
- 6%ی خەڵک حەشیشە و ماددەکانی بێهۆشکردن دەکێشن ،لە پێشەوەی ئەو شارانە (بەغدا، بەسرا، نەجەف، دیالە و واست.
- 9%ی منداڵانی خوار تەمەن 15ساڵ کرێکاری دەکەن.
- 39جۆر نەخۆشی لە عێراق بڵاوبوونەتەوە، لەوانە :کولێرا، ئیفلیجی منداڵان، نەخۆشیەکانی جگەر، شێرپەنجە .
- وەستانی 828.13هەزار کارگە و دەزگای بەرهەمهێنان لە کارکردن .
- دابەزینی ئاستی کشتوکاڵ لە داچاندنی 48ملیۆن دۆنم بۆ ١٢١٢ ملیۆن دۆنم زەوی .
- هاوردەکردنی 75%ی بەرهەمی خواردەمەنی و 91%ی ماددەکانی تر لە دەرەوە.
- خوێندنی بنەڕەتی لە خراپترین بارودۆخیدایە (لە 658.14هەزار قوتابخانە، 9هەزاریان زیانیان بەرکەوتوە و وپێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە ، 80هەزاریان بە قوڕ دروستکراون، عێراق پێویستی بە 11هەزار قوتابخانەی نوێ هەیە.
- عێراق 124ملیار دۆلاری 29ولآتی جیهان قەرزارە.
- ئەگەرچی بڕی داهاتی فرۆشتنی نەوت لە سالآنی 2013تا 2016گەیشتۆتە هەزار ملیار دۆلار، کە نەتوانراوە چارەسەری هیچ کێشەیەکی بنەڕەتی بکرێ چونکە زۆربەی ئەو داهاتە دیارنەماوە.

سەرچاوە: ڕێکخراوی مافی مرۆڤ - ئەیلولی 2019









مانشێت



سکای نیوز:
بەرپرسی گفتوگۆکانی نێوان کۆریای باکور و ئەمەریکا ڕایگەیاند: ئەو دانوستانەی کە لە سوید سەبارەت بە چەکی ئەتۆمی لەنێوان هەردوولا لە ئارادابوو شکستی هێنا.



بی بی سی:
پۆلیسی ئسپانیا لە هەرێمێکی سەر بە مەدریدی پایتەخت کەسێکی بە ڕەچەڵەک عەرەبی بە تۆمەتی ئەندامێتی لە ڕێکخراوی داعش دەستگیر کرد.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
پۆلیسی فەرەنسا ڕایگەیاند ئەو ڕووداوەی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو لە بنکەیەکی پۆلیسی پاریس ڕوویدا، مۆرکی تیرۆرستی پێوە دیارە.



ئەی ئێف پی:
لە شاری ئەدنبرە لە سکۆتلەندا، هەزاران کەس هەڵڕژانە سەر شەقام و داوای سەربەخۆیی سکۆتلەندایان کرد.



ئیلاف:
سەرۆکی هۆنگ کۆنگ دووپاتی کردەوە کە خۆپیشاندەرانی هۆنگ کۆنگ هەوڵی خولقاندنی گێرەشێوێنی و ترس دەدەن لەناو کۆمەڵگادا .



کەنالی ئار تی :
ئەمەریکا سەبارەت بە پەردەسەندنی ئالۆزیی نێوان تورکیا و قوبرس هۆشداری دا.



ئایا راستە هەر هەموو هەسارەی زەوی بۆماوەی شەش رۆژ تاریکدادێت؟

لە ساڵی 2012، هەواڵ و پڕوپاگندەیەکی نەوەک نێوەخۆیی، بەڵکو جیهانیی بووە هۆی نانەوەی دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقینێکی زۆر لەنێو خەڵکیدا، گوایە بە پێی رۆژ ژمێری (مایا) یی کۆن، لە 2012.12.21دونیا کۆتایی پێدێ و زەوی لەناودەچێ! سەرەڕای بە درۆخستنەوەی ئەو پڕوپاگندیە لەلایەن زانایانی نێو گەورەترین دەزگا فەلەکناسییەکانی جیهان، وەک (ناسا)، بەڵام پڕوپاگندەکە تا دەهات زیاتر لەنێو تۆزە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەر بڵاوتر دەبۆوەو ئەو ترسە لەو رۆژەدا هەر لەنێو دڵ و گیانی خەڵکی سەر ئەو هەسارەیەدا مایەوە، تا بەرەبەیانی 2012.12.21 هات و خەڵکیش چاوەڕوان بوون کە دەستپێکی ڕووخان و لەناوچوونی گشتگیر لەسەر هەسارەکەمان ڕووبدات، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە، خۆر هەڵات و چریکەی چۆلەکەکان هەر وەکو خۆی بوو و لە کوردستانیش لەو رۆژەدا بارانێکی هێندە زۆر باری تا ڕادەیەکی ئەوتۆ هەور دونیای تاریکدادەنابوو، ئیدی، هیچ ڕووینەدا!.



جەمسەری باشووری مانگ لە ئاسمانی پایتەختی هەرێمی کوردستاندا

لە هاوێنەی تلسکۆپەکانی (ڕێکخراوی فەلەکناسی کوردستان) ەوە لە میانەی چالاکی نێو دەوڵەتیی (شەوی جیهانیی ڕوانگەکردنی مانگ - 2019)

شەممە، 2019.10.5 کاتژمێر 08:43 بەکاتی هەولێر.

هەولێر، پارکی مناره.

هێندەی پێنەچوو دوای ئەو پڕوپاگندەیەو لە ساڵی 2014، یەکێکی دیکە بەناوی (تاریکداهاتنی گشتگیری زەوی) بەهۆی (گورزێکی کارومۆگناتیسی لە خۆرەوە) هاتە ئاراوەو جارێکی دیکەش، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و خەڵکێکی زۆر دەستیان کردەوە بە نەریتی (COPY-PASTE) ی کوێرانە بێ ئەوەی لە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە لە ڕاستی و دروستی ئەو پڕوپاگندە بێ بنەمایەدا بکۆڵنەوە! تا لە کۆتاییدا وادەی ڕووداوی ئەویش وەکو (دونیا کاوڵبوونەکەی 2012) هات و ڕۆیشت و دیسان هیچ ڕووینەدا! نە زەوی تاریک و نەڕووناکتریش بۆوەو ڕیتمی ئاسایی ژیان وەکو خۆی بەڕێوەچوو!

بێگومان، دەزگاو پسپۆڕانی فەلەکناسی ئەوکاتە بە هەموو شێوەیەک بەرپەرچی ئەو پڕوپاگندەیان داوەو هەر گەلێ زووش بە بێ بنەماو بێ (ئەصل و ئەساس) یان لە قەڵەمدا، کەچی دیسان هەمان پڕو پاگندە لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا سەر هەڵدایەوە! هەروەک جاری پێشوو، ئاماژەی بە (تاریک داهاتنێکی گشتگیری شەش ڕۆژیی) دەکات لەسەر هەسارەی زەویدا، بەهۆی (گەردەلوولێکی کارۆمۆگناتیسی) دەڕچوو لە تەقینەوەکانی خۆر لە چەند هەفتەیەکی داهاتوودا کە دەبێتە هۆی پچڕاندنی بواڕەکانی پەیوەندی لەسەر زەوی و پاشان تاریکداهاتنیدا!

پێش ئەوەی دەستبکەم بە ڕوونکردنەوە، بێگومان ئەم هەواڵە لە دەستپێک تا کۆتایی هیچ بنەمایەکی زانستیی ڕاست و باوەڕپێکراوی نییە، بەڵکو ڕوون و ئاشکرا دیارە کەوا تێکەڵکردن و شێواندنی تەواوی ڕاستییە زانستییە باوەڕپێکراوەکانە جا یان ئەوەتە بەهۆی هەڵەی زەقە لە وەرگێڕانی هەواڵ و لێکۆڵینەوە زانستییەکان، یان نەزانینە لە چۆنیەتی دارشتنەوەی دەقە سەرەکییە ڕاستەکەو کە لە کۆتاییدا ونبوونی دەرئەنجامەکەی لێدەکەوێتەوە، یانیش بە (ئەنقەست) و لە پێناو سەرنجڕاکێشانی خەڵکە بۆ ئەو کەس و پەیج و دەزگایانە لە پێناو هەندێ مەرامی زۆر سادەو ساکار کە بریتییە لە خۆ دەرخستن یان زیادکردنی ژمارەی بینەر و شێرو لایک و کۆمێنتە ...هتد!

بۆ ئەوەی تەواوی ڕاستیی ئەو پڕوپاگندەیە ئاشکرابکرێ، بابێین لە ڕووی زانستییەوە ئەو هەواڵەی تاریکداهاتنی زەوی بخەینە نێو هاوکێشەو تەرازووی ڕاستەقینەی یاسا فیزیا - فەلەکییەکان و پاشان دوای لێوردبوونەوەمان بزانین جێگای دەبێتەوە یان نا ؟

سەرەتا، گرێمان: (زەوی تاریک دادێ)، کەواتە بێگومان پێویستە هۆکار هەبێت بۆ ڕووداوی ئەو دیاردە گەردوونییە یەگجار زۆر مەترسیدارە، ئەوە ئەگەر ڕووبدات، کە ڕووش نادات، بەڵام با بزانین کامە هۆکار لەوانەی خوارەوە ڕوو دەدەن لەو چەند هەفتەیەی داهاتوو بۆ تاریکداهاتنی گشتگیری زەوی؟!.

ئایا خۆر وەک نزیکترین ئەستێرە لە زەوی، لەماوەی چەند هەفتەیەکی داهاتوودا سووتەمەنییەکەی نامێنێت؟

نەخێر: چونکە هیچ نیشانەیەکی شڵەژانی خۆر بەسەرییەوە دیارنییە! وە پسپۆڕانی فەلەکناسی دەڵێن کەوا لە ڕووی زانستییەوەو بەپێی بارستایی ئێستای خۆرو ڕێژەی بوونی سووتەمەنییە هایدرۆجینییە مەزنەکەی و ئاستی سووتاندنی، ئەوا ڕەنگە خۆر بۆماوەی سەدان ملیۆن ساڵی دیکەش وەک سەرچاوەی ڕووناکی و گەرمیی بۆ هەسارەی زەوی بمێنێت.


ئایا تەنێکی ئاسمانیی زۆر گەورە لەنێوان زەوی خۆردا تێدەپەڕێت؟

نەخێر: هیچ شتێکی لەو بابەتەدا لە ئارادانییەو هیچ تەنێکی ئاسمانیی نامۆی گەورە نەهاتۆتە نێو سیستەمی خۆرو خولگەی هیچ هەسارەیەکیش نەشڵەژاوە تا لە زەوی نزیک بکەوێتەوە.،

دیسان دەڵێم (گرێمان) تەنێکی ئاوا زۆر گەورەی نامۆ بێتە نێوان زەوی و خۆرەوە، ئەوا پێویستە زۆر لێمانەوە دووربێ تا بەبەر هەسارەکەماندا نەکەوێت و وە بێ شک پێویستە یەگجار زۆر گەورەبێ تا لەو دووربییەوە بتوانێ تەواوی تیشکی خۆر لە زەوی بگرێت، یانیش گەورە نەبێت، بەڵام زۆر لە زەوی نزیک بکەوێتەوە تا بتوانێ تیشکی خۆر لە تەواوی گۆی هەسارەی زۆر کورت دەیانگرێتەوە کە سێبەری مانگی بەسەریاندا تێدەپەڕێت نەوەک تاریکداهاتنێکی گشتگیری هەسارەی زەوی.

ئایا زەوی لە خولانەوە بە دەوری خۆیدا دەوستێت؟

نەخێر: بەڵام گرێمان زەوی لە خولانەوە بە دەوری تەوەری خۆیدا وەستا، خۆ ئەوکاتیش هەموو ڕووی هەسارەکەمان تاریکی بەسەریدا نایەت، بەڵکو ئەولایەی کە دەکەوێتە بەرامبەر بە خۆر دەبێتە ڕۆژێکی بێ شەوو و لایەکەی زەویدا بگرێت، هەردوو حاڵەتیش دەبنە هۆی نانەوەی هەڕەشەی گەورە بۆ سەر زەوی و ئاژانسەکانی بۆشایی‌گەریی جیهانیی بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە بوونی تەنی ئاوا نادەن کە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ زەوی بکات هەر لە بنەڕەتەوە بوونیان هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی زانستیی باوەڕپێکراویان نییە.



ئایا بەرکەوتنێکی 100%ی هەیە لەنێوان هەسارۆکەیەکی گەورەو هەسارەی زەویدا؟

نەخێر: ئەگەر خوانەخواستە شتی وا ڕووبدات ئەوا دیاردەی (زستانی ناووکی ڕووەدات) کە بریتییە لە گرتنی تیشکی خۆر لەسەر ڕووی زەوی لە دەرەنجامی بەرکەوتنی هەسارۆکەیەکی گەورە و بەرز بوونەوەی بارستەیەکی یەگجار زۆر مەزنی تۆزوخۆڵ بۆ ئاسمانی هەسارەکەمان کە بە دەوربیەوە دەبێتە هۆی گرتنی تیشکی خۆر لە ڕووی زەوی بەمەش پلەکانی گەرما خێرا دادەبەزن و ڕووپۆشی ڕووەک و دارو درەخت لەناو دەچن و دوای چەند مانگێکیش گیاندارەکان و ئینجا ئادەمیزاد، بەهۆی لەناوچوونی سەرچاوە سەرەکییەکانی خۆراکەوە.

گومان لەوەشدا نییە کەوا تا ئێستاو لە داهاتووشدا هیچ جۆرە هەسارەیەک هەڕەشەی نییەو ناشبێت بۆ سەر هەسارەی زەوی و ژیان لەنێویدا.

ئایا بەهۆی خۆرگیرانەوە دەبێت؟

نەخێر: ئەگەر خۆرگیرانیش ڕوش بدات ئەوا چەند ناوچەیەک لە جیهاندا نیمچە تاریکییەک بۆ ماوەی چەند خولەکێکی دیکەش دەبێتە شەوێکی بێ ڕۆژو چەند ناوچەیەکیش بە درێژایی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان شەوو ڕۆژدا دەکەونە بەرەبەیانێکی بەردەوام و ئەوانی دیکەش دەکەونە نێو کاتێکی پێش ئاوابوونی خۆر، یان (مەغریب) یەکی بەردەوام.

ئایا بەهۆی تەقینەوەی گرکانی یەگجار زۆر گەورە لەسەر ڕووی زەویدا دەبێت؟

نەخێر: هیچ لایەن و دەزگایەکی زانستیی لەسەر زەوی ناتوانێ پێشبینی دیاردەیەکی ئاوا مەزن بکات لەسەر هەسارەی زەوی، وە ئەگەر کاتی خۆیشی ڕوویدابێت، وەک گرکانی مەزنی (ڤیزۆفیۆس) لە ساڵی 79 ی میلادی و (کراکاتوا) لە 1883و (سانتا ماریا) لە 1902 ئەوا سەرەڕای فڕەدانی بڕێکی یەگجار زۆر مەزنی دووکەڵ و تۆزوخۆڵی گرکانی بۆ نێو بەرگەهەوادا، ئەوا تاریکایی گشتگیریان بەسەر هەسارەی زەویاندا نەهێناوە.

لە کۆتاییداو لە هەموشی سەیرتر لەو پڕوپاگندەیەدا،ئاماژە کردنییەتی بە ناوچەی (پەڵەی ڕەشی ڕووی خۆر بە ناوی AR2192) کە گوایە ئەو چالاکییەی خۆر دەبێتە سەرچاوەی ڕووداوی ئەو تاریکداهاتنە لە سەر زەوییدا، لە کاتێکدا پەڵەی ڕەشی AR2192 لە مانگی تشرینی یەکەمی 2014دا دەرکەوتبوو و دوای هەفتەیەک لەسەر ڕووی خۆردا نەما بێ ئەوەی ئەوکاتە هیچ کێشەیەک بۆ هەسارەی زەویدا بنێتەوە!!! کەواتە مێژووی ئەو پڕوپاگندەیە لە بنەڕەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2014، بەڵام خۆ ئێمە ئێستا لە ساڵی 2019ین!

بەهەر حاڵ، دەرکەوتنی پەڵەی ڕەشی خۆر (Sunspots) ئەگەرچی تا ئێستا هۆکارەکەی نەزانراوە بەڵام ئەگەر دەریش بکەوێت ئەوا هەرگیزاو هەرگیز پەیوەندی بە تاریکبوون و ڕووناکبوونەوەی زەوی نییەو ناشبێت، بەڵکو لە هەندێ حاڵەتی دەگمەنداً، دەبێتە هۆی نانەوەی ژاوەژاوە (تەشویش) و گرفت بۆ مانگە دەستکردەکان و هەندێ لایەنی بواڕەکانی پەیوەندییە بێ تەلییەکان، وە لە هەندێ جۆرە تەقینەوەی خۆر کە بە (تەقینەوەی دەرچەی مەزنی خەرمانەیی - Cor-onal Mass Ejection) ناسراوەو یەگجار زۆریش دەگمەنە، بەڵام یەگجار زۆر بەهێزەو لەمێژووی کۆنی زەویدا ڕوویداوە، پێش ئەوەی نەخشە ئەلیکترۆنییەکان و ئامێرە پێشکەوتووەکان دابهێنرێن، بەڵام هەرگیز نەبووە هۆی (تاریکداهاتنی گشتگیری زەوی)، چونکە تاریکداهاتن مانای نامانی سەرچاوەی سەرەکیی ڕووناکییە، وە ئەو چالاکییەی خۆر هیچ پەیوەندی بە تەنۆچکەکانی ڕووناکییەوە نییە کە بە (فۆتۆن) دەکان ناسراون، بەڵکو بریتین لە (تەنۆچکەی بارگاوی) بەهێزو ناسراوە بە (بای خۆر) کە بە هەزاران تریلیۆن تەن لەگەڵ ئەو تەقینەوە مەزنانەی خۆرەوە دەردەچن و دوای 48کاتژمێر لە دەرچوونیان لە خۆرەوە دەگەنە نزیک زەوی وسەرەتا بە بەر قەڵغانی ناسراو بە (بەرگی موگناتیسی) دەکەون و کارلێک دەکەن و دیاردەی ناسراو بە (شەفەقی پۆلاریی - AURORA) ی لێ دەکەوێتەوە، وە ئەگەر هاتوو ئەو تەقینەوە مەزنەی خۆر یەگجار زۆر بەهێز بێت، ئەوا خوانەخواستە بەرگی موگناتیسی زەویش دەبڕێت و ئەوکاتە دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر تەواوی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، هەر لە مانگە دەستکردەکانەوە تا دەگاتە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەر هەسارەی زەوی و تا دەگاتە تەنانەت کاتژمێر بچووکی دەست، کە یان ئەوەتە دووچاری زیانێ زۆر گەورە دەکەون یانیش پەکیان دەکەوێ.

ئالێرەدا، دەگەینە سنووری (هەواڵە زانستییە ڕاست و سەرەکییەکە کە شێویندراوە!)، ئەوەتا، پسپۆڕان هیچ بە دووری نازانن کەوا لە دەرەنجامی تەقینەوەیەکی ئاوا یەگجار زۆر بەهێزی خۆردا، تەواو یان بەشێکی یەگجار زۆری وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا پەک بخرێن، وەک چۆن یەکێ لەو تەقینەوانە - کە بێگومان وەک ئەوەی پسپۆڕان لێی دەترسن مەزن و بەهێز نەبووە - لە ساڵی 1992 بووە هۆی پەکخستنی وێستگەیەکی کارەبایی لە ناوچەی (کیبیک) لە (کەنەدا)، جا ئەوکاتە جیهان (لەشەو) دا نقوومی (تاریکی) دەبێت نەوەک لە ڕۆژدا!.

لە چلەی وەرزشوانە خۆشەویستەکەی هەمووانداڕێبەر چەتۆ وەرزشوانێکی ڕۆشنبیر و هەژار دۆست 40 ڕۆژ لەمەوبەر مالئاوایی لێکردین



ڕاپۆرت: بەرهەم شێخ عزەدین

جوانەمەرگ (ڕێبەر چەتۆ مەولود) سیان ،لە دایکبوی 1988-12-22لە گەڕەکی ئازادی هەولێر،قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەی و کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدینی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی 2005پەیوەندی کرد بە تیپی لاوانی هەولێر، دە ستی بەیاری تۆپی پێ کرد، دواتر یاری بۆ یانەکانی(هەولێر ، پێشکەوتن ، بروسک ، ئالا ، برایە تی، پێشمەرگەی هەولێر) کردووە ،لەگەڵ ئەو یانانە چەندین دەسکەوتی بەدەست هێناوە وەک: (پاڵەوانی خولی لاوانی نایابی کوردستان ساڵی 2005لەگەڵ هەولێر، دوو جار بۆتە پاڵەوانی خولی پلە یەکی کوردستان لە گەڵ یانەی ئالا و برایە تی، جارێکیش پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی کوردستان،جارێکیش پلەی دووەم لە گەڵ هەمان یانە، تاوە کو ساڵی 2016کۆتایی بە کاروانی وەرزشی هێنا.وە لە ساڵی 2013ژیانی هاوسە رگیری پێکهێناوە خاوەنی دوو منداڵە بەناوە کانی (میلان، راسا) لەڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کار و چالاکی ئەنجام داوە لە قۆناغی ئامادەیی و کۆلێژ و لە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کار و چالاکی زۆری ئەنجام داوە ،لە ساڵی 2016لە دە زگای خێرخوازی بارزانی نەمر ،بۆ کاری مرۆیی و خێرخوازی دڕێژەی بە کار و چالاکییەکانی داوە بە ردە وام بوە لە یارمەتیدانی ئاوارە کان لە کەمپە کانی دیبەگەو هەرشەم و بەحرکە،ئەم وەرزشوانە ڕوح سووکە خۆشەویستە ژیانی پڕبوو لەجموو جوڵ و چالاکی، تا لە ئێوارەی 8-20 -2019تووشی ڕووداوی سوتان دەبێت ، دوای مانەوەی ٩ ڕۆژ لە نەخۆشخانە لە ئێوارە ی 29-8-2019فریشتەی مەرگ یەخەی پێگرت و کۆتایی بەژیانی هات. خەبات لەچلەی ئەم لاوە وەرزشوانە ڕوح سوکە بۆچوونی ڕاهێنەران وکەسوکاری وەرگرتووە و بەم جۆرە ئاشنامان دەکەن بەکەسایەتی ئەو لاوە:







بەدرەدین نەجمەدین: ڕێبەر هەمیشە دەیگوت دڵ و دەروونم ئارام دەبێت کاتێک خزمەتی هەژاران دەکەم

مرۆڤ دۆست و هه ژار دۆست

چەتۆ مەولود سیان باوکی جوانەمەرگ بەم جۆرە بۆمان دوا:جوانەمەرگ کورێکی مرۆڤ دۆست و هەژاردۆست، وە لاوێکی نیشتمان پەروەر و کورد پەروەری پاک و دڵسۆز نەرم و نیان یەکێک بوو لە قوتابیانی دەرچووی قوتابخانەی بارزانی .ناتوانم لەسەری بدوێم چونکە ئەو بەس کوڕی ئێمە نەبووئەوەندەی بۆخاک و گەلەکەی ژیاوە ئەوەندە بۆئێمە نەبووە،لەپرسەکەشی ئەوەمان بۆ دەرکەوت کەچەند خۆشەویست بوو لای خەڵک بەگشتی.

ڕێبەر زۆر ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بوو ڕاهێنەری تۆپی پێ سەمیر بابۆ وەکو ڕاهێنەر لەڕێبەرە وە نزیک بووە بەم جۆرە لەسەر کۆچکردوو بۆ خەبات دوا: ڕێبەر لەڕووی پابەندبوون بەو ڕێنماییانەی وەکو

سەمیر بابۆ: ڕێبەر یەکێک بوو لەو یاریزانانەی خۆی دەکردە قوربانی تیپەکەی

ڕاهێنەر پێم دەدا زۆر گوێڕایەڵ بوو زۆر زوو وەری دەگرت،هەروەها ڕێبەر زۆر ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بوو، بۆیەحەزم دەکرد لەجیاتی ڕێبەر 10ڕێبەرمان هەبووایە ، لەڕووی ئەدای یاری بە کردنی ڕێبەر یاریزانێکی زۆر خێرابوو کەم یاریزان ڕادەگیرا. ڕێبەر کورێکی بەوەفا بوو هاوڕێکانی خۆی خۆش دەویست هیچ کات پشتی تێنەدەکردن بۆیە زۆر خۆشەویست بوو لای یاریزانەکان و جەماوەری وەرزشی، لەدووماهیدا کاپتن سەمیر گوتی: ڕێبەر یاریزانێکی خۆنەویست بوو ،لەکاتی شکست زۆر دڵتەنگ دەبوو ،یەکێک بوو لەویاریزانانەی خۆی دەکرد بەقوربانی تیپەکەی کەئەو یاریزانانەش زۆر دەگمەنن.

هەرچی خەسڵەتێکی باش هەبووە لە ناوبراودا هەبووە

پاشان بەدرەدین نەجمەدین بەڕێوەبەری کەمپی بەحرکە - دەزگای خێرخوازیی بارزانی کەسەرپەرشتیاری ڕێبەرچەتۆی جوانەمەرگ بوو گوتی: من وەک بەڕێوەبەری کەمپ زۆر پێم باشبووە کە کار لەگەڵ ئێمەدا بکات و ببێتە کارمەندی کەمپی ئێمە چونکە دەمزانی هەموو سیفات و هەرچی خەسڵەتێکی باش هەبووە لە ناوبراودا هەبووە. لەوکاتەی لە گەل ئێمە دەست بەکاربووە خزمەتێکی گەورەی کردووە و خەڵکی کەمپ هەموویان خۆشیان ویستووە و کارەکانی شاهیدی ئەم ڕاستییەن، بۆیە کۆچکردنی ئەو خەمێکی گەورەی لە دڵ و ناخمان جێهێشت و هەمیشە بە نەمری لە دڵماندا دەمێنێتەوە. هەر لێرەوە منیش ئامادەم بەشێک لە مووچەی خۆم لە ڕێگای دەزگاوە مانگانە تەرخان بکەم بۆ منداڵەکانی، بەدرەدین زیاتر دواو گوتی: ئەوەی جێگای سوپاس و پێزانین و دڵخۆشی ئێمەیە کە دەزگای خێرخوازی بارزانی کەفالەتی منداڵەکانی دەکات و موچەی مانگانەیان بۆ دابین دەکات کاتێک کارمەندبوو لە یەکێک لە کەمپەکانی تر ، یەکێک بوو لە باشترین کارمەندانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی چونکە زۆر دڵسۆز و خەمخۆری کاری خۆی بووە و جێگای تێڕامانی هەموو لایەک بووە، لە هەمانکاتدا کەسێکی زیرەک و ماندوونەناس بووە لە کارەکەی خۆیدا و زۆر پابەند بووە بە ڕێنمایەکانی کارەکەی. زۆر بە دڵسۆزی و دەست پاکییەوە خزمەتی هەژاران و ئاوارەکانی کردووە بە بێ جیاوازی. دادپەروەرانە کارەکانی ڕاپەراندووە لە هەموو لایەکەوە ، لەڕاستیدا جێگای شانازی بووە بۆ ئێمە و دەزگای خێرخوازیی بارزانی.

کەسێکی سادە

جوانەمەرگ لە لای هەموو ئەوانەی کە لە نزیکەوە دەیانناسی، کەسێکی سادە و خوشەویست بوو .

ڕێزی لە هەموو کەسێک دەگرت لەڕووی کارکردن و هەماهنگییەوە زۆر میهرەبان و دڵ ناسک و هەستیار بوو.

هەست و سۆزی بەرامبەر هەژاران و بێ باوکان زۆر خەمخۆر و دڵ ناسک بوو و هەمیشە لەگەڵیان زۆر نەرمونیان بوو.

دڵخۆش دەبوو کاتێک هاوکاری بنەماڵەی هەژار و هەتیوانی دەکرد زۆر دڵخۆش دەبوو و هەمیشە دەیگوت: ئاسوودەم و دڵ و دەروونم ئارام دەبێت کاتێک خزمەتی بێ باوک و هەژاران دەکەم.

دی یۆنگ: مێسی باشترین یاریزانی جیهانە



فرینکی دی یۆنگ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنە، پێی وایە، لیونێل مێسی، باشترین یاریزانە لە جیهاندا، دانیشی بەوەنا، مێسی، لە هاونیشتمانەکەی ڤێرجیل ڤان دایک، زیاتر شایستەی وەرگرتنی خەڵاتی باڵۆن دۆرە. دی یۆنگ لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (لا ڤازیتا دیلۆ سپۆرت)ی ئیتاڵی وتی:"مێسی لەلای من باشترینە، ئەو بەردەوام باشترین بووە. ڤان دایک، وەرزێکی نایابی پێشکەش کرد، ئەو یاریزانێکی ناوازە و کەسێکی ناوازەشە، بەڵام سەبارەت بە خۆم، مێسی لووتکەیە، بەردەوام بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆر دەست نیشانی دەکەم". دی یۆنگ، ڕوونیشی کردەوە:"لە بەرشلۆنە هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، هیوام دەخواست، ماتیاس دی لیختیش، بێتە ڕیزەکانی بلاوگرانا". جەختیشی کردەوە:"ئەو بڕیاری خۆی دا و چووە یۆڤانتس، وابزانم کارێکی باشی کرد، چونکە یۆڤی یەکێ لە یانە گەورەکانی ئەوروپایە". دی یۆنگ، سەرسامی خۆی بە یاریزانی لاو ئەنسۆ فاتی (16ساڵان) دەربڕی، کە تاکو ئێستا دوو گۆڵی لە خولی ئیسپانیادا تۆمار کردووە و وتی:"پێشتر نەمدەناسی، بەڵام یاریزانێکی نا ئاساییە، تازە تەمەنی 16ساڵانە و لە تیپی یەکەمی بەرشلۆنە یاری دەکات، ئەو زۆر بەهرەمەندە، بەڵام ئەو شتەی زیاتر سەرسامی کردم، پیشەگەریی بوونەکەیەتی. کەمن لە تەمەنی ئەودا بووم، یاریزانێکی ئاسایی بووم، بەڵام ئەو یاریزانێکی تەواو پیشەگەرە".

ڕەمزی میرەکانی

یۆڤی شوێنگرەوەی ڕۆنالدۆ دیاری دەکات



یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی بەنیازە بەدوای هێرشبەرێکدا بگەڕێت و بۆ ئەمەش یەک لە ئەستێرەکانی خولی ئینگلیزی کردۆتە ئامانج کە لە بازاری گواستنەوەی هاوینەی میرکاتۆ بە خزمەتەکانی بگات.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی یانەی یۆڤینتۆس چاوی بڕیوەتە هاری کەینی کاپتنی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بۆ ئەوەی لەهێڵی هێرشبردندا دڵنیابێت، بەتایبەتیش کاتێک هەریەک لە ڕۆنالدۆ و گۆنزالیس دەکەونە ناو تەمەنەوە و لەولاشەوە ماندزۆکیچ وادەکەی نزیک بۆتەوە لە جێهێشتنی یانەکە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 6. Oct. 2019 No: (5842)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر




یەکێتی نووسەرانی کورد/لقی هەولێر رۆژی دووشەمە 2019/10/7 لەکاتژمێری 2- 5ی ئێوارە لەمزگەوتی جەلیل خەیات لەهەولێر پرسەی د.عزەدین مستەفا ڕەسول بەڕێوەدەبات.

لە سلێمانی بەر لە کۆچی دوایی، «خەبات» ڕێزی لە د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ نا

خەبات: ساسان دەرویش

بە داخەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە 3ی ئۆکتۆبەری 2019 پڕۆفیسێر عیزەدین مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە ئەدیب و نووسەری ناوداری کورد، لە تەمەنی 85ساڵییدا لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد، کە خاوەنی زیاتر لە 85 پەرتووکی چاپکراوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی. ڕۆژنامەی خەبات هەمیشە پێشەنگ بووە لە ڕێزلێنان و بەسەرکردنەوەی خاوەن قەڵەمەکانی کورد کە خزمەتیان بەفەرهەنگ و کلتووری کورد کردوە و نووسینەکانیان بوونەتە ناوێتەیی هۆشیاری نەتەوەیی، بەر لە نەخۆشکەوتنی ئەم نووسەرەی کورد، سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات لە ساڵوەگەڕی بەناشکرا دەرچوونی ڕۆژنامەی خەباتدا لە بەروارى 4/4/2016دا ، پۆلێک ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی بە ئەزموونی خەڵات کرد ، لەو نێوەندەشدا یەکێک لەو بەڕێزانە د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بوو ، کە لەلایەن نێردراوی مامۆستا سەلام عەبدوڵلا و ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەنووس زانیار سەردارقڕگەیی، لە شاری سلێمانی و لەماڵی خۆیدا ڕێزلێنانەکەی پێشکەش بە د.عیزەدین کردو لە بەرامبەریشدا پڕۆفیسێر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ سوپاسی سەرنووسەر و تەواوی ستافی ڕۆژنامەی خەباتی کرد و بەخۆشحاڵیەوە قبوڵی کرد و هیوایی بەردەوامی بۆ ڕۆژنامەی خەبات خواست وەک ڕۆژنامەیەکی بەتەمەن وپڕ ئەزموون.






وەرزی پایز.. خۆتان لەنەخۆشی بپارێزن

فۆتۆ: ناسیح عەدلی خەیات

یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت



ئەو وڵاتە عەرەبیانەی، کە سیستەمی فەرمانڕەواییان، تایەفی یان ئاینی یە، تژین لەحاڵەتی سەیر و سەمەرە کە هەندێک جار سەربەقۆڕ بە پێکەنین دێنن، هەر بۆ نموونە: عەرەبستانی سعوودییە، کە گوایە دەستی بە گۆڕانکاری و کرانەوە کردووە، وا خەریکە دەرگای گەشتیاری دەخاتە سەرپشت، بەڵام 19مەرجی بۆ گەشتیاران داناوە، دووانیان زۆر عەجایبن، نابێت گەشتیار کراسی قۆڵ کورت و دەرپێ قوتە لەبەر بکات، یان دەنگی موزیکی مۆبێلەکەی بەرزبکاتەوە.

لەو عێراقە نەگبەتەشدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لێدوان و دیاردەی سەیر دەبینین، تۆ دیقەت بدە عێراقێک مەڵبەندی شارستانیەت بێت بەڵام تا ئێستا ئەو حیزبانەی کە حاڵی حازر حوکمی دەکەن، ڕێکنەکەوتوون تا کەسێک بۆ پۆستی وەزیری پەروەردە دیاری بکەن، ماقوولە شارێکی دێرینی وەک بەغدا، پیاوێکی پەروەردەکاری تێدانەبێت.

لە هەمووی سەیرتریش، ئەو ڕۆژە گوێم لە ـ حەسەن نەسروڵلا ـ بوو دەیگوت:

هەر شوێنێک ئێمە حوکمی تێدابکەین، ئاشتی و دێموکراسیەت تیایدا بەرقەرارە.

وەرزی پایز.. خۆتان لەنەخۆشی بپارێزن

فۆتۆ: ناسیح عەدلی خەیات

بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان فێستیڤاڵی ئۆپەرێتی پەروەردەی پارێزگاکانی هەرێم بەڕێوەچوو



کارزان کانەبی

بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی هونەری لە ناوەندەکانی خوێندن و بەرەووپێشبردنی زیاتری ئەم بابەتە لە کەرتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چالاکی وەرزش و هونەر لە ژێرناونیشانی "خۆشەویستی نیشتمان" فێستیڤاڵی ئۆپەرێتی پەروەردەی پارێزگاکانی هەرێم لە شاری هەولێر لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان لە ژێرچاودێری دکتۆر ئالان حمەسەعید وەزیری پەروەردە ئەنجامدرا، کە هەریەک لە پەروەردەی پارێزگاکانی (هەولێرو دهۆک و سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان) تێدابەشداربوون، دەستپێکی کردنەوە مەراسیمی فێستیڤاڵەکەش وەزیری پەروەردە ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکیانەی بەرزنرخاند لە ناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن کە بۆ یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستان فێستیڤاڵی ئۆپەرێتی بۆ ئاستی پەروەردەی پارێزگاکان بەرێوەدەچێت و پشتگیری خۆشی بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکیانە دووپات کردەوە، گوتیشی" ئەم جۆرە چالاکیانە گرنگی خۆی هەیە لەسەر ئاستی تاک بەگشتی،دواتریش کردنەوەی فیستیڤاڵەکە گروپی بالێی سلێمانی چالاکی هونەری، چالاکییەکی هونەری جوانیان نمایش کرد، تیپی شانۆی پەروەردەی پارێزگای هەولێریش نمایشێکی سەرنج راکێشایان ئەنجامدا، بڕیارێشە لە ڕۆژانی داهاتوو هەریەک لە چالاکی هونەری قوتابخانەکانی رانیە ئۆپەرێتی نیشتمانی ڕەنگ و چالاکی هونەری دهۆکیش ئۆپەرێتا نیشتمان و چالاکی هونەری پەروەردەی گەرمیانیش بەرهەمەکانی گۆرانی کوردستان و گۆرانی ژینگە پێشکەش بکەن، چالاکی هونەری پەروەردەی هەڵەبجەش کە دواین ئۆپەرێتە لە ژێرناونیشانی تا ئەبەد چاوەڕوانی پێشکەش دەکات،جێگای ئاماژە پێکردنە بەرێوەبەرایەتی چالاکی هونەری ماوەیەکی زۆرە کار بۆ ئەم ئۆپەرێتە دەکەن کە یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستان بەرێوەدەچێت.بڕیارێشە ئەم چالاکییە ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بێت.

موسی موستەفا: هەڤاڵێت کورد نموونەنە ب وەفانە و خۆدانێت دلێ پاکن

خەبات: بەفرین عوسمان

موسی مستەفا هونەرمەندەکێ بنیات سۆرپە و خۆدان ڕەگەزنامە سۆێدیە ل 1-01-1978 ژ دایک بییە هەولددەت هونەرەکی ئیسلامی پێشکەش بکات.ئیکەم پێنگاڤا وی یێ هونەری ل سالا 1987 کو ئیکەم بەژداری وی د مهرەجانەک بو(الجامعە الاردنیە.) ل عومان پێشکەش کریشتی هەنگی دگەلەک مهرجانا بەژدار بوو وەکی (مدارس الاقصی و مناصرە الشعب الفلسگینی) وبەژداری دمهرەجانا جەماوەریاجەزائیری کر ئەڤە دەنگڤەدانەکا مەزن بوو وی چێکر دجیهانێ داو دهمی دەولەتێت عەرەبی سەردانا گەلەک دەولەتێت ئەورووپی و ئەمریکا کرییە .وهندەک دەولەتێت ئەفریقی . کەنگی تە دەست بکارێ ستران گوتنێ کر ژیێ من نێزیکی 10سالا بو ئەو ژی سالا 1988زاینی.



وەکی دبینێن موسا پتر گرنگیێ دەدتە ب ستراتیژا زارۆکان،چ وڵ تە کر؟

بەروڤاژی ئەز گرنگی بستراتیژا مەزنا دەدم ژ دەستپێکا من یا هونەری و من گەلەک ستران هەنە گرنگی بهەمی لایەنێ ژیانێ دەدت.

ئەوێ گرنگی بمەزن و گەنجا دەدت؟

بەلێ دەمێ من دیتی کو درفەتەک هەیبە بوو پێشکێش کرنا ستراتیژا زاروکا و دشێم نامەک دەربارەی ڕەوشت وئاستێ بەرزێ تێگەهشتنێ دەف زاروکا بلند کەم من ج هزر دهندێ نەکر ئێکسەر من دەسپێکر و من پێشوازیەکا مەزن زاروکا بو هندێ دیت و ئەڤ بەشێ جڤاکێ ئەم شێن گەلەک گوهرانکاریا لێبکەین دا کو جڤاک بەرف پێش بچیت.

دهمی دەمادا مە گۆڵن یە تز پەیڤا ئارستەی زارۆکا دکەی ئەڤجا دڤێ جارێ دا تە دڤێت چ پەیف ئارستەی مەزنان بکەی؟

بو مەزنا ئەم پەیامێت پێکڤەژیان رازیبون ئێکو دوو و هیڤی پێشکەش دکەین ڤێت ئەم ببینە ئەگەر جڤاکی بو باشتر دا کو جفاکەکی سەرکەفتیانە دروست کەین.

وەکی مە زانی ژلی کارێ ستران گۆتنێ موسا کارێن خێرخوازی ئەنجام داینە،تاقیکرنا تە دگەل ڕێکخراوێ چاوا بو؟ بکۆرتی؟

ڕێکخراوێین خێرخوازی دەرگەهێ خۆشی و شادییە بێ سنورن ودەرگەهێ خێر و باشیێ یبە د دەمەکێ تاریاتیێ من زوور هەست ب خۆشی کر دەمێ شیام بڕێکا ڤان ڕێکخراوا زاروکێن بێ سەمیان و پێتڤی وشیام خوشی وهیڤی بکەمە دلێ وان ئەز هەست کەم ئەز کوپیتکا خوشی مە چونکی ئەز شیام بەژدار بم دڤان ڕێکخراوا.

تز چەوا جەماوەرێ خۆێن کۆرد دبینی؟

جەماوەرێ کوردستان جەماوەرەکێ مەزنە من زانی ئەڤ جەماوەرە گەل منە لهەمی جها برێکا توریت جفاکی.

وەکی مە گوهد لێ بووی،نێزیکترین هەڤاڵێت تەخەڵکێن کۆردستانێ نە،تە چەوا نیاسین؟

من گەلەک هەڤاڵێت کورد هەنە ئەوێن من نیاسی ددەمێ گەشتیت من دجیهانێدا،برێکا سوشیال میدیا ژی؟ ئەو نمونەنە بوەفانە خودانێن دلێ پاک و خاوێنن.

کەنگی بزانە ئەڤ هزرە چێبو کۆ سەرەدانا کۆردستانێ بکەی؟و چ ئەگەر بوون تز بەرڤ ڤێ هزرێ پالدای؟

ئەڤ هزرە راستی یا کەڤنە بەلێ ئەم هیڤیا دەمەکێ گونجای بوین، بەلێ نوکە برێکا ڕێکخراوا(رحمە بلا حدود) ئەم شیاین ئاهنگەک لکوردستانێ ڕێک بخێین.

دێ ت شتەکێ تایبەت ب کوردستانێ ڤە هەبیت یان ب زمانێ کۆردی؟

ئەز بەهەمی شیانێ خو هەولددەم کارەکێ تایبەت بو کوردستانێ پێشکێش بکەم من پەیوەندی بهەندەک هونەرمەندێت کوردستانێ کرییە داکو کارەکێ هەڤپشک پێشکەش بکەین وهیڤیا مە جها برێکا توریت جفاکی.

ئەوە مە گوهد لێ بووی،نێزیکترین هەڤاڵێت

هەواوی دوو لە کارمەندەکانی سزادا بەهۆی تویتکردن بە ئایفۆن

لە دوایین ڕۆژی ساڵی ڕابردوو هەژماری کۆمپانیای هواوی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بەبۆنەی ساڵی نوێی 2019 تویتێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە، بەڵام سەیرەکە ئەوە بوو ئەو تووێتە بە مۆبایلی ئایفۆن کرابوو هەر بۆیە کۆمپانیای هواوی بڕیارێکی قورسی دا سەبارەت بەو تویتە کە بە مۆبایلی ئایفۆن بڵاوکرابۆوە.لە ماوەی پێشوو وێبسایتی Bloomberg ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە ڕایگەیاند کە کۆمپانیای هواوی دوو لە کارمەندەکانی خۆی غەرامەکردووە بەهۆی ئەوەی تویتیان کردووە بە مۆبایلی ئایفۆن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر کە ڕۆژێک پێش ساڵی نوێی 2019 بووە، هەروەها ناوبراو ڕایگەیاندووە هواوی ئەو دووکارمەندەی غەرامەکردووە بەبڕی 5.000 یوانی چینی کە دەکاتە (730$) وە کەمکردنەوەی مووچەی مانگانەیان کە یەکێک لەو کارمەندانە سەرۆکی بەشی کارگێڕی مارکێتینگە.هەوەها وێبسایتی Bloomberg ئەوەشی بڵاوکردووتەوە کە هواوی هەردوو کارمەندەکەی خۆی بێبەش کرد لە بەرزکردنەوەی پلەکانیان تا کۆتایی ئەمساڵ، و هۆشداری دایە تەواوی کارمەدان لە دووبارە کردنەوەی ئەو جۆرە هەڵانە گوتی هەڵەی وانەکەن بۆ ئەوەی بڕیاری واتان لە دژتان نەدرێت.